رێبەری فێرکار

گەنجان پشتیوانی

مافی مرۆڤن

© 2005, 2009 Youth for Human Rights International,
Shuttleworth Leadership Society International, TXL Films.

هەموو مافەکانی پارێزراون. فێرخوازە سەربەخۆکان مۆڵەتیان هەیە مەلزەمەی وانەکان
تەنها و تەنها بۆ مەبەستی وتنەوەی وانەکانی ئێرە کۆپی بکەن. دەتوانیت بە ئاگادارکردنەوەی .Youth for
Human Rights International مۆڵەتی تر بەدەستبێنیت.

لۆگۆی The Youth For Human Rights International خاوەندارییەکەی بۆ The Youth For Human Rights International دەگەڕێتەوە.
لۆگۆی UNITED خاوەندارییەکەی بۆ TXL Films دەگەڕێتەوە و بە مۆڵەتی ئەوان بەکارهێنراوە.

ئەوپەڕی پێزانین بۆ TXL Films لەبەرئەوەی مۆڵەتیان داین هەندێک لە کارەکانیان بەرهەمبهێنینەوە.
ئەوپەڕی پێزانین بۆ Shuttleworth Leadership Society International. بۆ لێکۆڵینەوە و
گەشەپێدان و سەرپەرشتیکردنی ڕێبەری فێرکاری Youth for Human Rights.

لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چاپکراوە

رێبەری فێرکاری
Youth for Human Rights

نوسین و پەرەپێدان:

Youth for Human Rights International

Mary Shuttleworth, Ed.D.

Michele Kirkland

خشتەی ناوەرۆک

پێشەکی ١

پیاچوونەوەیەکی گشتی دەربارەی مافی مرۆڤ
دەربارەی مافی مرۆڤ ٥

بەراییەکان
ئامانجی فێرکردن ١٣

پێش دەستپێکردن ١٥

چالاکیەکانی بەهێزکردنی یەکگرتن
چالاکیەکانی بەهێزکردنی یەکگرتن ٢١

گۆرانیی یەکگرتن فێربە ٢٢

فڕۆکەی کاغەزی یەکگرتن دروست بکە ٢٤

وتەکانی مافی مرۆڤ ٣٣

بەڵێنی یەکگرتن ٣٥

پلانی وانە
مافی مرۆڤ چیە؟ ٣٩

وانەی یەک
چیرۆکی مافی مرۆڤ ٤٣

وانەی دوو
ناساندنی مافی مرۆڤ ٤٧

وانەی سێ
مافی مرۆڤ بەندی ١ ..... ٥٥

وانەی چوار
مافی مرۆڤ بەندی ٢-٥ ..... ٦٥

وانەی پێنج
مافی مرۆڤ ٦-١١ ..... ٧٧

وانەی شەش
مافی مرۆڤ بەندی ١٢- ١٨ ..... ٨٦

وانەی حەوت
مافی مرۆڤ بەندی ١٩-٢٥ ..... ٩٢

وانەی هەشت
مافی مرۆڤ بەندی ٢٦-٣٠ ..... ١٠٢

وانەی نۆ
پرۆژەی داهێنەرانەی مافی مرۆڤ ١٠٩

وانەی دە
پێشانگای مافی مرۆڤ ١١٤

وانەی یازدە
بەرنامەی سەرکەوتووی مافی مرۆڤ ١١٨

بە هەندێک لە مرۆڤدۆستەکان ئاشنابە
محەمەد یونس ١٢٥

روبی بریجز ١٢٧

ئۆسکار ئاریاز سانچێز ١٣٠

مەهاتما گاندی ١٣٣

رالّف بەنچ ١٣٥

ئەو شتانەی هەموومان دەتوانین بیانکەین بۆ چەسپاندنی مافی مرۆڤ
ئەو شتانەی هەموومان دەتوانین بیانکەین بۆ چەسپاندنی مافی مرۆڤ ١٤١

سەرکەوتن
سەرکەوتن ١٤٥

فەرهەنگۆکی زاراوەکان
فەرهەنگۆکی زاراوەکان ١٤٩

پاشکۆ
پەیوەندیی نێوان بنەماکانی مۆدێلی پەروەردە ١٦١

پرۆتۆکۆڵی هەڵسەنگاندن ١٦٦

ئاماری هەڵسەنگاندن ١٦٧

هەڵسەنگاندنی بیرکردنەوەی سەربەخۆ ١٦٨

کێشە/ چارەسەر ١٦٩

هەڵسەنگاندن بە پێوەری قوتابیان ١٧٠

هەڵسەنگاندنی زانیاریی کۆن ١٧١

جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ ١٧٢

زانیاری دەربارەی ناوەرۆک ١٧٣

به هاوەڵی ڤیدیۆکانی هاوکاری فێرکردن و نامیلکەکان

دی ڤی دی



چیرۆکی مافی مرۆڤ: فیلمێکی پەروەردەییە کە مافی مرۆڤ دەناسێنێت بە هەموو کەسێک. ئەم فیلمە بەهێزە لە ڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆکی مێژوویی مافی مرۆڤ و دەرکەوتنی لە رۆژگارەکانی سەرەتاوە تا ئێستا، مافی مرۆڤمان پێدەناسێنێت. ماوەکەی: ٩.٥ خولەک

٣٠ ماف ٣٠ ڕیکلام: چیرۆکی وێنەیی سی چرکەیی و یەک خولەکی کە ٣٠ بەندەکەی جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان دەخاتەڕوو. تەواوی ماوەکەی: ٢٨ خولەک

ڤیدیۆی گۆرانی یەکگرتن: ئەم گۆرانیە خەڵاتی بەدەستهێناوە و کەرەستەیەکی وێنەیی بنچینەیی ئەم نامیلکەیە. ماوەکەی: ٥ خولەک

نامیلکەکان:



مافی مرۆڤ چیە؟: ئەم نامیلکە تایبەتە بە گەنجان و جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ بە تەواوەتی تیایدا ڕوونکراوەتەوە. چەندین ڕاستی مێژوویی تێدایە کە هۆکاری لەدایکبوونی جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانن.

پۆستەرەکان:

پۆستەر: ئەم ٣٠ پۆستەرە، هەریەکەیان بۆ بەندێک لە بەندەکانی مافی مرۆڤە، بۆ بەستنەوەی وانەکانە پێکەوە. پێویستە لەناو پۆلەکان و شوێنە گشتیەکانی قوتابخانە هەڵبواسرێن تا پەیامی وانەکان بەهێز بکەن.



بابەتە چاپکراوەکان کە دادەبەزێنرێن:

دەتوانیت کۆپیی ئامادەی لە چاپدان دابەزێنیت بۆ بابەتانەی لە ڕێبەری فێرخوازدا هەن و پێویستن لە کۆرسەکەدا زیاد لە جارێک لەلایەن قوتابیانەوە بەکاربهێنرێن. بەستەری دابەزاندن: **youthforhumanrights org/downloads**

*Youth for Human Rights یان Youth for Human Rights International یان YHRI لە سەرجەم کەرەستەکاندا واتە "گەنجان پشتیوانی مافی مرۆڤن".

پێشەکی

ئامانجی ئەم ناميلكەيە رێگە خۆشكردنە بۆ دروستبوونی جيهانێک كە خەڵک بە رێز و بايەخەوە مامەڵە لەگەڵ يەكتر بكەن؛ كە تاكەكان و كۆمەڵەكان و نەتەوەكان بەدوای چارەسەری ئاشتيانەدا بگەڕێن؛ كە هەموو ژن و پياو و منداڵێک لە ژێر سايەی مافەكانی خۆياندا بحەوێنەوە.

لەوانەيە بۆ هەندێک كەس ئەمە زۆر لە خەون بچێت، بەڵام تەماشای ئەم وتەی هەڵگری خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی، ئۆسكار ئاريس سانچێز بكە: "تێبگە كە تێكۆشان بۆ خەون، سەرەتای هێنانەدی ئەو خەونەيە."

رێڕەوی گەيشتن بە ئەم ئامانجە پەروەردەيە. ئەم ناميلكە بابەتی پەروەردەيی لەخۆدەگرێت لەگەڵ پلانی وانەی تاقيكراوە بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشياری و يارمەتيدانی گەنجان لە هەستكردن بە گرنگی مافی مرۆڤ لە ژيانی رۆژانەيان. ئەم ناميلكە، كە يارمەتيی وێنە و ڤيدیۆيی لەگەڵدايە، بە شێوەيەک ريزكراوە وانەی مافی مرۆڤ بۆ هەر مامۆستايەک يان سەرۆک تيمێک بە شێوەيەک ئاسان دەكات كە بتوانێت بەشێوەيەكی گونجاو بە قوتابيەكانی بڵێتەوە.

زاراوە نوێيەكان كە لە پۆلدا رووبەڕوت دەبنەوە بە وردی پێناسە كراون. هەموو پێناسەكان بەشێوەيەكی ساكار كراون تا مامۆستا بتوانێت بە رێكوپێكی قوتابيەكان تێبگەيەنێت.

هەرچەندە ئەم بابەتانە بەشێوەيەكی سەرەكی ئاڕاستەی مامۆستايان كراون، بەڵام بەشێوەيەكی يەكسان بۆ هەر سەرۆک تيمێک - چی ئاينی يان علمانی- هەروەها دايک و باوكان، كارمەندان يان راهێنەرانی گەشەپێدانی مرۆيی بەسوودن. بۆ هەر كەسێک گونجاوە كە دڵسۆز بێت و بيەوێت تێگەيشتنی خەڵک بەرزبكاتەوە دەربارەی مافی مرۆڤ.

با دەستپێبكەين!

دەربارەی مافی مرۆڤ
دیمانەیەکی خێرا بۆ ماموّستا

مەبەست لەم کورتەیە ئەوە نیە ببێت بە پەیمانامەیەک لەسەر مافی مرۆڤ، زیاتر بۆ ئەوەیە ببێت بە سەرچاوەیەک بۆ تۆ، ماموّستایان یان سەرۆک تیم، تا وانەکە باشتر ئامادە بکەن.

ئەگەر بنچینە نەبێت، ئەوە سەرچاوەیەکی بەسوودە بۆ لێکۆڵینەوە و ناساندنی وشە سەرەکیەکان.

با سەیرێکی وشەی ماف بکەین. هەندێک فەرهەنگ وەک "مافی باڵا" پێناسەی دەکەن، بەڵام کاتێک لە دەقی مافی مرۆڤدا باسی دەکەین، مەبەستمان شتێکی سەرەتاییترە.

هەموو کەسێک دەبێت چەند مافێکی بنچینەیی هەبێت، تەنها لەبەر ئەو راستیە سادەیەی کە ئەو کەسە مرۆڤە. بەمانە دەڵێن مافی مرۆڤ. ئەمانە مافی باڵا نین کە کەسێک ویستی لێت وەربگرێتەوە.

ئەمانە مافن چونکە تۆ بەشێوەیەکی یاسایی و ئەخلاقی خاوەنی ئەو مافانەیت و پەیوەندی بە بوونتەوە هەیە. ئەم مافانە پێویستە روونبکرێنەوە و بووترێنەوە تا خۆمان و خێزانەکانمان و هاوژینەکانمان بپارێزین لە دژی ئەو کەسانەی دەیانەوێت ئازارمان بدەن. هەروەها یارمەتیمان دەدەن کە لەگەڵ یەکتر بە ئاشتی بژین و پێکەوە هەڵکەین.

جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان (UDHR) باسی ئەو مافانە دەکات کە هەموو کەسێک هەیەتی. ئەم بەڵگەنامەیە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە (UN) ماوەیەکی کەم دوای کۆتایهاتنی جەنگی جیهانی دووەم لە ساڵی ١٩٤٥ پەسەند کرا. بە مەبەستی چەسپاندنی ئاشتی و رێگریکردن لە جەنگ دامەزرا، ئەمرۆ ١٩٢ وڵات ئەندامن لە UN

لە سەرەتاکەیدا، UN کۆمیسیۆنێکی بە سەرۆکایەتی ئیلینۆر رۆزەڤێڵت، هاوسەری فرانکلین دیلانۆ رۆزەڤێڵت (سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ١٩٣٣ تا ١٩٤٥)، پێکهێنا بۆ دارشتنی بەڵگەنامەیەک کە هەموو مافە بنچینەیی و هاوبەشەکانی هەموو خەڵک بپارێزێت. کۆمیسیۆنی نوێی مافی مرۆڤ، کە نوێنەری هەژدە وڵاتی تێدابوو، ٣٠ بەندەکەیان کرد بە یاسا کە پێکهاتبوو لە مافە گەردونیەکانی مرۆڤ. جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤباسی مەدەنی ئەم مافانە دەکات لە سەرتاسەری جیهاندا (بەندی ١ و ٢)، مافی مەدەنی و سیاسی (بەندەکانی ٣-٢١)، مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی (بەندەکانی ٢٢-٢٧)، وە ئەرک و بەرپرسیارێتیەکان بۆ گەیاندنی ئەم مافانە بە ئەوانی

تر (بەندەکانی ٢٨-٣٠). ئەو سێ بەندەی کۆتایی لە رادەبەدەر گرنگن، هەتاوەکو دڵنیا نەبین هاوڕێکانمان بە مافەکانی خۆیان گەیشتوون، مافەکانی خۆشمان لە مەترسیدان.

ئەم بەڵگەنامە گرنگە بووە بە هەوێنی ڕێکەوتن و کاری هاوبەش تا لە ڕێگەیەوە وڵاتان بتوانن ئەو بارودۆخانە ریشەکێش بکەن کە وڵاتان پەلکێشی جەنگ دەکەن.

سەرەتای دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان جەخت لەسەر گرنگی مافی مرۆڤ دەکاتەوە لە خستنەرووی نیازی نەتەوە یەکگرتووەکان"... بۆ پاراستنی نەوەی داهاتوو لە کارەساتی جەنگ... وە دوپاتکردنەوەی باوەڕ بوو بۆ مافە بنچینەییەکانی مرۆڤ، بۆ شکۆ و بەهای مرۆڤ."

داننان بەوەی تاوەکو ڕێز لە مافی مرۆڤ نەگیرێت، ئاشتی دڕێژخایەن بەدی نایەت، لەبەرئەوە نەتەوە یەکگرتووەکان بە فەرمی لە ساڵی ١٩٤٥ جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤی بڵاوکردەوە. جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ بنەمایەکی ڕێنیشاندەرە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان و کارەکانی.

بەداخەوە، جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ بە تۆخی نەناسراوە لە دەرەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان. پێشبینیکردنی ئەم مەترسیە، پاڵی بە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە نا لە ساڵی ١٩٤٨ بانگهێشتی هەموو وڵاتە ئەندامەکانی بکات کە " بڵاوی بکەنەوە و بیخەنەڕو و ڕونی بکەنەوە بەتایبەتی لە قوتابخانە و دامەزراوە پەروەردەییەکانی تر، بەبێ گوێدانە بارودۆخی سیاسیی وڵاتان یان هەرێمەکان."

لەبەرئەوەی یەکێک بوو لە گرنگترین ئەو بەڵگنامانەی کە تا ئێستا نووسراون، جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ لەوانەیە کلیلی داهاتووی ئاشتی و لێبوردەیی دانیشتوانی سەر هەسارەی زەوی بێت.

ڕێکخراوی (Youth for Human Rights International YHRI) دان بەوەدا دەنێت ئەگەر جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ لە قوناغی سەرەتای تەمەندا نەوترێتەوە، بەهاکانی وەرد وردە لە لە ژیانی ڕۆژانەماندا لە ماڵ و قوتابخانە و کۆڵانەکانماندا کاڵدەبنەوە، دواجاریش لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی دەفەوتێن.

نمونەی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ

پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە چەندین شێوازی جیاوازدا دەردەکەوێت. هەر لە ئەشکەنجەدان و بازرگانیکردنی مرۆڤ (کۆیلایەتی مۆدێرن) تا هەژاری و دڕندەیی جەنگ؛ لە چاوساندنەوەی ئاینی بۆ جیاکاری ڕەگەزی.

یەکێک لەو کایانەی کە بە شێوەیەکی فراوان بە خراپی مافی مرۆڤی تێدا بەکارهێنراوە، کایەی بازرگانیکردنە بە مرۆڤ- کڕین و فرۆشتن و گواستنەوەی مرۆڤ بە مەبەستی قازانجی مادی ئەم کەسانە فشاریان لێدەکرێت لە بارودۆخێکی نامرۆییدا کاربکەن یان کارێکی نایاسایی بکەن بەبێ ئەوەی تروسکاییەک هیوا هەبێت بۆ هاڵهاتن. بازرگانیکردن بە مرۆڤ بووە بە پیشەسازییەک کە بە ملیارەها دۆلار قازانج دەردەکات، کەچی هێشتا بابەتێکی شاراوەیە و تەنها چەند کەسێکی کەم ئاگاداری کێش و قەبارەی ئەم کارەساتەن کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بەڕێوەدەچێت. بەپێی خەملاندنەکانی ڕێکخراوی کرێکارانی جیهانی (ILO)، کە ئاژانسێکی نەتەوە یەکگرتووەکانە، زیاتر لە ١٢.٥ ملیۆن پیاو و ژن و

منداڵ بەزۆر پەلکێشی کۆیلایەتی کراون، سەرچاوەکانی تر خەملاندنەکانیان دوو ئەوەندەیە. زیاتر لە ٥٠% ی ئەو ٨٠٠.٠٠٠ کەسەی قوربانیی بازرگانیەکانی مرۆڤن لە نێوان سنوری وڵاتان منداڵانن-زۆربەشیان کچن.

یەکێکی تر لە مافە بنەڕەتیەکان، مافی ژیانە، وە دوژمنەکانی ئەم مافە لە HIV/AIDS خۆیان دەبیننەوە. ڕێژەی HIV/AIDS بەشێوەیەکی فراوان گەشە دەکات و لە ساتی دۆزینەوەی ئەم نەخۆشیەوە لە ساڵی ١٩٨١، زیاتر لە ٢٥ ملیۆن کەس بەم نەخۆشیە مردوون.

جگە لەوەش، زیاتر لە ٨٨٠ ملیۆن کەس لە جیهاندا ناتوانن بنووسن و بخوێننەوە، کارەساتی نەخوێندەواری و نەبوونی پەروەردەی گونجاو زامێکە بە جەستەی ژیانی تاکەکان و دانیشتوانی جیهانەوە.

کاتی گۆڕانکاریە

دەبێت کاری زۆر بکرێت تا ئەو زیانانە بخەملێنرێن کە دەرئەنجامی پێشێلکردنی مافی مرۆڤن. خۆشحاڵانە، کەسانی بەئەمەک و لەخۆبوورده بە ڕێگەی جیاواز خەریکی ئەم کارەن، هەریەکەیان بە نیاز و دڵسۆزی زۆرەوە.

دایکە تێرێزای بە ڕەگەز یوغسلاڤی یارمەتی هەژار و نەخۆش و دەرکراوەکانی دەدا؛ بە کارەکانی کاریگەرییەکی گەردونی دروستکرد.

شاعیر و باڵوێزی ناوداری مەکسیکی، ئۆکتاڤیۆ پاز، شیعری بۆ دۆخی ناهەمواری قوربانیانی مافی مرۆڤ دەنووسی و سۆزی خەڵکی دەوروژاند.

زانای ئاسیایی بواری جێنێتیکی رووەکی م. س. سوامینسان تاڵە گەنمێکی بەرهەمهێنا کە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرزتر و بڕشتتر بوو لە گەنمی ئاسایی تا بڕێکی زیاتر خۆراک بۆ دانیشتوان بەدەستبێنێت.

پاڕێزەری بەڕازیلی جۆینیا باتیستا دێ کارڤالهۆ لە پێناوی مافی گەلی خۆڕسکی وڵاتەکەیدا دەجەنگێت تا مووڵک و ماڵی باوباپیریان بپارێزێت.

خەڵکە دڵسۆزەکان، گەنج و پیر، داوای باشترکردنی دۆخی مافی مرۆڤ دەکەن.

ئایا هیچ هیوایەک هەیە بۆ مافی مرۆڤ؟

ئەم کارانە هیوابەخشن، بەڵام ئەرکەکەمان ماندووبوون و عارەق رشتنی دەوێت. مامۆستایان و لاوانی دڵسۆز کلیلی چارەسەری ماوە درێژن. بەبێ خوێندنی بنچینەیی، زەویەکە بڕشت نیە بۆ چاندنی تۆوی مافی مرۆڤ. هەر کاتێک مامۆستایەک مافی مرۆڤ بخانە ناو پلانی وانە و پەیڕەوەکەیەوە، ئەوا بە شێوەیەکی کاریگەر سەرکردەی سبەینێ پەروەردە دەکەین کە کار بۆ ریشەکێشکردنی پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤ بکەن.

هیوا هەیە ئەگەر هەر کەسێکمان قۆڵی لێ هەڵبمالین و کاربکەین تا گەیاندننی مافی مرۆڤ بکەین بە بەشێک لە کلتورەکەمان.

بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی مافی مرۆڤ، سەردانی ئەم سایتانەی خوارەوە بکە:

Youth for Human Rights International, **youthforhumanrights.org**
United Nations, **un.org**
Human Rights Watch, **hrw.org**
Amnesty International, **amnesty.org**
U.S. State Department, **state.gov**

ڕێکخراوی Youth for Human Rights International چیە؟

ئامانجی ڕێکخراوی Youth for Human Rights International گەیاندنی مافی مرۆڤە بە گەنجان تا ببن بە داکۆکیکاری سەرسەختی ئاشتی و لێبوردەیی.

(Youth for Human Rights International YHRI) بۆیە دامەزرا تا جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ لە ڕێگەی وتار و پێشبڕکێی هونەری، بۆنەی پڕ زانیاری و چێژبەخش و دابینکردنی بابەتی ڕێبەری بۆ قوتابیان و مامۆستایان بە گەنجان بگەیەنێت.

کرۆکی هەر پرۆگرامێکی YHRI نامیلکەیەکە بە ناوی مافی مرۆڤ چیە؟ کە لەسەر بنەمای جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ دارێژراوە. نوسخەی سەرنجڕاکێش و ڕوونکراوەی جارنامەکە بە زمانێک نووسراوە کە منداڵان لێی تێبگەن. دەقی تەواوی جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ کەوتووەتە بەشی پشتەوەی نامیلکەی مافی مرۆڤ چیە؟

ڕێکخراوی Youth for Human Rights International لە لایەن ماری شەتلۆرس دامەزرا، فێرکارێکی خاوەن ئەزموون کە وەک سەرۆکی ڕێکخراوەکە خزمەت دەکات. بە ڕەگەز خەڵکی باشوری ئەفەریقایە و بە چڕی بە چەندین ناوچەی جیهاندا گەشتی کردووە. چونکە خۆی ڕاستەوخۆ بەرکەوتنی لەگەڵ دۆخەکەدا هەبوو، وە بۆی دەرکەوت کە چەندین خەڵک خوێندنیان لێ زەوتکراوە و منداڵ و خێزانەکان بە خراپی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، بۆیە بڕیاریدا لە بواریکدا کاربکات کە بتوانێت سارێژی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ بکات.

ڕێکخراوی YHRI لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە لوتکەی ماراسۆنی مافی مرۆڤی ئەوروپی لە ساڵی ٢٠٠١ دەستی بەکار کرد. لە کایەی نێودەوڵەتیدا، زیاتر لە ١٠٠ وڵات ئەندامە تیایدا. بابەتە ڤیدیۆییە پەروەردەییەکانی لە زیاتر لە ٥.٠٠٠ وێستگەی جیهانی پەخشکراون. لەگەڵ فێرکاران، دامەزراوەی مامۆستایان، وەزیرانی پەروەردە، ڕێکخراوەکانی چاودێری، دامەزراوەکان، ئاینی جۆراوجۆر، سەرۆک حکومەتەکان و چەندین تاک و کۆمەڵی لەو شێوەیە کاری کردووە. ڕێکخراوی YHRI ڕێکخراوێکی سەربەخۆی قازانج نەویستە. هەر ئەندام و بەشداربوویەک وەردەگرێت کە بیەوێت ئامانجەکانی ڕێکخراوی YHRI بەرەو پێش ببات، بەبێ گوێدانە ڕەنگ، ڕەگەز، نەتەوە، بروباوەڕی ئاینی، مەزهەب، تەمەن، توانا یان باری هاوسەرگیری، وە بەتایبەتیش چاودێری گەنجەکانمان دەکات لە سەرتاسەری جیهاندا.

دەربارەی یەکگرتن

یەکگرتن ڤیدیۆی گۆرانیەکە و ناوەرۆکی گۆرانیەکە بریتیە لە بابەتی بزوتنەوەی رێکخراویYHRI بەرهەمێکی فرەنەتەوەییە کە بە زمانێکی ساکاری شەقام هێزی مافی مرۆڤ دەگەیەنێت بە ویژدانی کۆمەڵگا و داوای کاری هاوبەشیان لێدەکات بۆ بەگژداچوونەوەی تووندوتیژی و نالێبووردەیی لە نێوان گەنجاندا.

بیرۆکەی یەکگرتن کاتێک دەستپێکرد کە دەرهێنەری لاو تارۆن لێکستن لە دایکی، ماری شەتلۆرس، پرسی کە چی بکات تا مافی مرۆڤ فێری منداڵان بکات. ئەویش وەک سەرۆکی رێکخراوی Youth for Human Rights International، داوای لێکرد ڤیدیۆیەک بەرهەمبهێنێت کە وەک ئامرازێکی فێرکردن بەکاربهێنرێت. لێکستن کورتە فیلمێکی بەرهەمهێنا کە یارمەتی فێرکاران و چالاکوانانی کۆمەڵایەتی دەدات پەیامی دروستی مافی مرۆڤ بگەیەنن بە هەموو کەسێک.

زۆربەی دیمەنەکانی یەکگرتن لە کاتی "گەشتی پەروەردەیی جیهانی"ی رێکخراویYHRI وێنەگیران کە بە ماوەی ٣٥ رۆژ ٤٥.٠٠٠ میلیان بڕی بە ناو ١٤ وڵاتدا و لە نێوان ٤ قارەدا گەڕان. دوو هەزار خۆبەخش، کە ١٥٠ ئەکتەریان تێدابوو، کاتی خۆیان بۆ فیلمی پرۆژەکە تەرخانکرد. بەرێز لێکستن تەنها تەمەنی ١٩ ساڵ بوو کاتێک فیلمی "یەکگرتن"ی دەرهێنا لەگەڵ لێسلی براون کە کاری بەرهەمهێنانی ئەنجامدا و بە هاوڕێبەتی ستافێک کە زۆربەیان هەرزەکار و خوار هەرزەکار بوون، بۆیە پرۆژەکە تەواو گەنجانە بوو.

کاری نووسینی گۆرانی یەکگرتن لە لایەن کریس تۆماس و هونەرمەندی راپی دانیشتوونی فلۆریدا چارلی جی و راپەری تەمەن ١٥ ساڵان لای لای جێبەجێ کرا. مۆسیقاکەی لە لایەن ئاوازدانەر جیۆف لێڤین، کە هەڵگری خەڵاتی جیهانیە، بە هاوکاری هیرۆکۆ هایاتا بەرهەمهێناوە.

ئیساک هایس، ئەفسانەی مۆسیقای سۆڵ، ئەکتەر ئیریکا کریستینسن، جینا ئێڵفمان، کاسرین بێڵ و لێنسی بارتیڵسن رۆڵێ لاوەکی لە فیلمەکەدا دەگێڕن.

یەکەمجار لە بارەگای سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیۆرک لە ئابی ٢٠٠٤ پیشاندرا. یەکگرتن لە چەندین فیستیڤاڵی فیلمی جیهانی بە فەرمی وەرگیراوە و چەندین خەڵاتی بردوەتەوە، وەک؛ خەڵاتی گراند جوری بۆ باشترین کورتە فیلم لە فیستیڤاڵی فیلم و ڤیدیۆی سەربەخۆیی نێودەوڵەتی لە نیۆرك و خەڵاتی باشترین فیلمی مافی مرۆڤ لە فیستیڤاڵی فیلمی تالیۆ کۆرتۆ لە فلۆرانس، کە بە هاوبەشی یۆنسکۆ رێکخرابوو. چەندین کەسایەتی ناودار لە هەموو بوارەکانی ژیان دانیان بە بەهاکانی ئەم فیلمەدا ناوە، لە حاکمی کالیفۆرنیا بۆ جێگری بەڕێوەبەری نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کۆمیسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ لە نیۆرک. فیلمەکە بۆ ١٨ زمانی جیاواز ژێرنووس کراوە.

ئامانجی فێرکردن
بۆ باشترین ئەنجام

- هەر وانەیەک بەشی "وشەسازی" هەیە کە پێناسەی ئەو وشانە دەکات قوتابیان پێویستە بیانزانن تا لە وانەکە تێبگەن. پێناسەکردن و بەکارهێنانی ئەم وشانە لە رستەدا زۆر گرنگە.

- هەرچەندە پێناسەکان بە روونی دراون لە هەر وانەیەکدا، بەڵام تۆش دەتوانیت زیاتر روونیان بکەیتەوە. رونکردنەوەی تری بۆ زیاد بکە بەپێی پێویستی قوتابیان. وتنی وشەیەک بەبێ ئەوەی قوتابیان لێی تێبگەن، لەوانەیە لە بابەتەکە بیانبچڕێنێت.

- بە هێنانەوەی نمونەی ژیانی راستەقینە و بەستنەوەی بابەتەکان بە ژیانی رۆژانە لە پرۆسەی فێرکردندا، دەتوانرێت ئەم بابەتانە بە باشتریش شێوە بووترێنەوە. بۆ نمونە، سەردانی سایتی نەتەوە یەکگرتووەکان (un.org) بکە یان وێنەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان پیشان بدە کاتێک گفتوگۆ لەسەر نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن.

- لە وتنەوەی مافی مرۆڤدا، زیاتر جەخت لەسەر چارەسەری گونجاو بکەرەوە بۆ پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ نەک بە تەنها تیشک خستنە سەر دەرئەنجامە زیانبەخشەکانی خراپ بەکارهێنانیان.

- لە کاتی خوێندنی مافی مرۆڤدا، هەندێک لە چیرۆکە نایابەکانی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤی جیهانی بگێرەوە (کە لە لاپەڕە ١٢٥ی ئەم ڕێبەرێدایە). ژیانی ئەم کەسانە دەبن بە نمونە بۆ قوتابیان، ئەوەیان پیشاندەدات کە ڕێگەچارەی ئاشتیانە دۆخی ناهەمواری مافی مرۆڤ چارەسەر دەکات.

- زیاتر جەخت لە بەندی ٢٩ (بەرپرسیارێتی) بکەرەوە و هانی قوتابیان بدە کە نەک تەنها بەرگری لە مافی خۆیان بکەن، بەڵکو بەرپرسیارێتیەکی گەورەتر لە ئەستۆ بگرن و هەوڵ بۆ فەراهەم کردنی ئازادیی کەسانی تریش بدەن.

- هانی قوتابیەکان بدە چۆن لە دەرەوەی قوتابخانە بەندەکانی مافی مرۆڤیان بەکارهێناوە و چیان بینیوە لەسەر پێشێلکاریی مافی مرۆڤ. ستایشی هەر هەوڵێک بکە بۆ باشترکردنی جیهان لە ڕێگەی جێبەجێکردنی ئەم مافانەوە.

- زوو زوو یەکگرتن پیشان بدە و وەک هاندانێک بەکاریبهێنە بۆ جێبەجێکردنی مافی مرۆڤ. گومانی تێدا نیە، قوتابیان داوات لێدەکەن دووبارە لێی بدەیت. سەرقاڵیان بکە- ماناکەی دژی گاڵتەپێکردنە و لەگەڵ چارەسەری ئاشتیانەدایە.
- "٣٠ ماف. ٣٠ ریکلام" دی ڤی دیەکە ئامرازی فێرکردنی بەهێزی تێدایە کە مافی مرۆڤ بگوازێتەوە بۆ ژیان. قوتابیەکان دەیانەوێت چەندین جار ئەم ریکلامی هۆشیاریانە ببینن و بە خەڵکی تریشی بگەیەنن. بۆ ئەم کارە یارمەتیان بدە.

پێش دەستپێکردن
هەڵسەنگاندنی زانیاریە کۆنەکانی قوتابیان.

لە لاپەڕەی دواتردا، راپرسیەک ئامادەکراوە (یان دەتوانیت لە youthforhumanrights.org/downloads دایبەزێنیت) بۆ هەڵسەنگاندنی پێش و پاشی کۆرس. ئەو راپرسیە نمونەییە هەردوو جارەکە بەکاردێت، تا یارمەتیت بدات لە هەڵسەنگاندنی سەرکەوتنی وانە و چالاکیەکان. با قوتابیان پێش دەسپێکردنی هەر گفتوگۆ، وانە یان چالاکیەک و پێش پیشاندانی یەکگرتن لەم نامیلکەدا ئەم راپرسیە پڕبکەنەوە. پێویستە وەڵامی پرسیاری قوتابیان وەربگریت پێش ئەوەی هیچ کام لەوانەی ئاماژەیان پێکراوە ئەنجامبدرێن. ئەمە ئامرازێکی گرنگە تا کاریگەری وانەکان هەڵبسەنگێنێت و قوتابیان هۆشیار بکاتەوە دەربارەی بابەتەکان.

ڕێنماییەکان: پێش ئەوەی هیچ شتێک بڵێیت لەسەر وانەی داهاتووی مافی مرۆڤ، داوا لە قوتابیان بکە راپرسی هەڵسەنگاندنی پێش کۆرس پڕبکەنەوە. ڕێنماییەکان بە دەنگی بەرز بخوێنەرەوە و قوتابیان دڵنیابکەرەوە کە شتێکی ئاساییە ئەگەر ناتوانن لەسەر بنەمانی زانیاریەکانی خۆیان وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە. پێویستە بەوپەڕی توانای خۆیانەوە وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە.

تێبینی گرنگ: هەڵسەنگاندنی زیاتر لە پاشکۆکەدا بە ناوی "پرۆتۆکۆڵی هەڵسەنگاندن." دابینکراوە. مامۆستایان و سەرۆک تیمەکان دەتوانن ئەم پرۆتۆکۆڵانە بەکاربهێنن بۆ پیشاندانی بەهای ئەم پەیڕەوە بە کارگێڕ و بۆردی قوتابخانەکان یان هەوڵدان بۆ چنگخستنی یارمەتی و هاوکاری بۆ پرۆگرامی پەروەردەیی مافی مرۆڤ. (لە سایتەکەمانەوە دایبەزێنە youthforhumanrights.org/downloads)

راپرسی قوتابیان کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە ڕەگەزی گرنگی وانەکانن و پێویستە ئەنجام بدرێن بە بێ گوێدانە هەر هەڵسەنگاندێکی تر کە مامۆستاکە لە پاشکۆدا هەڵیدەبژێرێت.

راپرسیەکان خێرا و ئاسانن. کە راپرسی هەڵسەنگاندنی پێش کۆرس تەواو بوو، پێویستە لە فایلێکدا بپارێزرێن تا لەگەڵ راپرسیەکانی پاش کۆرسدا بەراورد بکرێن. تکایە کۆپی هەڵسەنگاندنەکان بنێرە بۆ ڕێکخراوی YHRI تا بتوانین سەرکەوتنی پرۆگرامەکە لە ئاستی نێودەوڵەتی هەڵبسەنگێنین.

Youth for Human Rights International
1920 Hillhurst #416, Los Angeles, CA 90027 USA
(323) 663-5799
YouthforHumanRights.org
e-mail: info@youthforhumanrights.org

راپرسی قوتابیان
مافی مرۆڤ چیە؟

ناوی گروپ/ قوتابخانە: _____

پۆل: _____

ناوی قوتابی: _____ **بەروار:** _____

ڕێنماییەکان: راپرسی کۆمەڵێک پرسیارە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بۆ مەبەستێکی دیاریکراو. ئەم راپرسیە یارمەتی مامۆستاکەت دەدات خۆی بۆ وانەکانی داهاتوو ڕێکبخات. ئەمە تاقیکردنەوە نیە. مەرج نیە وەڵامی هەموو پرسیارەکان بزانیت. ئاساییە ئەگەر نەتوانیت وەڵامی هەموو پرسیارەکان بدەیتەوە. تەنها ئەوپەڕی توانای خۆت بخەرە گەڕ بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان. ئەگەر پێویست بوو لاپەڕەی زیاتر بەکاربهێنە.

١- نەتەوە یەکگرتووەکان چیە؟

_____

_____

_____

_____

_____

٢- "مافی مرۆڤ" بۆ تۆ چی دەگەیەنێت؟

_____

_____

_____

_____

_____

٣- خاوەنی مافی مرۆڤیت؟

٤- ئەو بەندانەی مافی مرۆڤ چین کە پێتوایە خاوەنیانیت؟

چالاکیەکانی بەهێزکردنی یەکگرتن

فێربە کە یەکگرتوو بن

چالاکیەکانی بەهێزکردن تەنها پێشەکین. جۆش و خرۆش دەخەنە ناو وانەکانی داهاتووی مافی مرۆڤ و بناغەیەکیان بۆ دادەمەزرێنن.

سەرەتا بە پیشاندانی ڤیدیۆ گۆرانیی یەکگرتن دەستپێبکە لەسەر دی ڤی دی بۆ گروپەکە. گفتوگۆیەکی کورت بکە لەسەر یەکگرتن و ئەو چیرۆکەی باسی دەکات. پاشان لەم بەشەدا ئەو سێ چالاکیە ئەنجام بدە کە پەیوەندی بە ڤیدیۆکەوە هەیە.

ئەوەندەی بارودۆخەکە دەخوازێت دی ڤی دیەکەئیش پێبکە. یەکگرتن پەیامێکی هەڵگرتووە کە شایەنی چەندبارە کردنەوەیە. زۆربەی خەڵک - هەرزەکار و منداڵ هاوشێوەی یەک- لەگەڵ هەر تەماشاکردنێکدا مانایەکی تری تیا دەدۆزنەوە. دوای ئەوەی قوتابیان تەماشای یەکگرتن دەکەن بۆ جاری دووەم، پرسیار بکە چی مانایەکی نوێیان تێدا دۆزیەوە یان چیان بەرچاوکەوت.

شیعری گۆرانیەکەی لەگەڵدایە تا قوتابیان بتوانن فێری گۆرانیەکە بن و ئەوانی تریش فێربکەن، بەو شێوەیە پەیامی تێگەیشتن و لێبوردەیی گۆرانیەکە بڵاوەبێتەوە. ڕێگە بدە قوتابیان بە سەما و گۆرانی وتن هێزی خۆیان بۆ یەکگرتن پێشان بدەن تا پەیامەکەی بە باشی وەربگرن.

لەم کاتەدا خۆت بەدوور بگرە لە پیشاندانی ٣٠ چیرۆکەکەی مافی مرۆڤ. ئەوە هەڵبگرە بۆ وانەکانی داهاتوو. پلانی وانە جێبەجێ بکە و با تێڕوانینی قوتابیان بۆ ٣٠ بەندەکەی مافی مرۆڤ لە سەرەتای دەستپێکردنی وانەکەدا ببێت کە بابەتی وانە، هەر مافێک بۆ کاتێک.

گۆرانیی یەکگرتن فێربە

نوسین و بەرهەمهێنانی مۆسیقا: کریس تۆماس، جیۆف لێڤین و هیرۆکۆ هایاتا.شیعر و وشەڕێژی: چارلیس جی. راپ: لای لای

ئەو وشانەی دەبێت بیانزانیت:

کۆرس: دووبارەکردنەوەی بەشێکی گۆرانی، بەتایبەتی لە لایەن هەموو گۆرانیبێژەکانەوە بەیەکەوە. نمونە: کۆرسەکە چەند جارێک دووبارە دەکرێتەوە لە لایەن هەموو قوتابیەکانەوە.

تۆڵەکردنەوە: سزادان، بەرپەچدانەوەی کەسێک چونکە شایەنی ئەوەن، لێدان لە کەسێک. نمونە: تۆڵەکردنەوە بەنزین کردنە بە ئاگردا و لە کۆتایدا کەس نایباتەوە، بەتایبەتی رق لەدڵەکان.

لاسایی کردنەوە: کردنی کارێک بە هەماش شێوازی کەسێکی تر، تا هەوڵ بدەیت وەک ئەو کەسە دەرکەویت. نمونە: ژێویست ناکات لاسایی کەس بکەیتەوە. هەموومان وەک خۆمان جوانین.

ئەگەر یەکگرتووبین،
جیهان دەبێت بە شوێنێکی باشتر.

کە مەرەکەب لە قەڵەمەکەم دەردەچێ، ئازار لە دڵم دەردەچێ. کاتێک
دەزانیت منداڵان لە ناوچەکانی دیکە زۆر برسین.
ساتێک تەرخان بکە، چاوەکانت دابخە و ئەم وێنە بێنە بەرچاوی خۆت؛
نە ڕەنگ، نە رق، نە دوژمنایەتی و جیاوازی.
تەلەفزیۆنەکان بە دیمەنی خراپەکاری پڕمان دەکەن.
بەڵام ئەگەر بە دڵ هاوکاری یەکتر بکەین، دەتوانین کۆنترۆڵی بکەین،
ڕێگەیەکی درێژمان بڕیوە، ڕێگەیەکی درێژترمان لە پێشە.
چەکەکان خوێن دەڕێژن، بەڵام رق زیاتر دەمانڕوخێنێت.

وەک خۆت دەزانیت کێشەکە هەرگیز چارەسەر نابێت، مافی مرۆڤ،
پێناسەی وشەی "یەکسانی" دەکات. ئەگەر ڕێز لەیەکتر نەگرین
و یەکترمان خۆشنەوێت، ژیانمان هەمووی درۆیە. چونکە "یەکگرتن"
واتە من و تۆ دەبین بە یەک. تێدەگەیت؟

(کۆرس) ئەگەر یەکگرتووبین،
جیهان دەبێت بە شوێنێکی باشتر. نابینیت،
هەموومان بەشێکین لەم یاریە؟
هەموومان بەشێکین لەم درەختە خێزانیە.

(کۆرسەکە دووبارەی دەکاتەوە)

(راپی لای لای)
هەموومان بە ئازادی و یەکسانی لەدایک دەبین.
ئازادین لە گەڕان،
ئازادین لە قسەکردن.
ئازادین لە سەماکردن،
ئازادین لە بازدان، ئازادین لە خۆهەڵدان.
ئەزانیت مەبەستم چیە؟
ئەبیت هەمووان بەیەکەوەبین.
گرنگ نیە دۆخەکە چەند دژوارە.
ئەگەر توند یەکبگرین،
هەموو شتێک باش دەبێت.
چونکە هەموومان مافی ئازادیمان هەیە.
لە شەو تا
رۆژی روناک.

جیاوازی مەکە. فێری ڕێزگرتن بە.
پێویست ناکات لاسایی کەس بکەیتەوە.
تەنها ڕقت لە کەس نەبێت. کەواتە هەرگیز دڕەنگ نیە.
مافی ژیانت هەیە. کەواتە هەرگیز دڕەنگ نیە.
مافی ژیانت هەیە. تا تاوانەکەت نەسەلمێنرێت بێتاوانیت.
هەرچیت هەیە ئەتوانیت بیڵێیت. مافی خوێندنت هەیە.
کەواتە لەدەستی مەدە. مافەکانی خۆت بزانە،
لەوانەیە ڕۆژێک یارمەتیت بدەن.

(کۆرسەکە دووبارەی دەکاتەوە) بە
یەکگرتوویی
جیهان دەبێت بە شوێنێکی باشتر. نابینیت
هەموومان بەشێکین لەم یاریە؟
هەموومان بەشێکین لەم درەختە خێزانیە.

فڕۆکەی کاغەزی یەکگرتن دروست بکە

٢٤ فڕۆکە کاغەزەکان لە یەکگرتن بەکاردەهێنرێن وەک سمبولی گەیشتن بە هەموو ناوچەکانی جیهان و کۆکردنەوەی خەڵک لە ژێر چەتری پەیامی مافی مرۆڤدا. فڕۆکەی کاغەز بووە بە مۆری ئاڵتونی هەڵمەتی YHRI و لە نێوان هەرزەکار و قوتابیاندا زۆر بەناوبانگە. ئەم چالاکیانە یارمەتی قوتابیان دەدەن بە چێژەوە فەلسەفەی مافی مرۆڤ هەزم بکەن.

هەر قوتابیەک وتەی پەسەندی خۆی دەربارەی مافی مرۆڤ هەڵدەبژێرێت و پاشان لەسەر هێڵی نەخشەی فڕۆکەکە بینووسە (لاپەڕە ٣١) و پاشان کاغەزەکە بنووشتێنەرەوە و بیکە بە فڕۆکە و ڕێنماییەکان جێبەجێ بکە.

بابەتەکان:

- پەڕەی "وتەکانی مافی مرۆڤ" بۆ هەر قوتابیەک.
- نەخشەی فڕۆکە بۆ هەر قوتابیەک (ڕێنماییەکان ببینە لە لاپەڕە ٣١)
- ڕێنمایی فڕۆکەی کاغەزی یەکگرتن (لاپەڕە ٢٩ی مەلزەمەی ئارەزوومەندانە)

کۆپی بکە یان دایبەزێنە YouthforHumanRights.org/downloads لە

ڕێنماییەکان:

١. "وتەکانی مافی مرۆڤ" بەسەر هەر یەک لە قوتابیەکاندا دابەش بکە.

٢. "وتەکانی مافی مرۆڤ." بخوێنەرەوە و باسیان بکە. لەوانەیە کاتت نەبێت هەموویان باس بکەیت، بۆیە تەنها ئەو وتانە هەڵبژێرە کە پێتوایە قورسن بۆ تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەیان لەسەر بدە. بیرت نەچێت پێناسەی هەر وشەیەک بکە کە قوتابیەکان لەوانەیە لێی تێنەگەن.

٣. کۆپی نەخشەی فڕۆکەکە دابەش بکە بەسەر هەر قوتابیەکدا (با قوتابیان کاغەزی سووک بەکاربهێنن نەوەک کاغەزی قورس، چونکە لەکاتی هەڵداندا مەترسی هەیە) و ڕێنماییان بکە هەموو وتەکان بخوێننەوە و پەسەندترینیان هەڵبژێرن. با قوتابیەکان وتەی پەسەندی خۆیان

لەسەر لاپەڕەیەکی نەخشەی فڕۆکەکە بنووسن. پێویستە قوتابیان بە بچوکی و بە ڕێک و پێکی بینووسن. ئەمە دەرفەتێکی باشە تا باسی جووت کەوانەی بچوک بۆ قوتابیان بکەیت و داوایان لێ بکەیت وتەکە لە نێوان جووت کەوانەکەدا بنووسن.

٤. ڕێنماییەکان دابەش بکە دەربارەی چۆنێتی دروستکردنی فڕۆکەکە یان هەنگاو بە هەنگاو ڕێنماییەکان بۆ قوتابیان ڕوونبکەرەوە.

٥. با هەر قوتابیەک وتەکەی خۆی بخوێنێتەوە و فڕۆکەکە هەڵبدات. مامۆستا یان سەرۆک تیم بەرپرسیارە کە قوتابیەکان فڕۆکەکە بە سەلامەتی هەڵدەدەن و نایکێشن بە دەموچاوی ئەوانی تردا. سەلامەترین ڕێگا ئەوەیە قوتابیان فڕۆکەکان بە ئاڕاستەیەکدا هەڵبدەن کە دوور بێت لەوانی تر.

ڕێنماییەکان:

فڕۆکەی کاغەزی یەکگرتن



١. وتەی پەسەندی خۆت لەسەر لاپەڕەیەکە بنووسە. دڵنیابەرەوە کە ناوی خاوەن وتەکە بنووسن.



٢. کاغەزەکە لە ناوەڕاستدا بنوشتێنەرەوە، لایەکی کاغەزەکە بهێنەرەوە بەسەر وتەکەدا (وتەکە بۆ ماوەیەکی کاتی دیارنامێنێت). فشاری لێبکە با دەق بگرێت پاشان کاغەزەکە بکەرەوە.



٣. دوو سوچەکەی سەرەوە بۆ ناوەڕاستی هێڵە دەقگیراوەکە بنوشتێنەرەوە.



٤. لە ناوەڕاستدا بینوشتێنەرەوە.



٥. لێوارە لارەکە بۆ لێواری خوارەوەی کاغەزەکە (هێڵە دەقگرتووەکەی ناوەڕاست) بنوشتێنەرەوە. پاشان هەڵیبگێڕەوە و هەمان شت بۆ لاکەی تر دووبارە بکەرەوە.



٦ .لارەهێڵە نوێکە بنوشتێنەرەوە کە تازە دروستت کردووە، بۆ لێواری خوارەوە. پاشان هەڵیبگێڕەوە و هەمان شت بۆ لاکەی تر دووبارە بکەرەوە. بەمەش باڵەکانی دروست دەبێت. ئێستا هەردوو باڵەکە بەرەو سەر بەرزکەرەوە (تا نیوە).



٧. لێواری خوارەوە هەڵبگێڕەوە و هەڵی بدە! (بەڵام وریابە و بۆ دەموچاوی خەڵکی هەڵمەدە.)
ئێستا دەتوانیت دەرزیەکی کاغەز بکەیت بە لێواری خوارەوە تا تووند خۆی بگرێت، بەڵام ئەمە کێشی فڕۆکەکە زیاد دەکات و ناتوانێت بەرز بفڕێت.

ڕێنماییەکان:
فڕۆکەی کاغەزی یەکگرتن



١. وتەی پەسەندی خۆت لەسەر هێڵە لارەکە بنووسە.دڵنیابەرەوە کە ناوی خاوەن وتەکە بنووسن. ⇦



⇦ ٢. کاغەزەکە لە ناوەڕاستدا بنوشتێنەرەوە، لایەکی کاغەزەکە بهێنەرەوە بەسەر وتەکەدا (وتەکە بۆ ماوەیەکی کاتی دیارنامێنێت). فشاری لێبکە با دەق بگرێت پاشان کاغەزەکە بکەرەوە.



٣. دوو سوچەکەی سەرەوە بۆ ناوەڕاستی هێڵە دەقگیراوەکە بنوشتێنەرەوە. ⇦



٤. لە ناوەڕاستدا بینوشتێنەرەوە. ⇦



⇦ ٥. لێوارە لارەکە بۆ لێواری خوارەوەی کاغەزەکە (هێڵە دەقگرتووەکەی ناوەڕاست) بنوشتێنەرەوە. پاشان هەڵیبگێڕەوە و هەمان شت بۆ لاکەی تر دووبارە بکەرەوە.



٦. لارەهێڵە نوێکە بنوشتێنەرەوە کە تازە دروستت کردووە، بۆ لێواری خوارەوە. پاشان هەڵیبگێڕەوە و هەمان شت بۆ لاکەی تر دووبارە بکەرەوە. بەمەش باڵەکانی دروست دەبێت. ئێستا هەردوو باڵەکە بەرەو سەر بەرزکەرەوە (تا نیوە). ⇦



⇦ ٧. لێواری خوارەوە هەڵبگێڕەوە و هەڵی بدە! (بەڵام وریابە و بۆ دەموچاوی خەڵکی هەڵمەدە.) ئێستا دەتوانیت دەرزیەکی کاغەز بکەیت بەلێواری خوارەوە تا تووند خۆی بگرێت، بەڵام ئەمە کێشی فڕۆکەکە زیاد دەکات و ناتوانێت بەرز بفڕێت.

دگرگونی

وتەکانی مافی مرۆڤ

- "هاوڕێ گەنجەکانی هەموو جیهان، ئێوە ئەو کەسانەن کە پێویستە مافەکانی خۆتان بزانن، ئێستا و هەموو کاتێک. قەدەر و داهاتووی ئەو مافانە لە دەستی ئێوەدایە." -کۆفی ئەنان، سکرتێری گشتیی پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان
- "نادادپەروەری لە هەر شوێنێک، هەڕەشەیە بۆ دادپەروەری لە هەر شوێنێک." -مارتن لوسەر کینگ جونیەر
- "بۆ سەرکەوتنی خراپەکاری، ئەوە بەسە کە مرۆڤە باشەکان دەستەوەستان بن و هیچ کارێک نەکەن."-ئێدمۆند بورک، دەوڵەتداری ئێرلەندی
- "لەگەڵ قسەکانی تۆدا نیم، بەڵام تا دوا هەناسە دەجەنگم تا تۆ بە ئازادی قسەی خۆت بکەیت."-ئیڤیڵین بێتریس باسی بیرورای ڤۆڵتێر دەکات
- "ڕەگەزپەرستی نەخۆشی هەرزەکارەکانە، پێویستە ڕێگری لە منداڵەکانمان بکەین نەبن بە هۆکاری بڵاوبوونەوەی."-روبی بریجز، چالاکوانی مافی مەدەنی
- "پێناسەی من بۆ کۆمەڵگایەکی ئازاد ئەو کۆمەڵگایە کە لە رق و کینە بەدوورە."-ئەڵدای ستیڤنسن، پاڵوێزی ئەمەریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ١٩٦٠-١٩٦٥
- "پێویستە مافی مرۆڤ بکرێت بە واقیع، نەک تەنها خەونێکی نموونەیی بێت." - ئێل ڕۆن هابەرد، مرۆڤدۆست و نووسەری ئەمەریکی
- "ناتوانی زۆر لە خۆت بکەیت کە هەست بە شتێک بکەیت کە لە ڕاستیدا هەستی پێناکەیت، بەڵام هەستت هەرچۆنێک بێت دەتوانیت چاکە بکەیت." -پیرڵ ئیس بوک، نووسەری ئەمەریکی و براوەی خەڵاتی پوڵتیسەر
- "ترس حاڵەتێکی سروشتیی ڕۆشنبیرەکان نیە." -داو ئۆنگ سان سو، براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتیی ١٩٩١، بۆرما (میانمار)

- "سۆز پەیوەندی بە ئاینەوە نیە، پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە، هی کات بەسەربردن نیە، بناغەی ئاشتی و سەقامگیریی دەروونیە، بناغەی مانەوەی مرۆڤە."-دالای لاما
- "پێویستە ببیت بەو گۆڕانەی کە دەتەوێت لە جیهاندا ببینیت." -مەهاتما گاندی
- "بۆم دەرکەوت ئازایەتی ئامادەنەبوونی ترس نیە، بەڵکو زاڵبوونە بە سەریدا. پیاوی ئازا ئەو کەسە نیە کە هەست بە ترس ناکات، بەڵکو ئەو کەسەیە کە دەیبەزێنێت."-نیلسۆن ماندێلا، براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتیی ١٩٩٣
- "ئەگەر زیرەکترین، داهێنەرترین، وریاترین و جێگیرترینی یەک لەسەر سێی هەموو ئادەمیزاد هەڵبژێرین، ئەوا لە هەموو رەگەزەکان ئامادەییان دەبیت." -فرانز بواس، مرۆڤناس
- "گەشەی کۆمەڵایەتی، سەقامگیری، ئاسایش و ئاشتیی هەر وڵاتیک بەندە بە گەشەی کۆمەڵایەتی، سەقامگیری، ئاسایش و ئاشتیی وڵاتانی ترەوە." پاپا جۆنی بیست و سێ (ئەنجیلۆ جۆسێپی رۆنکالی)
- "نەزانین تۆوێکی خراپە ...کە دیموکراسی ناهێڵێت لە نێوان هاوڵاتیانیدا بڕوێت."-ویلیام هێنری بێڤریج، ئابوریناسی بەریتانی
- "تەنانەت ئەگەر کەسێک خۆی پەراوێز بخات، مافی ئەوەی نیە منداڵەکانی پەراوێز بخات، ئەوان وەک مرۆڤی ئازاد لەدایکبوون، سەربەستی خۆیان مۆڵکی خۆیانە، جگە لە خۆیان هیچ کەسی تر مافی نیە بەکاری بهێنێت." -جان جاک رۆسۆ، نووسەر و فەیلەسوفی فەرەنسی
- "بیرت نەچێت، کەس ناتوانیت وات لێبکات هەست بە کەمی بکەیت ئەگەر خۆت قایل نەبیت..."-ئیلینۆر رۆزەڤێڵت، دیپلۆماتکار و نووسەری ئەمەریکی، هاوسەری فرانکلین دیلانۆ رۆزەڤێڵت.
- "چەکەکان خۆیان تەقە ناکەن. ئەو کەسانە دەیانتەقێنن کە ئومێدیان نەماوە."-دکتۆر ئۆسکار ئاریاس سانچێز، سەرۆکی کۆستاریکا.

بەڵێنی یەکگرتن

دوای هەندێک گفتوگۆ دەربارەی یەکگرتن، ئێستا کاتی ئەوەیە ماموّستا یان سەرۆک تیم بەڵێنی "فێربە کە یەکگرتووبن" بە ناساندنی ئەم وشە سەرەکیانە بە قوتابیەکان بناسێنێت:

بەڵێن: پەیمانێک یان رازیبوون کە ویستی راستەقینەی کەسێک پیشاندەدات بۆ کردن یان دابینکردنی شتێک. نمونە: دایەگەورە بەڵێنی دا تا سەر چاودێری نەوەکەی خۆی بکات و لە کاری هەڵە بەدووری بگرێت.

یەکگرتوو: پێکەوە بەستراوو، کارکردن وەک تیم بۆ هێنانەدی ئامانجێک؛ هەبوونی رێکەوتنێک و کارکردنی بەکۆمەڵ لە ژێر سایەی ئەو رێکەوتنە. نمونە: ئەگەر قوتابیەکان یەکگرتوو بن، ئەوە دەتوانن ئامانجی زیاتر بەدەست بێنن.

ئێستا لە قوتابیەکان بپرسە و بزانە ئەو رێگەیان بەدڵە کە کورِەکە لە یەکگرتن دا کێشەکەی خۆی چارەسەرکرد لە یاریگاکە؟ بانگهێشتی ئەو کەسانە بکە بەدڵیانە تا بەڵێنەکە ئیمزا بکەن. با قوتابیەکان پێش ئیمزاکردنی، بە سەرە و بە دەنگی بەرز بەڵێنەکە بخوێننەوە.

بەڵێنە ئیمزاکراوەکە بپارێزە و لە چوارچێوەیەکدا لە ناو پۆلەکە یان لەسەر دیوار یان بۆردێک هەڵی بواسە.

کۆپی یەک دانەیی بەڵێنەکە دابەش بکە تا هەر قوتابیەک کۆپیەکی بۆ خۆی هەبێت.

فێربە کە یەکگرتووبن

بەم شێوەیە بەڵێن دەدەم لەگەڵ گروپەکەمدا یەکگرتووبم
بۆ هەڵوێست وەرگرتن دژی هەر سووکایەتی پێکردنێک یان
ئەو کەسانەی دەیانەوێت ئازاری ئەوانی تر بدەن.

وەک ئەندامێکی گروپی یەکگرتن بەڵێن دەدەم:

- یارمەتی هاوپۆلەکانم بدەم لە یاریگای قوتابخانە
- یارمەتی هاوپۆلەکانم بدەم لە ئەرکەکانی قوتابخانە
- بە رێزەوە مامەڵە لەگەڵ قوتابیانی تردا بکەم
- بەخێرهاتنی هاوڕێی نوێ بکەم و بیانخەمە ریزی خۆمانەوە
- بەخێرهاتنی هەر کەسێک بکەم بۆ ناو گروپەکە کە
  رێز لەئەندامانی تری گروپەکە دەگرێت
- لەگەڵ ئەوانی تردا بەڕێزبم
- هەرگیز پشتی هیچ هاوڕێیەک بەرنەدەم
- هانی خەڵک بدەم بۆ کاری چاکە
- فێری مافی مرۆڤ بم و یارمەتی ئەوانی تریش بدەم کە فێربن

بەڵێن دەدەم ئەوپەڕی توانای خۆم بخەمەکار بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسا و خاڵانە بەبێ تووندوتیژی.

ئیمزا:_____

مافی مرۆڤ چیە؟
پلانی وانە

ئەم پلانی وانانە ٣٠ بەندە بنەڕەتیەکی مافی مرۆڤی جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ فێری قوتابیان دەکەن.

وانەی یەک: ڕێبەری مامۆستا
چیرۆکی مافی مرۆڤ ٤٣

وانەی یەک: پلانی وانە
چیرۆکی مافی مرۆڤ ٤٥

وانەی دوو: ڕێبەری مامۆستا
ناساندنی مافی مرۆڤ ٤٧

وانەی دوو: پلانی وانە
ناساندنی مافی مرۆڤ ٤٩

خاتوو رۆزەڤێلّت ٥٣

وانەی سێ: ڕێبەری مامۆستا
مافی مرۆڤ بەندی ١ ..... ٥٥

وانەی سێ: پلانی وانە
مافی مرۆڤ بەندی ١ ..... ٥٧

کلێشەی باج ٦١

ڕاپرسی قوتابیان دەربارەی ئازاد و یەکسان ٦٣

وانەی چوار: ڕێبەری مامۆستا
مافی مرۆڤ بەندی ٢-٥ ..... ٦٥

وانەی چوار: پلانی وانە
مافی مرۆڤ بەندی ٢-٥ ..... ٦٨

تۆ چارەسەرکەری کێشەکانیت ٧٤

وانەی پێنج: رێبەری مامۆستا
مافی مرۆڤ بەندی ٦-١١ ..... ٧٧

وانەی پێنج: پلانی وانە
مافی مرۆڤ بەندی ٦-١١ ..... ٧٩

دادگای کەنغەر ٨٤

فۆڕمی دەستبەسەرکردن و دادگایی ٨٥

وانەی پێنج: رێبەری مامۆستا
مافی مرۆڤ بەندی ١٢-١٨ ..... ٨٦

وانەی شەش: پلانی وانە
مافی مرۆڤ بەندی١٢-١٨ ..... ٨٨

وانەی حەوت: رێبەری مامۆستا
مافی مرۆڤ بەندی ١٩-٢٥ ..... ٩٢

وانەی حەوت: پلانی وانە
مافی مرۆڤ بەندی ١٩-٢٥ ..... ٩٤

وانەی هەشت: رێبەری مامۆستا
مافی مرۆڤ بەندی ٢٦-٣٠ ..... ١٠٢

وانەی هەشت: پلانی وانە
مافی مرۆڤ بەندی ٢٦-٣٠ ..... ١٠٤

وانەی نۆ: رێبەری مامۆستا
پرۆژەی داهێنەرانەی مافی مرۆڤ ١٠٩

وانەی نۆ: پلانی وانە
پرۆژەی داهێنەرانەی مافی مرۆڤ ١١٢

وانەی دە: رێبەری مامۆستا
پێشانگای مافی مرۆڤ ١١٤

وانەی نۆ: پلانی وانە
مافی مرۆڤ بەندی (٢٦-٣٠)..... ١١٦
فێربە کە یەکگرتووبن..... ١١٧
بەرنامەی سەرکەوتوی مافی مرۆڤ..... ١١٨

وانەی نۆ: پلانی وانە
بەرنامەی سەرکەوتوی مافی مرۆڤ..... ١٢٠

دەربارەی وانەکان

هەر وانەیەک ماوەکەی ٥٠-٦٠ خولەکە، دەتوانیت تا چەند رۆژێک وانەکان درێژتر بکەیتەوە تا ڕێگە بە گفتوگۆ و بەشداری زیاتری قوتابیان بدەیت. بەشێوەیەکی یەک لە دوای یەک، نزیکەی ٢.٥ هەفتەی دەخایەنێت، بەڵام زۆربەی مامۆستاکان بە ماوەی مانگێک وانەکان دەڵێنەوە.

وا باشتر وانەکان بە هەمان ریزبەندی پێشنیازکراو بڵێیتەوە و هەنگاوەکانی هەر وانەیەک بەسەرە جێبەجێ بکەیت. خۆت بە دوور بگرە لە پیشاندانی هەموو پارچە ڤیدیۆکان لە یەک کاتدا. ڕێگە بدە لەسەرەتاوە قوتابیان خۆیان هەوڵ بدەن بیرۆکەی هەر مافێک و ماناکەی دابڕێژن پاشان ڤیدیۆی ٣٠-٦٠ چرکەیی پیشان بدە دەربارەی مافی مرۆڤ ("٣٠ ماف. ٣٠ ریکلام" لەسەر دی ڤی دیەکەی هاوەڵی). چی وانەکە لە کاتی دیاریکراودا بڵێیتەوە یان کاتەکەی درێژتر بکەیتەوە تا سوود لە پەرۆشی قوتابیان وەربگریت، گرنگ ئەوەیە پەیامەکە بگەیەنیت. لە کۆتایی کورتە چیرۆکە وێنەییەکانی هەر مافێکی مرۆڤدا نیشانەی سەرسوڕمان دانراوە.

دەربارەی بابەتەکان

ئەم وانانە پێویستیان بە نامیلکەی مافی مرۆڤ چیە؟ هەیە. پێویستە پێشتر نوسخەی تەواوت بۆ قوتابیەکان وەرگرتبێت و تەنها بۆ کاری ناو پۆل بەکاردێت.

ئێمە وەک بەشێک لە پاکێجەکە پۆستەریش دابین دەکەین.

چیرۆکی مافی مرۆڤ
وانەی یەک: رێبەری مامۆستا

ئامانج:
پێناسەکردنی زاراوەی "مافی مرۆڤ" و گەڕان بەدوای واتاکەیدا لە جیهانی ئەمڕۆدا. چەسپاندنی حەز و ئاشنایی گشتی بۆ بابەتەکە.

بابەتەکان:
- چیرۆکی *مافی مرۆڤ* فیلم
- *نامیلکەی مافی مرۆڤ* چیە؟
- قەڵەم و کاغەز بۆ بەکارهێنان لە ماوەی وانەکە

ماوە:
١. سەرنج راکێشەر	٥ خولەک
٢. فیلمەکە پیشان بدە	١٠ خولەک
٣. گفتوگۆ	١٥ خولەک
٤. چالاکی	١٥ خولەک
تەواوی کات:	**٥ خولەک**

ئامادەکاری مامۆستا:
- دی ڤی دی پلەیەر ئامادە بکە.
- تەماشای فیلمی چیرۆکی مافەکانی مرۆڤ بکە.
- با قوتابیەکان قەڵەم و پەڕەیان پێببێت ئەگەر ویستیان لە ماوەی وانەکەدا بە نووسین وەڵام بدەنەوە.

زانیاری:

- قوتابیان دەتوانن لە ماوەی گفتوگۆکەدا وەڵامەکان لەسەر پەڕەیەکی بچوک بنووسن، یان دەتوانن دەستیان بەرزبکەنەوە و وەڵامەکانیان بە پۆلەکە بڵێن.
- چەند ئاماژەیەکی گفتوگۆ وەک یارمەتیەک لە وانەکاندا دراون وەک یارمەتیەک بۆ وروژاندنی گفتوگۆکە. تۆش دەتوانیت ئاماژەی خۆت بنووسیت.
- ئەگەر کامێرای ڤیدیۆیی هەبێت، دەتوانیت چالاکیەکە تۆمار بکەیت.

چیرۆکی مافی مرۆڤ
وانەی یەک: پلانی وانە

هەر بەشێکی پلانی وانەکە بەم ریزبەندیە پێشکەش بکە.

وریاکەرەوە (٥ خولەک):

سەرەتا وانەکە بەم پرسیارە کورتە دەستپێبکە، "مافی مرۆڤ چیە؟" با چەند قوتابییەک وەڵامبدەنەوە و سوپاسیان بکە بۆ وەڵامەکانیان. لەوانەیە چەند قوتابییەک رازابن، تۆش پێیان بڵێی کە خەڵکێکی زۆر ئەم پرسیارەیان هەیە، بۆیە فیلمێک لەسەر ئەم پرسیارە بەرهەمهێنراوە تا وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە و بابەتەکە بخاتە خانەیەکی گرنگەوە.

فیلمەکە پیشان بدە (١٠ خولەک):

فیلمی چیرۆکی مافی مرۆڤ پیشان بدە.

گفتوگۆ (١٥ خولەک).:

١. گفتوگۆی پۆلەکە هەڵگرە بۆ دوای فیلمەکە.

پاشان بپرسە کە ئێستا دەتوانن وەڵامی پرسیاری، "مافی مرۆڤ چیە؟" بدەنەوە لەوانەیە قوتابیان دەستیان بەرزبکەنەوە یان وەڵامەکانیان لەسەر پەرە کاغەزەکە بنووسن و بیگەیەنن بە بەشی پێشەوەی پۆلەکە.

٢. ناميلکەی مافی مرۆڤ چیە؟ بەسەر قوتابیاندا دابەش بکە.

٣. پێناسەی مافی مرۆڤ روونبکەرەوە کە لە ناميلکەکەدا هاتووە:

"هەموو کەسێک چەند مافێکی دیاریکراوی هەیە - تەنها لەبەر ئەو راستیەی کە مرۆڤن. ئەمانە 'مافن' چونکە ئەمانە ئەو شتانەن کە دەتوانیت لە ژیانی خۆتدا بیانکەیت یان خاوەنیان بیت. ئەم مافانە بۆیە دانراون تا لەو کەسانە بتپارێزن کە دەیانەوێت زیانت پێبگەیەنن یان ئازارت بدەن. لەگەڵ ئەوەشدا یارمەتیمان دەدەن لەگەڵ یەک هەڵبکەین و بە ئاشتی بژین."

پەیپی ئاستی تێگەیشتنی قوتابیەکانت، هەوڵ بدە لە ژێر رۆشتنایی فەرهەنگۆکی رێبەرەکە ئەو وشانە پێناسە بکەیت.

٤. پاشان گفتوگۆ لەسەر ئەو بەشانەی دی ڤی دیەکە بکە کە سەرنجی قوتابیانی راکێشاوە. هەندێک جار گفتوگۆیەکی چێژبەخش بە پرسیارێکی سادە دەستپێدەکات، وەک، "تۆ ئەم روداوەت پێ چۆنە؟" لەسەر ئەم پرسیارە کراوەی سەر دی ڤی دیەکە هەڵوێستەیەک بکە داوا لە چەند قوتابیەک بکە وەڵامی بدەنەوە.

٥. دەتوانیت ئەم پرسیارانەیش بکەیت:

- "چی روودەدات ئەگەر مافی مرۆڤ فەرامۆش بکرێت؟"
- "تا ئێستا پێشێلکردنی (مامەڵەی دڵڕەقانە و بێبەزەییانە و نادادپەروەرانە) مافی مرۆڤتان بینیوە (لە ژیانی راستەقینە نەک تەلەفزیۆن) ؟"
- "مێژوو دەتوانێت وامان لێبکات نرخی مافی مرۆڤ بزانین؟ چۆن؟"
- "چی لەو ژن و پیاوانەوە فێردەبیت کە لە پێناوی مافی مرۆڤدا کاریان کردووە؟"
- "چی روودەدات ئەگەر هەموومان مافەکانی خۆمان بزانین؟"

چالاکی (١٥ خولەک):

١. با قوتابیان دوو دوو هەستە سەرپێ. یەکیان چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەوی تریان دەکات. ئەو قوتابیەی چاوپێکەوتن دەکات تێبینی دەنووسێت و وا پیشاندەدات کە مایکرۆفۆنێکی پێیە، دەپرسێت "مافی مرۆڤ چیە؟" هەر وەک نمایشی دی ڤی دیەکە. با ئەو قوتابیەی چاوپێکەوتن دەکات لە چەند قوتابیەکی تریش بپرسێت، پاشان سەرەی کەسێکی تر بێت و ئەو قوتابیەش چاوپێکەوتنی لەگەڵ بکرێت کە چاوپێکەوتنەکانی ئەنجام داوە.

٢. گفتوگۆیەکی کورت بکەن لە دوای ئەوە تا قوتابیان باسی روداوەکە بکەن.

ئەرکی قوتابیان (ئارەزوومەندانە):

- دوای وانەکە، بەلایەنی کەمەوە پرسیار لە ٣ گەنج و ٣ هەرزەکار بکە، "مافی مرۆڤ چیە؟" وەڵامەکانیان بنووسە.
- ئەتوانیت پاداشتی ئەو قوتابیانە بدەیتەوە کە بەشداری لەم ئەرکەدا دەکەن لە پێدانی خاڵی زیاد، مافێکی تایبەت، لەزگەیەک یان هەر پاداشتێکی تر کە پێی بزانن.

ناساندنی مافی مرۆڤ

وانەی دوو: ڕێبەری مامۆستا

ئامانج:

تا قوتابیان زیاتر بزانن دەربارەی جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەلماندنی ئەو راستیە لایان کە گەنجانی وەک ئەم قوتابیانە دەتوانن بارودۆخی مافی مرۆڤ بگۆڕن.

بابەتەکان:

- *نامیلکەی مافی مرۆڤ* جیە؟

مەلزەمەکان:

- "خاتوو ڕۆزەڤێلّت ئەمەی وت دەربارەی مافی مرۆڤ"

ماوە:

١. وریاکەرەوە	٥ خولەک
٢. وشە سەرەکیەکان بناسێنە	١٠ خولەک
٣. نامیلکەی مافی مرۆڤ چیە؟ (بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە)	١٠ خولەک
٤. گفتوگۆ لەسەر سەرچاوەکان بکە	١٠ خولەک
٥. ئیلینۆر ڕۆزەڤێلّت (ئەم بەشە بە دەنگی بەرز بخوێنەرەوە)	٥ خولەک
٦. باسی بکە و پیشانی بدە	٥ خولەک
تەواوی کات:	**٤٥ خولەک**

ئامادەکاری مامۆستا:

- مەلزەمەکان دروستبکەرەوە کە لە دوای پلانی وانەوەیە. مەلزەمەی "خاتوو رۆزەڤێلّت" دەتوانرێت بەو شێوەیە بەکاربهێنرێت کە لە ئەرکی قوتابیان باسکراوە یان وەک بابەتی وانەکە بدرێت بە قوتابیان.

- وێنەی تەلاری UN پەیدا بکە (لە ئینتەرنێت یان بانکی زانیاری) و پیشانی قوتابیەکانی بدە.

زانیاری:

- بڕۆ بۆ کتێبخانەیەکی نزیک یان لە ئینتەرنێت بەدوای سەرچاوەدا بگەڕێ لەسەر ئیلینۆر رۆزەڤێلّت یان نەتەوە یەکگرتووەکان. لە پۆلەکەدا کتێب یان بابەتە چاپکراوەکان پیشان بدە. کتێبی وێنەیی باشترین سەرچاوەیە تا وا لە قوتابیەکان بکات زیاتر بە دوای زانیاریدا بگەڕێن.

ناساندنی مافی مرۆڤ
وانەی دوو: پلانی وانە

هەر بەشێکی پلانی وانەکە بەم ریزبەندیە پێشکەش بکە.

وریاکەرەوە (٥ خولەک):

ئەم چیرۆکەی خوارەوە بخوێنەرەوە دەربارەی داکۆکیکارێکی هەرزەکاری مافی مرۆڤ، ئەمە نمونەیەکە کە گەنجان دەتوانن چی بەدیبێنن. پێویستە پێناسەی وشەی داکۆکیکار بکەیت لە یەکەم رستەدا، یاخود هەر وشەیەکی تری نامۆ. پێش دەسپێکردن، لەسەر نەخشەی جیهان شوێنی تبت و چین پیشانی قوتابیەکان بدە. پێیان بڵێ کە باسی ئەم دوو وڵاتەیان بۆ دەکەیت. ئەم چیرۆکە بەکاربێنە تا قوتابیان رابکێشیتە ناو وانەکە و وایان لێبکەیت ئارەزویان بۆ وانەکە زیاد ببێت.

هەرزەکارێک مافی مرۆڤ دەڵێتەوە: کلێر داکۆکیکارێکی هەرزەکاری مافی مرۆڤە (داکۆکیکار کەسێکە لە بەرژەوەندی شتێک قسە دەکات و پشتگیری دەکات). ئەم کچە لە گروپێکدا چالاک بوو بە ناوی Youth for Human Rights International.

لە کۆبوونەوەی گرنگدا قسەی دەکرد کە تیایدا هەرزەکاران لە کێشەکانی مافی مرۆڤیان دەکۆڵیەوە.

جارێکیان خۆی و هاوڕێکانی بۆ ماوەی پێنج رۆژ وبە درێژایی چەندین میل لە چواردەوری لۆس ئەنجلوس، ئەو شارەی لێی دەژیان، پاسکیلیان لێخوڕی. بە درێژایی ڕێگاکە، منداڵانی قوتابخانە، چالاکوانی کۆمەڵایەتی و ڕۆژنامەنووسیان بینی. کلێر و هاوڕێکانی ئەو منداڵانەیان فێری مافی مرۆڤ کرد و داوایان لە خەڵک دەکرد بەڵێنی پشتیوانیکردنی مافی مرۆڤ ئیمزا بکەن.

کلێر قسەی بۆ چەندین پۆلی منداڵان کرد و ئاگاداری کردنەوە کە مافی مرۆڤ چیە و هانی گەنجانی دا مافەکانی خۆیان فێربن.

هەروەها کلێر سەردانی نەتەوە یەکگرتووەکانی کرد لە شاری نیۆرک (نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکخراوێکە لە چەندین وڵات پێکهاتووە کە ڕێکەوتوون کار بۆ ئاشتی و مافی مرۆڤ بکەن بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی) بۆئەوەی قسە لەگەڵ گەنجان و هەرزەکاران بکات دەربارەی چارەسەری پەروەردەیی بۆ ئەو کێشانەی مافی مرۆڤ کە ڕووبەڕووی خەڵکی سەر زەوی دەبنەوە.

بە هاوکاری ئەندامە گەنجەکانی تری ڕێکخراوی Youth for Human Rights International کار لەسەر ئەم پرۆژانە دەکات.

کلێر بۆ یەکەمجار لە تەمەنی ٦ ساڵیدا مافی مرۆڤی بیست. دایک و باوکی کلێریان برد بۆ سەیری فیلمێک بە ناوی حەوت ساڵ لە تبت. کە باسی سەرکردەی ئاینی تبت دەکات - بەناوی دالای لاما - کە بەهۆی جەنگی وڵاتەکەی و وڵاتەکەی دراوسێیان، چین، نیشتیمانی خۆی بەجێهێشت. کلێر داوای لە دایک و باوکی کرد کە دارباڕەی دالای لاما کتێبی بۆ بخوێننەوە و پاشان نامەی بۆ دالای لاما نووسی کە ئەم دەتوانێت چی بکات تا یارمەتی ئەو بدات بگەڕێتەوە بۆ تبت. دالای لاما وەڵامی دایەوە، پێشنیاری بۆ کرد کە نامە بۆ چەند سەرکردە و کۆمەڵەیەک بنووسێت. کلێریش ئەو کارەی کرد و زۆر خۆشحاڵبوو کە یارمەتیی بدات. لەو کاتەوە ئەم کچە بووە بە داکۆکیکاری مافی مرۆڤ.

جگە لە کارەکەی وەک داکۆکیکاری مافی مرۆڤ، کلێر دەچێت بۆ قوتابخانە، هیوایەتی هەیە، وەرزش دەکات، لەگەڵ هاوڕێکانی دەگەڕێت، بە نوکتەی خۆش پێدەکەنێت، پیانۆ دەژەنێت و کاری ماڵەوەش دەکات. ئەوەی شتەی کلێر کە زۆر سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە مافی مرۆڤی بەلاوە گرنگە. هەموو رۆژێک بیری لێدەکاتەوە و کاری بۆ دەکات.

ئایا کلێر لە تۆ جیاوازە؟ باشە، ئێمە هەموومان جیاوازین لە یەک و ئەو جیاوازیە چێژ بەوە دەبەخشێت کە یەک بناسین و مامەڵە لەگەڵ یەک بکەین. بەڵام چەندین خاسیەتی هاوبەشیشمان هەیە. لە راستیدا، هەر یەک لە ئێوە دەتوانێت وەکو کلێر پشتیوانی مافی مرۆڤ بکات.

■ **کۆتایی چیرۆک**

وشەسازی (١٠ خولەک):

ئەم وشە سەرەکیانەی خوارەوە پێناسە بکە. با قوتابیەکان ١-٣ رستە بنووسن و وشەکە بە راستی و دروستی بەکاربهێنن.

ماف: ویست (ئەو شتانەی لە رووی یاساوە رێگەت پێدراوە خاوەنیان بیت) یان ئازادی بوون یان هەبوونی شتێک. نمونە: مافەکانی بە یاسا پارێزراون.

مرۆڤ: پەیوەندیدار یان خاسیەتەکانی خەڵک و ئادەمیزاد. نمونە: ئێمە لەبەر خاتری مانەوەی رەگەزی مرۆڤ خەڵک فێردەکەین.

جارنامە: راگەیاندن یان ئاشکرا کردنی شتێک؛ بەڵگەنامەیەک کە ئەوانەی ئیمزایان کردوە قایلن بە ناوەرۆکەکەی. نمونە: دوێنی جارنامەکەی ئیمزا کرد.

گەردونی: بۆ هەموومانە. نمونە: پێویستی خواردن پێویستیەکی گەردونیە.

هەرەوەزی: لە لایەن دوو کەس یان زیاترەوە پلانی بۆ دانراوە و جێبەجێ کراوە، بۆ هێنانەدی یەک ئامانج. نمونە: تیمەکە بەهۆی هەوڵی هەرەوەزیی هەموو ئەندامەکانیەوە بردیەوە.

بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە بۆ قوتابیەکان (١٠ خولەک).:

"مێژوویەکی کورت لەسەر جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ" لە نامیلکەی مافی مرۆڤ چیە؟ پێویستە پێناسەی هەر وشەیەک بکەیت کە لەوانەیە قوتابیەکان لێی تێنەگەن.

پرسیارەکانی گفتوگۆ (١٠ خولەک):

ئایا راستە مافی مرۆڤ دەتوانێت یارمەتیمان بدات پێکەوە هەڵکەین و بە ئاشتی بژین؟ چۆن ئەمە راستە؟ دەتوانن نمونە بهێنەوە؟

مافی مرۆڤ چی پەیوەندیەکی بە تۆوە هەیە؟

گەنجان دەتوانن باسی مافی مرۆڤ بۆ هەرزەکاران بکەن؟

بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە بۆ قوتابیەکان (٥ خولەک).:

ئیلینۆر رۆزەڤێڵت: ئیلینۆر رۆزەڤێڵت (١٨٨٤-١٩٦٢) هاوسەری فرانکلین دیلانۆ رۆزەڤێڵتی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوو لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەم، کە لە ئەیلولی ١٩٣٩ دەستپێکرد و لە ئابی ١٩٤٥ کۆتایی هات. سەرۆک رۆزەڤێڵت ماوەیەکی کەم پێش کۆتایهاتنی جەنگەکە گیانی سپارد. کاتێک مێردەکەی سەرۆک بوو، خاتوو رۆزەڤێڵت زۆر کاری کرد کە بارودۆخی مافی مرۆڤ بۆ خەڵک باشتر بکات - بەتایبەتی بۆ گەنجان - و دوای مردنی مێردەکەیشی هەر بەردەوامبوو لەکارکردن. کە جەنگ تەواو بوو، داوا لە خاتوو رۆزەڤێڵت کرا پەیوەندی بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بکات وەک نوێنەری (نوێنەر: کەسێکە کە لە جیاتی کۆمەڵە خەڵکێک لە کۆبونەوەیەکی گرنگ لەسەر بابەتێکی گرنگ قسە دەکات) ویلایەتە یەکگرتووەکان. خاتوو رۆزەڤێڵت بوو بەو کەسەی زۆرترین بەرپرسیارێتی کەوتە سەرشان بۆ جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان.

باسی بکە و پیشانی بدە (٥ خولەک):

تەلاری نەتەوە یەکگرتووەکان کەوتووەتە شاری نیۆرک (لەسەر نەخشەکە پیشانی بدە)

ئامانجی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەیە لە رێگەی پەیوەندی و گفتوگۆ و باشترکردنی دۆخی مافی مرۆڤ ئاشتی لە نێوان نەتەوەکانی جیهاندا بچەسپێنێت.

وێنەی نەتەوە یەکگرتووەکان پیشان بدە. (لە ئینتەرنێت یان بانکی زانیاری)

ئەرکی قوتابیان (ئارەزوومەندانە):

ئەو مەلزەمەیە بدە بە قوتابیان کە ناوی "خاتوو رۆزەڤێڵت ئەمەی وت دەربارەی مافی مرۆڤ" داوا لە قوتابیەکان بکە کە بیخوێننەوە و ئەم بەشەی وتەکە بە دڵ فێربن: "دواجار مافی گەردونی مرۆڤ لە کوێوە دەستپێدەکات؟ لە شوێنە بچوکەکان، نزیک لە ماڵەکانمان – ئەوەندە نزیکن، ئەوەندە بچوکن لەسەر هیچ لەخشەیەکی جیهان نابینرێن." ئەمە رەگی بابەتەکەیە کە بە درێژایی پلانی وانەکان چەندبارە دەبێتەوە. داوایان لێ بکە بۆ وانەی داهاتوو بیخوێنەوە و تۆش دەتوانیت پاداشتی ئەو قوتابیانە بدەیتەوە کە بەشداری لەم ئەرکەدا دەکەن لە پێدانی پاداشت، مافێکی تایبەت، لەزگەیەک یان هەر پاداشتێکی تر کە پێی بزانن.

■ **کۆتایی وانە**

خاتوو رۆزەڤێڵت

ئەمەی وت دەربارەی مافی مرۆڤ

"دواجار مافی گەردونی مرۆڤ لە کوێوە دەستپێدەکات؟ لە شوێنە بچوکەکان، نزیک لە ماڵەکانمان – ئەوەندە نزیکن، ئەوەندە بچوکن لەسەر هیچ لەخشەیەکی جیهان نابینرێن. کەچی وەک جیهانێکی فراوان وان بۆ کەسێک، ئەو کۆڵانەی لێی دەژی، ئەو قوتابخانە و کۆلیژەی لێی دەخوێنێت، ئەو کارگە و کێڵگە و نوسینگەی کاری لێدەکات، ئەمانە ئەو شوێنانەن کە هەموو پیا و ژن و منداڵێک بە دوای یەکسانیی کۆمەڵایەتی، دەرفەتی کاری یەکسان و شکۆی یەکساندا دەگەڕێن. ئەگەر ئەم مافانە لەو شوێنانە مانایان نەبێت، ئەوا لە هیچ شوێنێکی تر مانایان نیە. بەبێ کاری هەرەوەزیانەی هاوڵاتیان بۆ پشتیوانیکردنی ئەم مافانە لە نزیک ماڵەکانی خۆیان، هەر جۆرە هیوایەک بۆ پێشکەوتن لەم جیهانە گەورەدا بێ هودەیە."

-وشەسازی:

بەند: بەشێک لە بەڵگەنامەیەک کە لە خاڵێکی دیاریکراو دەکۆڵێتەوە. نمونە: جارنامەکی گەردونی مافی مرۆڤ لە ۳۰ بەند پێکهاتووە.

هاوڵاتی: کەسێک کە مافی ژیانی هەیە لە وڵاتێکدا چونکە لەوێ لەدایکبووە یان چونکە هەموو مافێکی لەو وڵاتەدا پێ بەخشراوە. نمونە: من هاوڵاتیی فەرەنسام.

هەرەوەزی: لە لایەن دوو کەس یان زیاترەوە پلانی بۆ دانراوە و جێبەجێ کراوە، بۆ هێنانەدی یەک ئامانج. نمونە: تیمەکە بەهۆی هەوڵی هەرەوەزیی هەموو ئەندامەکانیەوە بردیەوە.

شکۆ: هەستی ڕێز و شانازی. نمونە: هەرچەندە زۆر هەژار بوو، بەڵام دایکەکە شکۆی خۆی پاراست.

یەکسان: هەبوونی هەمان بارودۆخ، ماف یان دەرفەت وەک هەر کەسێکی دیکە. نمونە: هەردوو کچەکە دەرفەتی یەکسانیان هەیە بۆ وەرگرتنیان لە پێشبڕکێی تێنس.

بێ هودە: بێ سوود، بەفیڕۆچوو، ئەوە بەدەست نەهێنیت کە دەتەوێت. نمونە: هەموو هەوڵەکانی بۆ دۆزینەوەی پێڵاوەکەی بێ هودە بوو.

یەکسانی کۆمەڵایەتی: هەبوونی دەرفەتی یەکسان لە کۆمەڵگا، بۆ هاوسەرگیری، دۆزینەوەی کار، هتد. نمونە: بە هەبوونی یەکسانی کۆمەڵایەتی هەموو کەسێک دەرفەتی هەیە بەپێی لێهاتوویی خۆی کار بدۆزێتەوە.

دەرفەت: هەلێکی باش؛ دۆخێکە کە یارمەتیت دەدات بگەیت بە ئامانجی خۆت. نمونە: کوڕەکە دەرفەتێکی هەیە کە فێری تۆپی پێ بێت.

گەڕان: هەوڵدان بۆ دۆزینەوە یان بەدەستهێنانی شتێک. نمونە: کچەکە بەدوای ڕێگەیەکی خێراتردا دەگەڕێت بۆ شۆردنی جلەکانی.

ئەرکی قوتابیان:

دوو دێڕی یەکەمی ئەو وتەی سەرەوە لەبەربکەن. "دواجار مافی گەردونی مرۆڤ لە کوێوە دەستپێدەکات؟ لە شوێنە بچوکەکان، نزیک لە ماڵەکانمان – ئەوەندە نزیکن، ئەوەندە بچوکن لەسەر هیچ لەخشەیەکی جیهان نابینرێن." ئەم وتە بە قوتابیەکی تر بڵێن تا بە باشی بیزانن.

مافی مرۆڤ بەندی ١
وانەی چوار: رێبەری مامۆستا

ئامانج:

یارمەتیدانی قوتابیان لە تێگەیشتنی "هەموومان بە ئازادی و یەکسانی لەدایک دەبین" و رێزی جیاوازیەکان بگرین.

بابەتەکان:

- *مافی مرۆڤ* چیە؟ نامیلکە
- (دی ڤی دی) یەکگرتن
- "٣٠ ماف ٣٠ ریکلام" دی ڤی دی ریکلامی هۆشیاری

مەلزەمەکان:

- راپرسیی ئازاد و یەکسان

ماوە:

١. وریاکەرەوە	٥ خولەک
٢. وشە سەرەکیەکان بناسێنە	٥ خولەک
٣. مافی مرۆڤ ١- بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە	٥ خولەک
٤. گفتوگۆ	١٣ خولەک
٥. رووبەرووبونەوە:	٥ خولەک
٦. چالاکی	١٠ خولەک
٧. ریکلامەکانی هۆشیاری لە "٣٠ ماف. ٣٠ ریکلام" پیشان بدە.	٢ خولەک
تەواوی کات:	**٤٢ خولەک**

ئامادەکاری مامۆستا:

- مافی مرۆڤ بەندی ١ لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ بخوێنەرەوە. لەگەڵ دەقی تەواوی بەندی ١ لە بەشی دواوەی هەمان نامیلکە. کاتێک نوسخەی تەواوی دەقەدە دەخوێنیتەوە، فەرهەنگێکی باش بەکاربهێنە بۆ ئەو وشانەی لە ماناکانیان دڵنیانیت.

- نەخشەی "باجەکە دروستبکە" کۆپی بکە لەسەر سێ کارتی ڕەنگ جیاواز بۆئەوەی چەند ڕەنگێکی کەم لە هەر شێوەیەکی باج هەبێت. ئەگەر کارتی ڕەقت نەبوو، پەڕەی کاغەز بەکاربێنە. بیانبڕە. ١٠ دانە زیاتر لە ژمارەی قوتابیەکان دروستبکە، چونکە دواتر پێویستت پێیان دەبێت.

- .مەلزەمەکان دروستبکەرەوە لە ڕاستەوخۆ لەدوای پلانی وانەوەیە.

- کۆمپیوتەر یان دی ڤی دی پلەیەر دامەزرێنە و دی ڤی دیەکە بخەکار.

زانیاری:

- کە کاتی ئەوە هات مافێکی مرۆڤ بە دەنگی بەرز بخوێنیتەوە، با قوتابیەکان بیخوێننەوە. هەرجارێک قوتابیەکی جیاواز هەڵبژێرە.

- لە سەرەتای هەر گفتوگۆیەکدا، هەندێک یاسای مەیدانی دابنێ. بۆ کۆنترۆڵ کردنی کاتەکە، بە قوتابیەکان بڵێ هەرجارێک دوو یان سێ قوتابی بەشدای پێدەکەیت کاتێک پرسیارێک دەکەیت. ڕەزامەندی قوتابیان لەسەر ئەو بابەتە بەدەستبێنە. کە یاسا مەیدانیەکانی گفتوگۆت ئاشکرا کرد، قوتابیەکان هەرەوەزیی زیاتر دەکەن و وانەکە خێراتر دەڕوات.

- "باجەکە دروستبکە" لە نەخشەی بەشەکانی ڕوونکردنەوە و چالاکی وانەکاندایە، بەشێوەی وێنەیی ڕوونکراونەتەوە تا وانەکان زیاتر بۆ قوتابیان ئاسان بکات.

- ئەگەر نەتوانیت بەو شێوەی داواکراوە کارتەکان دروست بکەیت، دەتوانیت کارێکی ئاسان بکەیت کە جێگەی ئەوە بگرێتەوە، با قوتابیەکان یارمەتیت بدەن باجەکان بۆ سێ شێوەی ڕوون و جیاواز بنوشتێنیتەوە. ئەگەر ئەمەش نەگونجا، ناوی خاسیەتێکی جل بڵێ و بە پێی جۆری جل و بەرگی قوتابیان گروپەکان جیابکەرەوە، وەک "هەموو ئەو قوتابیانەی قۆڵی جلەکەیان درێژە" بۆ یەک گروپ. بە کورتی، پێویستت بە ئەوەیە قوتابیەکان بە پێی خاڵی هاوبەش بە شێوەی گروپ جیابکەیتەوە، بە بەکارهێنانی نیشانەیەک یان جیاکەرەوەیەک، هەر نیشانەیەک ئاماژەیە بۆ گروپێک.

مافی مرۆڤ بەندی ١
وانەی سێ: پلانی وانە

هەر بەشێکی پلانی وانەکە بەم ریزبەندیە پێشکەش بکە.

وریاکەرەوە (٥ خولەک.):

١. چەند شێوەیەکی ئەندازەیی لە رەنگی جیاواز ئامادە بکە. (کلێشە و رێنماییەکان ببینە کە دراون.) ئەمانە دەبن بە "باج."

٢. دابەشیان بکە بەسەر قوتابیەکاندا، دڵنیابە کە شێوەکان جۆراوجۆرن و رەنگیان جیاوازە، بە شێوەی هەرەمەکی بیانده بە قوتابیەکان.

٣. بە قوتابیەکان بڵێ شتێکی خێرا لەسەر باجەکە دروستبکەن یان وێنەیەکی لە سەر بکێشن. (بزانە چەند خێرا دەیکەن، یەک خولەک زیاتریان نیە.) پێیان بڵێ با پیشانی هاوپۆلەکانیانی نەدەن تا تەواو دەبن. ئەمە وایان لێدەکات شتێکی تایبەت بە خۆیان لەسەر باجەکە دروست بکەن، ئەمە کاریگەی دەدات بە وانەکە.

٤. دەرزی یان تیپ بەکاربێنە بۆئەوەی باجەکان بە کراسەکانیانەوە بلکێنیت تا بە ئاسانی ببینرێن.

٥. گرنگ: بە چێژ و نهێنی ئامێزی بکە. وەڵامی هیچ پرسیارێک مەدەرەوە بۆچی ئەو کارە دەکەیت. بەڵام پێیان بڵێ کەمێکی تر کاریگەریەکەی دەزانن.

وشەسازی (٥ خولەک):

ئازاد: بتوانیت کارێک، هەڵسوکەوتێک بکەیت یان بە جۆرێک بیربکەیتەوە کە خۆت پێت خۆشە؛ نەک لە ژێر کۆنترۆڵی نەویستراى کەسێک. نمونە: ئێمە هەموومان ئازادین کاتێک دەمانەوێت بڕیار لەسەر ئیش، خوێندن، چاودێریکردنی جەستەی خۆمان بدەین، یان ئەو ئاینە هەڵبژێرین لە بڕوامان پێیەتی یان باوەڕمان پێی نیە.

یەکسان: هەبوونی هەمان بارودۆخ، ماف یان دەرفەت وەک هەر کەسێکی دیکە. نمونە: پیاوەکان دەرفەتی یەکسانیان هەیە تا داواکاری بۆ کارەکە پێشکەش بکەن.

بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە بۆ قوتابیەکان (٢ خولەک).:

مافی مرۆڤ چیە؟ نامیلکە، مافی مرۆڤ ١، "هەموومان بە ئازادی و یەکسانی لەدایک دەبین."

پرسیارەکانی گفتوگۆ (١٣ خولەک):

١. هەموومان چەند خاسیەتکی نایاب و شازمان هەیە. (خاسیەت واتە چۆنیەتی کە کەسایەتی کەسێک دروست، ئەوەی کە شتێک لە شتێکی تر جیادەکاتەوە.) کێ خاسیەتێکی نائاسایی هەیە کە بەدڵتە؟

٢. هەموومان توانای جیاوازمان هەیە لە بواری جیاوازدا. با قوتابیان ناوی دوو کەس بهێنن لە دەرەوەی پۆل و توانای هەر یەکەیان بناسێنن. (نا قوتابیان ناوی شتێک نەهێنن کە ئەو کەسانە ناتوانن بیکەن. با وەڵامەکانیان ئەرێنی بن)

٣. ئایا دوو کەس هەیە کت و مت لەیەک بچن؟ (ڕەزامەندی قوتابیان بەدەستبێنە کە هیچ کەس کت و مت لە کەسێکی تر ناچێت.)

٤. لەیادتانە وشەی "یەکسان" چی مانایەکی هەیە؟ (بە وشەکەدا بچۆرەوە) ئایا هیچ کەسێک بەتەواوەتی لەگەڵ کەسێکی تر یەکسانە؟ (ڕەزامەندی قوتابیان بەدەستبێنە کە هیچ کەس بەتەواوەتی وەک کەسێکی تر یەکسان نیە.)

٥. جیاوازی چیە لە نێوان "یەکسان بوون" و "هەبوونی مافی یەکسان"؟

ڕوونکردنەوە: (٥ خولەک):

١. بە کورتی پیاچونەوەیەک بۆ وشەی "یەکسان" بکە.

٢. لە هەر شێوەیەک یەکێک لەو باجە شێوە ئەندازەییانە هەڵبگرە کە بەپێی نەخشە دراوەکە دروستت کردون. ڕەنگ گرنگ نیە.

٣. با قوتابیەک بێتە بەردەم هەموو پۆلەکە.

٤. با یەکێک لە شێوەکان هەڵبژێرێت. پێی بڵێ کە بە ئارەزووی خۆی ئەوە هەڵبژێرێت کە دەیەوێت. دڵنیا ببەرەوە کە دڵنیایە لە هەڵبژاردنەکەی.

٥. لە قوتابیەکانی تر بپرسە، "ئایا (ناوی قوتابیەکە) ئازاری کەسی دا یان زەرەری بۆ کەس هەبوو، هیچ ڕێکەوتنێکی شکاند یان شتێکی کرد کە حەزنەکا کەس ئەو شتەی بەرامبەر بکا؟" (وەڵامەکەی دەبێت نەخێر بێت)

٦. بپرسە، "ئایا بڕیاری خۆی دا؟" (وەڵامەکەی دەبێت بەڵێ بێت)

٧. ئایا ئەو ئازادە؟ (وەڵامەکەی دەبێت بەڵێ بێت)

٨. هەنگاوەکانی ٢-٧ دووجار لەگەڵ قوتابی جیاواز دووبارە بکەرەوە تا مەبەستەکە بچەسپێنیت. بە گورجوگۆڵیەوە ئەم کارە بکە و جەخت لەسەر سێ پرسیار بکەرەوە (٥، ٦، ٧)

چالاکی (١٠ خولەک):

١. با ئەو قوتابیەکانەی سێ گۆشەکەیان لایە لە بەشێکی ژوورەکەدا کۆببنەوە، جیا لەوانی تر. هەمان شێوە بۆ ئەو قوتابیانەی بازنەیان لایە. هەمان شێوە بۆ ئەو قوتابیانەی چوارگۆشەیان لایە.

٢. با هەر قوتابیەک لەگەڵ قوتابیەکی تری گروپەکەی خۆیدا یەکبگرێت و سێ شتی پێبڵێ کە لە باجەکەی هاوڕێکەی ئەو جیاوازە (لە راستیدا باجەکەیان هەمان شێوە و هەمان ڕەنگە) بە کورتی، قوتابی یەکەم سێ شت بە قوتابی دووەم دەڵێت کە لە باجی قوتابی دووەمدا هەیە یان جیاوازە (لە باجەکەی خۆی) پاشان سەرەی قوتابی دووەم دێت کە سێ شت بڵێ لە باجی قوتابی یەکەم جیاوازبێت. نمونە: قوتابی یەکەم دەتوانێت بڵێت، "باجەکەی تۆ لەوەی من خرتڕە. تۆ وێنەکەت بە پاندان کێشاوە، من بە قەڵەمی دار. وێنەکەی تۆ هی مراویە." پاشان قوتابی دووەم تێبینی جیاوازیەکان دەکات لە نێوان باجەکەی خۆی و هاوڕێکەی.

٣. ئەم پرسیارە بکە، "ئایا هەمووتان یەکسانن؟" (وەڵامەکەی دەبێت نەخێر بێت)

٤. ئێستا داوا لە هەموو قوتابیان سێگۆشە بکە کە بچنەوە شوێنی خۆیان دابنیشن، با ئەوانی تر دانەنیشن. دوای ئەوە، گروپی بازنە پێکەوە لای دیوارەکە بوەستن، ڕووبکەنە دیوارەکە و پشت بکەنە قوتابیانی تری پۆلەکە.

٥. بەبێ ئەوەی کەس بجوڵێت، بپرسە، "ئایا هەمووتان مافی یەکسانتان هەیە؟" (وەڵامەکەی دەبێت نەخێر بێت)

٦. ئێستا ئاگاداریان بکە هەموو قوتابیەکان، بەبێ ڕەچاوکردنی شێوەی باجەکەیان، دەتوانن دابنیشن یان بەپێوە بوەستن یان بە ڕێزەوە بە ئازادی بە ناو ژوورەکەدا پیاسە بکەن.

٧. خولەکێک کاتیان بدەرێ، پاشان سەرنجی هەمووان کۆبکەرەوە و بپرسە، "ئێستا هەمووتان مافی یەکسانتان هەیە وەک سێگۆشە و چوارگۆشە و بازنە؟" (وەڵامەکەی دەبێت بەڵێ بێت)

٨. کۆتایی بە وانەکە بێنە و با هەمووان لە شوێنی خۆیان دابنیشن.

پیشاندان (٢ خولەک).:

بە پیشاندانی مافی مرۆڤی ١ لە چیرۆکە ڤیدۆیەکان لە ژێر ناونیشانی "٣٠ ماف. ٣٠ ڕیکلام" کۆتایی بە وانەکە بێنە. لەسەر دی ڤی دیەکەی هاوەڵی. لێرەدا بوەستە. ئەوانی تر لە کاتی گونجاودا پیشان دەدرێن کە وانەکان بەردەوام دەبن.

ئەرکی نووسین (ئارەزومەندانە)

هەڵوێستەیەک لەسەر ئەم سیناریۆ بکە: جیهانێک بێنە بەرچاوی خۆت کە کەس ڕێز لە کەس ناگرێت و خەڵکی ڕەوشتی بەرز بەرامبەر یەکتر پیشان نادەن. ئایا لەم جیهانەدا ئازاد دەبیت؟ داوا لە قوتابیەکان بکە کە سێ پەرەگراف یان زیاتر بنووسن کە بۆچی ئەگەر بمانەوێت خۆمان ئازاد و یەکسان بین ئەوا دەبێت گرنگی بە ئەوانی تر بدەین و بە ڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ خەڵک بکەین. چی بەسەر ماف و ئازادیەکانماندا دێت ئەگەر ڕێزی خەڵک نەگرین، تەنانەت غەریبەکانیش؟ با لە وتارەکەیاندا نمونەیەک بهێننەوە کە چۆن دەتوانن یارمەتی کەسێک بدەن کە دەیناسن یان بینیویانە تا مافی یەکسانیان هەبێت. بۆ نمونە، دەتوانن ڕێگە بە کەسێک بدەن کە باسی بیرۆکەیەک بکات بەبێ ئەوەی ڕەخنەی لێ بگرن یان دەتوانن یارمەتی منداڵێک بدەن کە بەشی گونجاوی خۆی لە خواردنێک بەربکەوێت.

ئەرکی قوتابیان (ئارەزوومەندانە):

مەلزەمەی "ڕاپرسی قوتابیان دەربارەی ئازاد و یەکسان" بەکاربهێنە. بە قوتابیەکان بڵێ، "دوای ئەوەی لە پۆل چونە دەرەوە، ئەم پرسیارانە لە سێ کەس بکەن کە هاوپۆلی خۆتان نەبن:

ئەمڕۆ چی مافێکت هەیە کە دایک و باوکت بە گەنجی نەیانبوو؟

ئەبێت چی بکەین تا ئەو مافانە بپارێزین؟

ئەو مافە چیە کە پێویستە هەتبێت بەڵام خەڵک ڕێزی ناگرن؟ "

ئەتوانیت پاداشتی ئەو قوتابیانە بدەیتەوە کە بەشداری لەم ئەرکەدا دەکەن لە پێدانی پاداشتێک، مافێکی تایبەت، لەزگەیەک یان هەر پاداشتێکی تر کە پێی بزانن.

■ کۆتایی وانە

کلێشەی باج

ئەم کلێشەیە لەسەر سێ کارتی ڕەنگ جیاواز کۆپی بکە، پاشان شێوەکەی هەڵبێنە. (یان با قوتابیەکان هەڵیبێنن)







ئازاد و یەکسان

راپرسی قوتابیان

ناو: _____ **بەروار:** _____

ئەرکی دوای پۆل: ئەم پرسیارانە لە سێ کەس بکە (با هاوپۆلت نەبن):

١. ئەمڕۆ چی مافێکت هەیە کە دایک و باوکت بە گەنجی نەیانبوو؟

کەسی ئەلف: _____

_____

_____

_____

_____

کەسی ب: _____

_____

_____

_____

_____

کەسی پ: _____

_____

_____

_____

_____

٢. ئەبێت چی بکەین تا ئەو مافانە بپارێزین؟

کەسی ئەلف: _____

_____

_____

_____

کەسی ب: _____

_____

_____

_____

کەسی پ: _____

_____

_____

_____

٣. ئەو مافە چیە کە پێویستە هەتبێت بەڵام خەڵک رێزی ناگرن؟

کەسی ئەلف: _____

_____

_____

_____

کەسی ب: _____

_____

_____

_____

کەسی پ: _____

_____

_____

_____

بەندەکانی مافی مرۆڤ ٢-٥
وانەی چوار: رێبەری ماموّستا

ئامانج:
یارمەتیدانی قوتابیان لە فێربوونی بەندەکانی ٢ تا ٥ی جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ و فێرکردنیان کە چۆن تێگەیشتن بەرەو چارەسەرمان دەبات. قوتابیان هەوڵی زیاتر دەدەن لەگەل بەندی ١

بابەتەکان:
- مافی مرۆڤ چیە؟ نامیلکە
- "٣٠ ماف ٣٠ ریکلام" دی ڤی دی ریکلامی هۆشیاری

مەلزەمەکان:
- تۆ چارەسەرکەری کێشەکانیت

ماوە:
١. سەرنج راکێشەر	٥ خولەک
٢. وشە سەرەکیەکان بناسێنە	١٠ خولەک
٣. بەندەکانی مافی مرۆڤ ٢ تا ٥ (بەدەنگی بەرز بیخوێنەرەوە)	٥ خولەک
٤. "٣٠ ماف و ٣٠ ریکلام" پیشان بدە. ریکلامی هۆشیاری	٥ خولەک
٥. گفتوگۆ	٥ خولەک
٦. چالاکی	١٥ خولەک
٧. چیرۆکی جۆن هاوارد گریفن	٥ خولەک
تەواوی کات:	**٥٠ خولەک**

ئامادەکاری مامۆستا:

- بەندەکانی ٢ تا ٥ی مافی مرۆڤ بخوێنەرەوە لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ لەگەڵ نوسخەی تەواوی دەقەکە لە پشتی نامیلکەکە. کاتێک نوسخەی تەواوی دەقەدە دەخوێنیتەوە، فەرهەنگێکی باش بەکاربهێنە بۆ ئەو وشانەی لە ماناکانیان دڵنیانیت.

- دوو رێگە بۆ خۆت دیاری بکە کە ئەو چوار مافە ببەستێت بە ژیانی قوتابیانەوە تا بتوانیت جڵەوی گفتوگۆکە بگریت و باسی چەند نمونەیەکی یاریگا یان رووداوەکانی قوتابخانە یان هەواڵەکان وەک نمونە بهێنەرەوە.

- .مەلزەمەکان دروسبکەرەوە لە راستەوخۆ لەدوای پلانی وانەوەیە.

- کۆمپیوتەر یان دی ڤی دی پلەیەر دامەزرێنە و دی ڤی دیەکە بخەکار.

زانیاری:

- جگە لە رەگەزپەرستی، چەندین جۆری تری جیاوازیکردن لە جیهاندا هەیە، وەک جیاوازیی رەگەزی، کەمئەندامی، جل و بەرگ و ستایڵ، تەمەن، دارایی، هتد.

- کە قوتابیان چارەسەرەکانی خۆیان خستەروو دوای گفتوگۆ، هەڵەکان دیاری بکە و راستیان مەکەرەوە، ئەگەر هەوڵیاندا بیرۆکەیەکی نایاب بدۆزنەوە ئەوە دەبێت بە داهێنانی خۆیان. پیرۆزبایان لێ بکە یان هەر سوپاسیان بکە بۆ کارەکەیان. ئەم راهێنانە بەها پەروەردەییەکەی لەوەدایە هانی قوتابیان دەدات هەوڵبدە.

- لەوانەیە ئەشکەنجەدان کێشەیەکی گەورەی زۆربەی قوتابیان نەبێت، بەڵام کۆیلایەتی مۆدێرن (زیاتر وەک بازرگانیی مرۆڤ ناسراوە) کێشەیەکی نزیکە لێیان. بە بەشی "نمونەی پێشێلکاری مافی مرۆڤ"دا بچۆرەوە لە دەقی "دەربارەی مافی مرۆڤ" تا لە کۆیلاتی مۆدێرن زیاتر تێبگەیت. باسکردنی ئەو راستیەی هەندێک کۆمپانیا بەوە ناسراون کرێکاری کۆیلە بەکاردێنن تا بەرهەمەکانیان هەرزانتر بەرهەمبهێنن، رەنگە پەیوەندی بە ژیانی قوتابیان خۆیانەوە هەبێت. کە بەرهەمی ئەو کۆمپانیانە دەکڕین، ئەوە پشتگیری بازرگانیی کۆیلە دەکەین. دەتوانیت لە ئینتەرنێت بەدوای ئەو راستیانەدا بگەڕێیت. هەروەها ئەتوانیت کۆیلایەتی مۆدێرنی ئەمڕۆ ببەستیتەوە بەو راستیەی چەندین منداڵ بێلانەن و ماڵیان بەجێهێشتووە، ئەم منداڵانە زۆر ئاسان دەتوانرێت بەرەو کۆیلایەتی پەلکێش بکرێن. قوتابیەکان لەوانەیە گەنجێک بناسن یان بینیبێتیان لە بە جێگە و رێگەیە.

- چالاکیی "تۆ چارەسەرکەری کێشەکانیت'" بەرپرسیارێتیەکی گەورە دەخاتە ئەستۆی قوتابیەکان. ئەگەر قەبارەی پۆلەکە یان ئاستی قوتانیەکان بەشی ئەوە ناکات بیانکەیت بە چەند گروپێکی بچوکەوە تا سەربەخۆ کاربکەن، پێویستە باسی نمونەی زیاتر بکەیت بۆ هەموو پۆلەکە وەک یەک گروپ. با پۆلەکە نمونەیەک هەڵبژێرن و پێکەوە بابەتەکە بوروژێنن

بەبێ ئەوەی بیانکەیت بە گروپی بچوک بچوک. با قوتابیان ئەنجامی گفتوگۆکانی خۆیان بڵێن و تۆش بیرۆکەکان لەسەر بۆردەکە بنووسە. با بە ئارەزوی خۆیان بیرۆکە بڵێن، باش و خراپ، گرنگ ئەوەیە دەرئەنجامی ماندووبوونی خۆیان بێت. بەپێی پێویست رێبەریان بکە، تا بیرۆکەکان ئەرێنی بن.

بەندەکانی مافی مرۆڤ ٢-٥
وانەی چوار: پلانی وانە

هەر بەشێکی پلانی وانەکە بەم رێزبەندیە پێشکەش بکە.

وریاکەرەوە (٥ خولەک.):

ئەم راهێنانە بەکاربهێنە تا قوتابیان رابکێشیتە ناو وانەکە.

بە قوتابیەکان بڵێ، "ئێستا هەشت راستیتا پێدەڵێم دەربارەی پیاوێک بەناوی جۆن هاوارد گریفن. دوای ئەوەی کە خوێندمەوە، پێمبڵێن سەر بە چی تاقمێکی رەگەزیە. (رەگەزی واتە رەنگ و کلتورەکەی)."

ئەم راستیانەی خوارەوە بخوێنەرەوە:

- جۆن هاوارد گریفن لە تەکساس لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەدایکبووە لە ساڵی ١٩٢٠.
- باوکیی جۆن بازرگانی میوەی دەکرد.
- جۆن لە فەرەنسا قوتابخانەی تەواوکرد و لەوێ لە بەرامبەر خوێندنەکەیدا کاری دەکرد.
- جۆن وەک هەواڵنێری گۆڤارێک کاریکرد بەناوی سێپیا کە لە لایەن ئەفەریقیە-ئەمەریکیەکانەوە دەخوێنرایەوە (سێپیا رەنگێکی زەردباو یان قاوەیی سورباوە)
- ژنەکەی جۆن ناوی ئیلیزابێس بوو.
- جۆن چوار منداڵی هەبوو.
- هەندێک خەڵک جۆنیان خۆشنەدەویست لەبەر روخساری وە نەیاندەهێشت لە رێستۆرانتەکانیان نان بخوات.
- کە لە ئەمەریکا کێشەی بۆ دروستبوو، جۆن باریکرد بۆ مەکسیک.

ئیستا دووبارە پرسیارەکە لە پۆلەکە بکە، "جۆن سەر بە چی تاقمێکی رەگەزی بوو؟"

وەڵامەکان لەسەر بۆردەکە بنووسە. دەتوانیت وەک دەنگدانی لێبکەیت و ژمارەی دەنگەکانی هەر وەڵامێک تۆمار بکەیت. نموونەی هەندێک وەڵام: ڕەشپێت، ئەفەریقی-ئەمەریکی، مەکسیکی یان فەڕەنسی.

ئەگەر کات هەبوو با هۆکار بۆ وەڵامەکانیان بهێننەوە

هیچ ئاماژەیەکی تر مەدە. زیاتر شەیدای زانیاریان بکە کە لە وانەکە بەردەوام دەبیت. با بابەتەکە تا ماوەیەک بە وەڵامنەدراوەیی بمێنێتەوە.

وشەسازی (١٠ خولەک):

جیاوازیکردن: مامەڵەی نادادپەروەر، ڕێگرتن لەوەی گروپێکی دیاریکراو مافی یەکسانیان هەبێت. نمونە: نەزانی و پەروەردەی نادروست لەوانەیە وا لە خەڵک بکات جیاوازیی تاکەکانی ئاینێکی دیاریکراو بکەن لەگەڵ تاکەکانی تر.

ژیان: بارودۆخێکە زیندەوەر و ڕووەک لە نازیندەوەران جیادەکاتەوە، وەک گەشەکردن و گۆڕانی بەردەوام پێش مردن؛ حاڵەتی زیندوبوون وەکو مرۆڤ. نمونە: نایەوێت بمرێت، ژیانی خۆشدەوێت.

کۆیلایەتی: سیستمێکە فشار لە خەڵک دەکات کاربکەن، زۆرجار بەرامبەر هەقدەستێکی کەم یان بێ هەقدەست؛ بە بەکارهێنانی هەڕەشە، درۆ یان فێڵ تا وا لە خەڵک بکات بە جۆرێکی نائارەزوومەندانە خزمەتی بەرژەوەنیەکی دیاریکراو بکەن. نمونە: کۆیلایەتی لە چەندین وڵات بوونی هەیە.

ئەشکەنجە: گەیاندنی ئازاری لەرادەبەدەری بە ئەنقەستی کەسێک، زۆرجار وەک سزادان، زۆرلێکردن بۆ وتنی شتێک یان جیاوازیکردن. نمونە: فیلمەکە دیمەنێکی ترسناکی ئەشکەنجەی تیادابوو کە وای لێکردم چاوەکانم دابخەم.

پێشێلکردن: شکاندنی یاسا، ڕێکەوتن، بەڵێن، هتد؛ حاڵەتێک کە دژی بەڵێن، ڕێکەوتن یان یاسایەکی سروشتیە. نمونە: ئەشکەنجەدانی کەسێک، پێشێلکردنی مافی مرۆڤە.

بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە بۆ قوتابیەکان (٥ خولەک).:

مافی مرۆڤ چیە؟ نامیلکە، مافی مرۆڤ ٢-٥. دڵنیابەرەوە کە بە تەواوی باسی هەریەکێکیان دەکەیت و هانی بەشداریپێکردنی قوتابیان دەدەیت.

پیشاندان (٥ خولەک).:

بەندەکانی ٢-٥ی مافی مرۆڤ لە "٣٠ ماف. ٣٠ ریکلام" پیشان بدە. ریکلامی هۆشیاری

گفتوگۆ (٥ خولەک).:

گفتوگۆ بکە کە چۆن ئەم چوار مافە لە ژیانی قوتابیانەوە ببەستیتەوە. قوتابیان دەیانەوێت نمونەی مێژوویی کۆن بخەنەڕوو، بەڵام داوایان لێبکە نمونەی ژیانی ئێستاش بخەنەڕوو.

چالاکی (١٥ خولەک):

قوتابیەکان بکە بە ٥ گروپ و بەندێک لە بەندەکانی مافی مرۆڤ بدە بە هەر گروپێک.

١. مەلزەمەیەکی "تۆ چارەسەرکەری کێشەکانیت" بدە بە هەر گروپێک کە نمونەی پێشێلکاریی مافی مرۆڤی تێدابێت لەمڕۆدا.

٢. با هەر یەک لە گروپەکان ئەو بەشەی مەلزەمەکە بخوێننەوە کە تایبەتە بە مافی گروپەکەیان، پاشان چارەسەر بۆ یەکێک لە پێشێلکاریەکانی بدۆزنەوە. پێنج خولەکیان پێبدە بۆ ئەم کارە.

یادی قوتابیەکان بخەرەوە کە:

- یەکەم یاسا ئەوەیە کەس سەرنجی نەڕێنی نەدات لەسەر بیرۆکەی کەسێکی تر. هەر بیرۆکەیەت، خراپ بێت یان باش، لەوانەیە بیرۆکەیەکی باشتری لێ بەرهەمبێت.
- بەسەرە با بیرۆکەکانی خۆیان بڵێن.
- رابەرەکە نابێت ڕێگە بدات کەس قسەی کەس ببڕێت.
- هەر ئەندامێک پێویستە ئازادبێت لە دەربڕینی بیروباوەڕی خۆی.
- کەسێک ببێت بە نوسەر و بیرۆکەکان بنوسێتەوە.
- گروپەکە بە بیرۆکەکاندا دەچنەوە و یەک بیرۆکە هەڵدەبژێرن و دەیکەن بە چارەسەر. پێویستە بیرۆکەکە پاڵفتە بکەن تا کاریگەر و پوخت بێت.

٣. با گروپەکان یەک بگرنەوە و چارەسەرەکانیان بۆ یەکتر بخەنەڕوو.

بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە (٥ خولەک).:

جۆن هاوارد گریفن: جۆن هاوارد گریفن (١٩٢٠-١٩٨٠) زیاتر وەک نوسەر ناسراوبوو. لە دالاس، تەکساس لەدایکبووە کوڕی جاک والتەر گریفن و لینا مای یۆنگە. باوکی بازرگانی میوە بووە. دایکی مۆسیقاژەن بوو.

کە تەمەنی ١٥ ساڵ بوو، ڕۆیشت بۆ خوێندنی بەشە ناوخۆیی (جۆرە قوتابخانەیەکە کە قوتابیەکان لە دووری ماڵ دەخوێنن و دژین) لە فەرەنسا، بەڵام پارەی نەبوو کرێی خوێندنەکەی بدات. بۆیە ڕێکەوتنێکی کرد کە لە قوتابخانە کاربکات لە بەرامبەر کرێی خوێندنەکەی. دوای تەواوکردنی خوێندن، لە فەرەنسا مایەوە بۆ خوێندنی پزیشکیی، هونەر، کلتور و بیری مرۆڤدۆستان (مرۆڤدۆستان).

دوای ماوەیەک، جۆن گەڕایەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان و لەوێ ئیلیزابێس هۆلاندی بینی و لەساڵی ١٩٥٢ هاوسەرگیری لەگەڵی ئەنجامدا. چەندین ئەزموونی ناوازەی تاقیکردەوە لە فەرەنسا، باشوری زەریای هێمن و ئەمەریکا. وە لە کۆتایدا بوو بە هاوالنێری سێپیا، کە گۆڤارێکی مانگانە بوو بۆ ئەفەریقیە-ئەمەریکیەکان دەنووسرا.

لە ساڵی ١٩٥٩، جۆن ئەرکی لێکۆڵینەوەی پێسپێردرا بۆ لێکۆڵینەوە لە بەرزی ڕێژەی خۆکوشتن لەناو ڕەش پێستەکانی باشوری ئەمەریکا. ویلایەتەکانی باشوری ئەمەریکا مێژوویەکی خراپیان هەبوو لە بە کۆیلەکردنی ڕەسپێستەکان. تا ساڵی پەنجاکان، کۆیلایەتی دەمێکبوو ریشەکیش کرابوو، بەڵام هێشتا یاسا مافی یەکسانی بۆ هەموو ئەمەریکیەکان دابین نەکردبوو. هەڵوێستی ڕۆژانەی هەندێک خەڵک بارودۆخێکی سەختی خولقاند بۆ ئەفەریقیە - ئەمەریکیەکان کە مافی خۆیان هەبێت. خەڵکی ئەمەریکا و هەموو جیهان چاویان لە بەرامبەر ئەو نادادپەروەری و جیاوازیکردنە داخست و بە شێوەیەک فەرامۆشیان کردن. بەڵام جۆن بەمە ڕازی نەبوو.

بۆ ئەوەی لە بارودۆخیان تێبگات، جۆن هەستیکرد پێویستە لە باشور لەگەڵ ڕەش پێستەکان بژی. لە کاتێکدا گەشتکردن و مانەوە لە باشور بۆ ماوەیەک کێشە نەبوو، بەڵام کێشەیەکی گەورەتر هەبوو .... جۆن ڕەش پێست نەبوو!

بە یارمەتی دکتۆرێک، جۆن توانی پێستی تاریک بکات و بیکات بە قاوەییەکی جوان. پاشان سەری تاشی و دەستیکرد بە گەڕان بەناو ژیانی ئەفەریقیە - ئەمەریکیەکانی ڕۆژگاری ئەو کاتەدا. سواری پاس بوو وە لە شارۆچکەی ڕەش پێستەکان نیشتەجێ بوو. پێشبینیکرد کە توشی زەحمەت و ڕقی پێشوەخت (تێروارێنێکی خراپە بەرامبەر کەسێک، پێش ئەوەی بیناسیت، لەسەر بنەمای هەڵە دەربارەی نەژاد، ئاین، هتد) بێتەوە، بەڵام ئەوەی کە توشی بوو زۆر لەوە خراپتر بوو کە پێشبینی کرد. خەڵک بە ناوی خراپ بانگیان دەکرد. دۆزینەوەی کار و ژوورێکی ئیسراحەت زەحمەت بوو. سادەترین شت قورس بوو لە سەری چونکە خەڵکانی نەناسراو ڕقیان لێی بوو. دوای چەند هەفتەیەک، ماندو بوو وە دۆڕا، بەڵام بەردەوام بوو، جار جار شەوێک یان دوو شەو لەگەڵ هاوڕی کۆنەکانی ئەمایەوە تا مێشکی ساف بکات و بە ئارامی بخەوێت.

لە کۆتایدا، خەفەتی زۆری خوارد و زۆر ماندو بوو لە ژیانی خۆی وەک ڕەش پێستێک، جۆن وردە وردە وازی لە دەرمانەکان هێنا تا پێستی ڕوون ببێتەوە و بگەڕێتەوە ڕەنگە ئاساییەکەی خۆی. پاشان تاقیکردنەوەیەکی تری ئەنجامدا، لە نێوان کلتورە جیاوازەکاندا ئەمبەرە و بەری ئەکرد، وەک سپی پێست ئەڕۆیشت بۆ شوێنێک و وەک ڕەش پێستێک دەگەڕایەوە. ئەم شتەی چەند جارێک دووبارە کردەوە و بۆی دەرکەوت ئەو کاتەی کە ڕەش پێستە، ڕەش پێستەکانی تر دۆستانە مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و ڕێزی دەگرن، بەڵام سپی پێستەکان بە سووک (کەم نرخ و بێ بەها) تەماشای دەکەن. لە لایەکی ترەوە، کاتێک وەک پیاوێکی سپی پێست دەگەڕایەوە بۆ هەمان شوێن، سپی پێستەکان ڕێزیان لێدەگرت و ڕەش پێستەکان بە ترس و بێ متمانەییەوە لێیان دەڕوانی. جۆن زانی کە ڕەش پێست و سپی پێستەکان لە لەیەک تێنەگەیشتوون و پێویستە ڕێگایەک بدۆزنەوە تا بە گیانی لێبوردنەوە بیرۆڕا ئاڵوگۆڕ بکەن.

جۆن ئەم ئەزموونانەی خۆی لە باشور لە گۆڤارەکەی خۆی، سێپیا، بڵاوکردەوە. پاشان لە ساڵی ١٩٦١ کتێبێکی چاپکرد بە ناوی ڕەش پێستی وەک من. ئەوە یەکەم کتێب و کۆتا کتێبی نەبوو، بەڵام داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ دەڵێن گرنگترین کتێبی بوو.

هەواڵی کتێبەکە وەک ئاگر بڵاوبوویەوە. لە کاتێکدا هەندێک کەس پیرۆزباییان لێکرد، هەندێکی تر ڕقیان لێی بوو چونکە باسی بارودۆخی ڕەش پێستەکانی کردبوو. خۆی و هاوسەرەکەی و چوار

منداڵەکەی، کە لە مانسفیلّد لە تەکساس دەژیان، هەڕەشەیان لێکرا. هەندێک هەڕەشەیان لێکرد کە پارچە پارچەی بکەن، هەندێک هەیکەلێکی گەورەی ئەویان لە شێوەی بووکدا لە سەر شەقامێکی گشتی هەڵواسی و سوتاندیان،هەندێکی تر وەک نیشانەی رق و کینە بەرامبەری، خاچیان دەسوتاند. لە کۆتایدا دۆخەکە ئەوەندە خراپ بوو، ناچار لەبەر سەلامەتی، جۆن خێزانەکەی گواستەوە بۆ مەکسیک و نەگەڕایەوە تا بارودۆخەکە هێور بوویەوە. سەرەڕای هەموو شتێک، جۆن رقی لەو کەسانە نەبوو کە رق و کینەیان بەرامبەری پیشاندابوو. وەک خۆی بۆ گەنجێکی رەش پێستی باسکرد پێش ئەوەی بروات بۆ مەکسیک، جیاوازیکردن شتێکی سروشتی نیە لە ناخی سپی پێست و رەش پێستەکاندا، بەڵکو کۆمەڵگا فێری کردوون.

تا کۆتایی ژیانی، جۆن هاوارد گریفن، کاریکرد بۆ بڵاوکردنەوەی لێبوواردەیی و تێگەیشتن بۆ هەموو خەڵک لە هەموو رەنگەکان.

ئەرکی قوتابیان (ئارەزوومەندانە):

با قوتابیەکان مافەکانی ١-٥ بە دڵ فێربن لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ (پێویست ناکات قوتابیان لە ژێر لێوەوە لەبەری بکەن) پێویستە بتوانن بە خێرایی بۆ قوتابیانی تر یان مامۆستاکەی بخوێننەوە. "١. هەموومان بە ئازادی و یەکسانی لەدایک دەبین، ٢ جیاوازیکردن قەدەغەیە 3. مافی ژیان، ٤. کۆیلایەتی قەدەغەیە، ٥. ئەشکەنجەدان قەدەغەیە." ئەگەر کێشەیان هەبوو، پێویستە ئەو وشەیە بدۆزنەوە کە بە تەواوی لێی تێناگەن و روونی بکەنەوە. ئەگەر نمونە بۆ هەریەکێکیان بهێننەوە، قوتابیان ئاسانتر مافەکان لەبەردەکەن. ئەم راهێنانە ئاسان و خێرایە. (پێویستە مامۆستاکە پێشبینی بکات قوتابیان لە ماوەی ١٠ خولەک یان کەمتر ئام مافانە لەبەربکەن.)

ئەرکی قوتابیان (ئارەزوومەندانە):

داوا لە قوتابیان بکە دووبارە راستیەکان دەربارەی جۆن هاوارد گریفن بخوێننەوە کە لە سەرەتای ئەم وانەدایە. پاشان بپرسە ئایا پێیان وایە زانینی رەنگی پێستی ئەو گرنگە یان نا. ئایا راستیەکان باسی رەنگی پێستی دەکەن یان باسی کارەکانی دەکەن؟ دەیانەوێت چی دەربارەی کەسێک بزانن ئەگەر بیانەوێت بزانن کەسێکی چۆن بووە؟ دەیانەوێت بزانن چی دەسکەوتێکی هەبووە؟ یان چۆن یارمەتی ئەوانی تری داوە؟ یان بە بۆچوونی ئەو چی گرنگ بووە؟ یان ئامانجەکانی چین؟ یان چی دەیخاتە پێکەنین؟ یان چێژ لە چی وەردەگرێت؟ یان پشتیوانی لە چی بیرۆکە و دۆزێک دەکات؟ یان چی وەک کێشە دەبینێت و چۆن چارەسەریان دەکات؟ یان شانازی بەچیەوە دەکات؟

با بە وادانێن وەک قوتابیەک ئەرکێکیان پێسپێردراوە چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسێک بکەن کە ناینناسن بۆ رۆژنامەی قوتابخانەکە. پێیان بڵێ کە پێویستە بە قوڵی ئەم کەسە بناسن. با پێنج یان دە پرسیار بنوسن و لە کەسەکەی دەکەن لە کاتی چاوپێکەوتنەکە. لەوانەیە هەندێک لە بیرۆکەکانی سەرەوە بەکاربهێنن ئەگەر بیانەوێت.

ئەتوانیت پاداشتی ئەو قوتابیانە بدەیتەوە کە بەشداری لەم ئەرکەدا دەکەن لە پێدانی خاڵی زیاد، مافێکی تایبەت، لەزگەیەک یان هەر پاداشتێکی تر کە پێی بزانن.

■ **کۆتایی وانە**

تۆ چارەسەرکەری کێشەکانیت
نمونەی پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ

ڕێنماییەکان:

حاڵەتێکی مافی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانە هەڵبژێرە کە لە خوارەوە دراون، پاشان چارەسەری بۆ بدۆزنەوە. کەسێک لە گروپەکە وەک رابەر دیاری بکە و کەسێکیش بکە بە نووسەر. ئەرکی رابەرەکە ئەوەیە کە چاودێری گفتوگۆکە بکات و دڵنیابیتەوە هەموو کەس بیرڕای خۆی دەڵێ بەبێ ئەوەی کەسێکی تر لە گروپەکە گاڵتەی پێبکات. نوسەرەکە هەموو بیرۆکەکان دەنوسێتەوە. با بە ئارەزووی خۆیان بیروڕای جیاواز بڵێن و بە خێرایی بینووسن. پاشان بڕیار بدە کە گروپەکەت کام لە بیرۆکەکان هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی بیگەیەنن بە چارەسێکی گونجاو و کاریگەر. بڕیار بدە کێ بیرۆکەکە پێشکەش دەکات.

تێبینیی گرنگ:

ئەگەر بیرۆکەی قوتابیەک ڕەزامەندی قوتابیانی بەدەست نەهێنا، مانای ئەوە نیە کە بیرۆکەکە خراپە. لە مێژوودا هەندێک لە بیرۆکە مەزنەکان لە سەرەتادا لەلایەن ئەوانی تردە ڕەتکرابوونەوە.

هەموومان بە ئازادی و یەکسانی لەدایک دەبین:

بێ کوڕی کێشەیەکی زۆر گەورەیە بۆ هەندێک لە بێوەژنان لە ناوچە گوندنشینەکان کینیا: ئەو ژنانەی کە منداڵیان نیە یان تەنها کچیان هەیە زۆر جار بە بێ بایەخ سەیردەکرێن و مافی هەبوونی ماڵ و مووڵکیان نیە.تێرێزا مورونگا، بێوەژنێکی گوندنشین لە کینیا، وتی" کە مێردەکەم مرد، لە ماڵەکەی خۆم فرێیان دامە دەرەوە، چونکە تەنها کچم هەبوو." هەتا مردنی مێردەکەی لەساڵی ١٩٩٤، مورونگا لە کوخێکدا دەژیا لە کێڵگەی مێردەکەی، کە تیایدا پەتاتە و گەنمەشامی تیادا دەچاند. وتی:

"کە مێردەکەم مرد، خزمەکانی هاتن و هاموو شتێکیان برد. پێیان وتم کە جل و بەرگەکەم بخەمە عەلاگەیەکەوە و بڕۆم. منیش ڕۆشتم، چونکە ئەگەر پێداگریم بکردایە ئەوە لێیان دەدام. خزمەکانی کەسێکیان دیاریکرد وەک میراتی من. کەسەکە ئامۆزای مێردەکەم بوو. پێیان وتم، ئێستا تۆ بێ نرخیت، بۆیە کەسێک دیاریدەکەین وەک میراتگری تۆ.' هیچم نەوت. ئەوێم بەجێهێشت و ڕۆشتمەوە بۆ ماڵی باوکم. ... ئەمە دابونەریتە ئەگەر شووم بە ئامۆزای مێردەکەم بکردایە، ئەمتوانی لە شوێنی خۆم بژیم. منیش شوم پێنەکرد، چونکە فرەژن بوو - پێنج ژنی تری هەبوو. ... ئەزانم ئەگەر ژنێک بکرێت بە میراتگر، ئەوا ئەو کەسەی وەک میراتگر هەڵیدەبژێرێت خراپ مامەڵەی لەگەڵ دەکات.

" ئەگەر لە جیاتی کچ کوڕم هەبووایە، کێڵگەکەیان دەدا بە من... کە پێیان وتم کێڵگەکە بەجێبهێڵم، وتیان بە هیچ شێوەیەک کچەکانم ناکەن بە میراتگر، چونکە شوو دەکەن و کێڵگەکە بەجێدەهێڵن. وتیان نەئەبووایە ئەو هەموو کچەم هەبووایە... براکانی مێردەکەم هەموو شتێکیان برد - دۆشەکەکان، بەتانیەکان، قاپ و قاجاخەکان. وەکو سەگ دوامکەوتن. بێ پشت و پەنا بووم." لە Human Rights Watch وەرگیراوە، hrw.org/reports/2003/kenya0303/kenya0303-03.htm

لە چەند وڵاتێک، سیستمی چینایەتی لەسەر ئەو بنەمایە دروستبووە کە هەندێک کەس باشترن یان لە خوار ئەوانی ترەوەن بەپێی ئەو ئاستەی کۆمەڵگا تیایدا لەدایکبوون. بەپێی ئەو سیستمە چینایەتیە، هەندێک کەس مافی تایبەتیان هەیە و هەندێک کەس نیایە.

لە هەندێک لە ناوچەکانی سریلانکا، هاوسەرگیری لە نێوان چینی سەرەوە و چینی خوارەوە هێشتا لە رووی کۆمەڵایەتیەوە رێگەپێنەدراوە. ریکلامەکانی هاوسەرگیری لە رۆژنامەکانی سریلانکا ئاستی چینایەتی ئەو کەسە دیاریدەکەن کە خێزانەکە بەدوایدا دەگەڕێن. لە Human Rights Watch وەرگیراوە، hrw.org/reports/2001/globalcaste/caste0801-03.htm

٢. جیاوازیکردن قەدەغەیە.

لە هەندێک لە وڵاتەکانی ئەورووپا، منداڵە رۆمانیەکان، کە هەندێک جار بە قەرەچ ناسراون، خوێندنێکی لاوەکی وەردەگرن ئەگەر بخرێنە بەر خوێندن. لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٠، قوتابخانەی گشتیی هالاسترای یۆنانی دەرگای قوتابخانەکەی داخست تا رێگە لە ناونووسکردنی ٣٠ منداڵی رۆمانی بگرێت لە قوتابخانەکەدا. منداڵە رۆمانیەکان جیاکرانەوە و نێردران بۆ قوتابخانەی تر، کە زۆر جار لە ماڵەکانی خۆیانەوە دوور بوون. لە Human Rights Watch وەرگیراوە، hrw.org/wr2k2/children.html

لە روسیا، ستافی پزیشکی فشار لەسەر دایک و باوکان دروستدەکەن تا دەست لە منداڵە کەمئەندامەکەیان (واتە توانای جوڵان، کارکردن یان هەڵسوکەوتی نیە بە شێوەیەکی ئاسایی و سروشتی) هەڵبگرن و بیدەن بە دامەزراوەیەک کە چاودێری پزیشکی و پەروەردەیی تیایدا بەردەست نیە. بەم شێوەیە رێگە لەم منداڵانە دەگیرێت کە فێری نووسین و خوێندنەوە ببن. وەرگیراوە لە: isec2000.org.uk/abstracts/papers_j/jones_2.htm

٣. مافی ژیان

بەپێی خەملاندنەکانی دامەزراوەی پزیشکی ئەمەریکی، سااڵنە زیاتر لە چوار ملیۆن ژن قوربانیی لێدانی توندی دەستی مێرد و هاوڕی کوڕەکانیانن. لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن کە تووندوتیژیی خێزانی لە زیاتر لە دوو ملیۆن منداڵی ویلایەتە یەکگرتووەکان بوونی هەیە، ئەم رێژەیە کەمترە لە رێژە راستەقینەکە چونکە چەندین حاڵەت تۆمارناکرێن. وەرگیراوە لە: actabuse.com

لە شارەکانی ئەمەریکا، رۆژانە شەقاوەکان منداڵ و هەرزەکانی بێتاوان دەکوژن - ئەمە جگە لەوەی ژیانی چەندین گەنج بەهۆی مادەی بێ هۆشکەرەوە وێران دەکرێن.

وەرگیراوە لە ناوەندی نیشتیمانی سەرچاوەی قەدەغەکردنی تووندوتیژی گەنجان، safeyouth.org/scripts/teens.asp

٤. کۆیلایەتی قەدەغەیە:

بە لایەنی کەمەوە ٢٧ ملیۆن کەس لە جیهاندا بە زۆرەملێ کاریان پێدەکرێت. هەندێک بەزۆر وایان لێدەکەن قەرز وەربگرن چونکە پێویستیان بە پارەی دەستبەجێ هەیە. بۆ دانەوەی قەرزەکە، پێویستە چەندین کاتژمێر کاربکەن، حەوت رۆژ لە هەفتەیەکدا، ٣٦٥ رۆژ لە ساڵێکدا. لەجیاتی هەقدەستی کار، خواردن و پەناگەی سەرەتایی وەردەگرن، بەڵام لەوانەیە هەرگیز نەتوانن قەرزەکەیان بدەنەوە. وەرگیراوە لە: **antislavery.org**

منداڵێکی پاکستانی ١١ ساڵ ناچارکراوە فەرش بچنێت بۆ دانەوەی قەرزەکەی باوکی. لە رۆژێکدا ١٤ کاتژمێر کاربکات، لە تەنیشت تەونەکەی دەخەوێت، وە ناتوانیت کارگەکە بەجێنهێڵێت ئەگینا دەگیرێت و ئازار دەدرێت. وەرگیراوە لە: **freetheslaves.net**

کچێکی ١٢ ساڵە لە هیندستان شووی کردوە بە پیاوێکی ٦٠ ساڵە. ئەو کچە ئازاد نیە و وەک کارگوزار لە ماڵەوە کاردەکات. وەرگیراوە لە: **freetheslaves.net**

٥. ئەشکەنجەدان قەدەغەیە:

لە ڤەنزوێلا هەندێک ئەفسەری پۆلیس ئەشکەنجەی منداڵان دەدەن. ئەو ئەفسەری پۆلیسانە بە دزیەوە دەمانچە لە لەشی قوربانیەکەدا دەشارنەوە و پاشان بە تەقەکردن تۆمەتباریان دەکەن. وە زۆربەی ئەم رووداوانە تۆمار ناکرێن چونکە شایەت و خزمەکانیان دەترسن سکاڵا تۆمار بکەن و دەزانن سوودی نیە. وەرگیراوە لە:**amnesty.org**

ئێمیلۆ لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا برایە ریزی سوپای گواتیمالا. "سوپا کابوس بوو. بەدەست ئەو مامەڵە درِندانەوە گیرمان خواردبوو. زوو زوو لێیان دەدایین، زۆربەی جار بەبێ هۆ، تەنها بۆئەوەی بمان ترسێنن. هێشتا برینی سەر لێوم و ئازاری گەدەم هەر ماوە چونکە سەربازە گەورەکان درِندانە لێیان دەدام. خواردنەکە بە زەحمەت بەشی دەکردین و بە باری قورسەوە دەیانگەرِاندین، ئەو بارانە زۆر قورسبوون بۆ لەشێک لە خواردنی پێویستی پێنەدراوە. بە زۆرەملێ فێری ئەوەیان کردم کە چۆن شەرِ لەگەڵ دوژمن بکەم لە کاتێکدا من نەمدەزانی بۆچی ئەو شەرِە دەکەم." لە Human Rights Watch وەرگیراوە: **librarythinkquest org/07aug/01085/child html**

ئەتوانیت چیرۆکی راستەقینەی ئەو کەسانە بخوێنیتەوە کە مافەکانیان بۆ گەرێنراونەتەوە لە: **un.org/works**

بەندەکانی مافی مرۆڤ ٦-١١
وانەی پێنج: ڕێبەری ماموّستا

ئامانج:
ئاشناکردنی قوتابیان به بەندەکانی ٦-١١ له جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ و تێگەیاندنیان که چۆن دادگەریی یاسایی مافی مرۆڤ مسۆگەر دەکات و چۆن پێچەوانەکەی مافەکان بێبەها دەکات.

بابەتەکان:
- مافی مرۆڤ چیە؟ نامیلکە
- "٣٠ ماف ٣٠ ئاگاداری." دی ڤی دی ریکلامی هۆشیاری

مەلزەمەکان
- فۆرمی دەستبەسەرکردن و و دادگایی
- دادگای کەنغەر (مەلزەمەی ئارەزوومەندانە)

ماوە:
١. وریا کەرەوە	٥ خولەک
٢. وشە سەرەکیەکان بناسێنە، فێری مافەکانی ٦-١١ ببە و بۆ هەریەکەیان ریکلامی هۆشیاری پیشان بدە.	٢٠ خولەک
٣. چالاکی	١٥ خولەک
٤. گفتوگۆ	٥ خولەک
تەواوی کات:	**٤٥ خولەک**

ئامادەکاری مامۆستا:

- بەندەکانی مافی مرۆڤ ٦-١١ بخوێنەرەوە لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ لەگەڵ نوسخەی تەواوی دەقەکە لە پشتی نامیلکەکە. کاتێک نوسخەی تەواوی دەقەدە دەخوێنیتەوە، فەرهەنگێکی باش بەکاربهێنە بۆ ئەو وشانەی لە ماناکانیان دڵنیانیت.

- سەیری پێناسەکە و تەواوی رونکردنەوەی دادگای کەنغەر بکە (هاوپێچە لەگەل پلانی وانە).

- مەلزەمەکان دروستبکەرەوە لە راستەوخۆ لەدوای پلانی وانەوەیە.مەلزەمەکان دروسبکەرەوە لە راستەوخۆ لەدوای پلانی وانەوەیە

- کۆمپیوتەر یان دی ڤی دی پلەیەر دامەزرێنە و دی ڤی دیەکە بخەکار.

زانیاری:

- پێش دەسپێکردنی وانەکە، چەند قوتابیەک هەڵسێنە کە بەندەکانی مافی مرۆڤی وانەی پێشوویان لەبەرکردووە. داوایان لێ بکە مافەکان بۆ تۆ یان بۆ پۆلەکە بخوێننەوە (ئەگەر ئاسایی بوو بە لایانەوە) ئەگەر چەندین قوتابی ئەم مافانەیان لەبەرکردبوو، لەگەڵ قوتابیەکی تر بیانکە بە هاوڕێ تا بە سەرە مافەکان بۆ یەکتر بخوێننەوە.

  پیرۆزبایی لەم قوتابیانە بکە، چونکە دەسکەوتێکی گەورەیە کە مافەکانی خۆیان بزانن. جیاوازی لە ژیانیاندا دروست دەکات.

- ئەم وانەیە بەندی زیاتری مافەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە لەگەڵ وشەسازیەکانیان. لەبەرئەوەی ئەم وانەیە وشەی زیاتری تێدایە لە وانەی پێشوو، تەنها وشە پەیوەندیدارەکان پێناسە کراون پێش خوێندنەوەی ئەو مافانەی لێیانەوە وەرگیراون. شێوازەکە ئەمەیە (١) پێناسەی وشەکان بکە، (٢) بیانخوێنەرەوە و باسیان بکە، (٣) بزانە قوتابیەکان تێگەیشتوون، (٤) ریکلامی هۆشیاری پەیوەندیدار بە مافەکە پیشان بدە (ئ.خ.گ) لە "٣٠ ماف. ٣٠ ئاگاداری" ئەمە شێوازی خوێندنی هەر بەندێک لە بەندەکانی مافی مرۆڤە.

- ئاگاداری تێگەیشتنی قوتابیەکان بە کاتێک مانای وشەکان روونەدەکەیتەوە. ئەگەر وشەکە بڵێیت و پێناسەی بکەیت و نمونەکە بخوێنیتەوە کە لەگەڵیدایە، سەرکەوتوو دەبیت. پاشان داوا لە قوتابیەک بکە پێناسەی بکات بە وشەی خۆی. دواتر داوا لە قوتابیەکی تر بکە نموونەیەکی بۆ بهێنێتەوە. بەپێی پێوست ئەم کارە دوبارە بکەرەوە تا دڵنیادەبیت قوتابیەکان مانای وشەکەیان وەرگرتووە. دوای ئەوەی قوتابیەکان تێگەیشتن، بەردەوامبە.

- کاتێک قوتابیەکان بوون بە دوو گروپ بۆئەوەی بەشەکانی شانۆگەریە گاڵتەجارِیەکە نمایش بکەن، رابەرێک بۆ هەر گروپێک دیاری بکە. پێویستە رابەرەکە بە خێرایی رۆڵەکان بدات بە قوتابیان بە پرکردنەوەی فۆرمەکە کە هاوپێچکراوە لەگەڵ پلانی وانەکەدا. ئەمەش یارمەتیان دەدات لێهاتوانە نمایشەکە رێکبخەن.

بەندەکانی مافی مرۆڤ ٦-١١
وانەی پێنج: پلانی وانە

هەر بەشێکی پلانی وانەکە بەم ڕێزبەندیە پێشکەش بکە.

وریاکەرەوە (٥ خولەک.):

ئەم ڕاهێنانە بەکاربهێنە تا قوتابیان ڕابکێشیتە ناو وانەکە.

داوا لە قوتابیان بکە پارچە پەڕەیەک دەربکەن تا شتی تێدا بنووسن بە مەبەستی ئەنجامدانی یاریەک.

لەسەر بۆردەکە بنووسە "دادگای کەنغەر

ڕێنمایی قوتابیان بکە ناوی خۆیان لەسەر پەڕەکە بنووسن و پاشان پێناسەیەک بۆ "دادگای کەنغەر" دروست بکەن. پۆلەکە دەنگدان دەکەن تا بزانن کامەیان ڕاستە و ئەوەی کە زۆرترین دەنگی هێناوە دەیباتەوە. لەوانەیە پێناسەکانیان زۆر گونجاو و کاریگەر بێت، بەڵام دەبێت هەوڵبدەن لە پێناسەیەکی ڕاستی بچێت. پێویستە قوتابیەکانی تریش قایل بکەن کە پێناسەکەی ئەوان ڕاستە. ئەگەر یەکێکیان پێناسەیەکی ڕاستی زانی، دەتوانێت لەسەر پەڕەکە بینووسێت لەجیاتی ئەوەی خۆی دروستی بکات. با قوتابیەکان بزانن یەک خولەکیان هەیە بۆ ئەم کارە. لەم کاتەدا با هیچ کەس سەیری فەرهەنگ یان بانکی زانیاری نەکات.

پەڕەکان کۆبکەرەوە.

پێناسەکان بخوێنەرەوە و قوتابیانیش دەست بەرز دەکەنەوە و دەنگ بە ڕاستریانیان دەدەن. هەر قوتابیەک یەک دەنگی هەیە. دەنگەکان کۆبکەرەوە و براوەی یاریەکە ڕابگەیەنە. لەوانەیە براوەکە پێناسەیەکی هەڵەی کردبێت، بەڵام مادەم پێناسەیەکی قایلکەر بووە، ئەوە براوەیە.

ئێستا چێژ لە کاردانەوەی قوتابیان وەربگرە کاتێک بە دەنگی بەرز پێناسە ڕاستەکە لە مەلزەمەی "دادگای کەنغەر" دەخوێنیتەوە. دەتوانیت لەم کاتەدا مەلزەمەی دادگای کەنغەر بەسەر قوتابیاندا دابەش بکەیت.

مافی مرۆڤ ٦ (٣ خولەک)-وشەسازی:

ماف: ویست (ئەو شتانەی لە رووی یاساوە رێگەت پێدراوە خاوەنیان بیت) یان ئازادی بوون یان هەبوونی شتێک. نمونە: مافەکان زۆر بایەخدارن چونکە دەرفەت بە هەموو کەسێک دەدەن ژیانێکی خۆشی هەبێت.

بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە:

مافی مرۆڤ ٦ لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ نامیلکە بە تەواوەتی باسی ئەوە بکە ئەم مافە واتای چیە. پرسیار بکە و بزانە قوتابیەکان تێگەیشتوون.

نمایش:

مافی مرۆڤی ٦ لە "٣٠ ماف ٣٠ ریکلام" پیشان بدە. ریکلامی هۆشیاری

مافی مرۆڤ ٧ (٣ خولەک)-وشەسازی:

دادپەروەر: راستگۆ، ئەوە دەکات کە دروستە، یاساکان جێبەجێ دەکات، لایەنگیری ناکات. نمونە: راهێنەرەکە دادپەروەر بوو لە هەڵبژاردنی یاریزانەکان.

دادپەروەرانە: بە رێگایەکی دادپەروەر و راستگۆ و گونجاو. نمونە: کوڕەکە دادپەروەرانە مامەڵەی لەگەڵ کرا دوای ئەوەی راستی رووداوەکەی بە مامۆستاکە وت.

بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە:

مافی مرۆڤ ٧. بە تەواوەتی باسی ئەوە بکە ئەم مافە واتای چیە. پرسیار بکە و بزانە قوتابیەکان تێگەیشتوون.

نمایش:

مافی مرۆڤی ٦ لە "٣٠ ماف ٣٠ ریکلام" پیشان بدە. ریکلامی هۆشیاری

مافی مرۆڤ ٨ (٥ خولەک)-وشەسازی:

یاسا: کۆمەڵێک رێسایە لە لایەن حکومەتەوە دەرکراوە بۆ هەموو خەڵکی ناوچەیەک، ئێستا لە لایەن ئەو کەسانەوە دادەڕێژرێت کە خەڵک هەڵیان دەبژێرن. نمونە: کاتی خۆی یاسا لە لایەن شا و شاژنەوە دادەڕێژران، ئێستا لە لایەن ئەو کەسانەوە دادەڕێژرێن کە لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن.

بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە:

مافی مرۆڤ ٨. بە تەواوەتی باسی ئەوە بکە ئەم مافە واتای چیە. پرسیار بکە و بزانە قوتابیەکان تێگەیشتوون.

نمایش:

مافی مرۆڤیی ٨ لە "٣٠ ماف ٣٠ ریکلام" پیشان بدە. ریکلامی هۆشیاری

مافی مرۆڤ ٩ (٣ خولەک)-وشەسازی:

دەستبەسەرکراو: راگرتنی کەسێک یان گلدانەوە، نمونە: پیاوەکە ئەیویست بزانێت بۆچی دەستبەسەرکراوە.

دەستبەسەرکردن: حاڵەتی راگرتن و گلدانەوەی کەسێک. نمونە: پیاوەکە ئەیویست بزانێت بۆچی لە حاڵەتی دەستبەسەرکردندا ماوەتەوە.

بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە:

مافی مرۆڤ ٩. بە تەواوەتی باسی ئەوە بکە ئەم مافە واتای چیە. بزانە قوتابیەکان تێدەگەن.

نمایش:

مافی مرۆڤیی ٩ لە "٣٠ ماف ٣٠ ریکلام" پیشان بدە. ریکلامی هۆشیاری

مافی مرۆڤ ١٠ (٣ خولەک)—وشەسازی:

دادگایی: لێکۆڵینەوە لە بەڵگە و یاسا بۆ بڕیاردان لە دۆزێک کە هێنراوەتە نێو خانەی داد. نمونە: دادگاییەکە خەریکە دەستپێدەکات.

دادگایی کردن: فرمانی وشەی دادگایە، واتە جێبەجێکردنی دادگەری لەسەر کەسێک لە خانەی داد. نمونە: پێویستە حکومەت دادگایی پیاوەکە بکات پێش ئەوەی بە فەرمی بڕیار بدرێت کە جاسوسە.

بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە:

مافی مرۆڤ ١٠. بە تەواوەتی باسی ئەوە بکە ئەم مافە واتای چیە. بزانە قوتابیەکان تێدەگەن.

نمایش:

مافی مرۆڤیی ١٠ لە "٣٠ ماف ٣٠ ریکلام" پیشان بدە. ریکلامی هۆشیاری

مافی مرۆڤ ١١ (٣ خولەک)-وشەسازی:

بێ تاوان: بێ خەتا، بێ گوناە، هیچ هەڵەیەک یان زیانێکی نیە. نمونە: کورەکە بێ تاوان بوو لە بردنی بسکیتەکان.

سەلماندن: پیشاندانی راست و دروستی شتێک. نمونە: کورەکە توانی بیسەلمێنێت کە کچەکە جەڕەسەکەی خستە کار.

بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە:

مافی مرۆڤ ١١. بە تەواوەتی باسی ئەوە بکە ئەم مافە واتای چیە. بزانە قوتابیەکان تێدەگەن.

نمایش:

مافی مرۆڤیی ١١ لە "٣٠ ماف ٣٠ ریکلام" پیشان بدە. ریکلامی هۆشیاری

چالاکی (١٥ خولەک):

پۆلەکە بکە بە دوو گروپ و نمایشێکی پرۆسەی یاسایی دروست بکەن. فۆرمی "دەستگیرکردن و دادگایی" بدە بە هەردوو گروپەکە. گروپی ئەلف دیمەنی دادگایەکی نادادپەروەر پێشکەش دەکەن و مافی تۆمەتبارەکە پێشێل دەکەن. (تۆمەتبار ئەو کەسەیە کە بەرگری لە خۆی دەکات چونکە تۆمەتێکی هەڵەی خراوەتە پاڵ.) گروپی ب دیمەنی دادگایەکی دادپەروەر پێشکەش دەکەن و ئەو بەندانەی مافی مرۆڤ دەچەسپێنن کە تازە خوێنران. ١٠ خولەکیان هەیە بۆ ڕێکخستن و ڕاهێنان لەسەر نمایشەکە. قوتابیەکان ١٠ خولەکیان هەیە بۆپێشکەشکردنی نمایشەکە. (٥ خولەک بۆ هەر گروپێک) سەرەتا دیمەنی دادگا نادادپەروەرەکە نمایش بکەن و بە دادگا دادپەروەرەکە کۆتایی پێببێنن.

پرسیارەکانی گفتوگۆ (٥ خولەک):

وادانێ دادگایی بوونی نیە، بەڵام کەسێک دادگایی کرا و تاوانبار کرا و خرایە زیندان چونکە کەسێک وتی:

"ئەو کارەکەی کرد."

" مەترسیە بۆ خۆیشی و بۆ کۆمەڵگایش."

"بە شێوەیەکی نامۆ هەڵسوکەوتی دەکرد."

"بڕوای بە خوای راست و دروست نیە."

"شایەنی ئەوە بوو."

داوا لە قوتابیان بکە نمونەی ئەو ڕوداوانە بهێننەوە لە بیستویانە، لە فیلم و تەلەفزیۆن بینیویانە یاخود لە کتێب و ڕۆژنامەکان خوێندویانەتەوە.

ئەرکی قوتابیان (ئارەزوومەندانە):

با قوتابیان مافەکانی ٦-١١ بە دڵ فێربن لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟. (پێویست ناکات قوتابیان لە ژێر لێوەوە لەبەری بکەن) پێویستە بتوانن بە خێرایی بۆ قوتابیانی تر یان مامۆستاکەی بخوێننەوە. . ئەگەر کێشەیان هەبوو، پێویستە ئەو وشەیە بدۆزنەوە کە بە تەواوی لێی تێناگەن و ڕوونی بکەنەوە. با بە نمونەیەک، دەربارەی مافەکە، ڕوونی بکەنەوە تا باشتر لە خەیاڵی خۆیان بیچەسپێنن، ئەمەش

یارمەتیان دەدات باشتر فێربن. ئەم راهێنانە ئاسان و خێرایە. (پێویستە ماموّستاکە پێشبینی بکات قوتابیان لە ماوەی ١٠ خولەک یان کەمتر ئەم مافانە لەبەربکەن)

ئەتوانیت پاداشتی ئەو قوتابیانە بدەیتەوە کە بەشداری لەم ئەرکەدا دەکەن لە پێدانی خاڵی زیاد، مافێکی تایبەت، لەزگەیەک یان هەر پاداشتێکی تر کە پێی بزانن.

■ **کۆتایی وانە**

دادگای کەنغەر

پێناسە: دادگایەکە کە تیایدا ڕێز لە یاسا ناگیرێت، بە ئاڕەزووی خۆیان سزای ئەو کەسە ئەدەن کە دەیانەوێت بیکەن بە تاوانبار. هیچ ڕێزێک لە مافی مرۆڤ و ڕاستی ناگیرێت.

شیکردنەوەی تێڕوتەسەل

١. کۆمەڵێک خەڵکن بە ئاڕەزووی خۆیان دادگاییەکی نایاسایی ئەو کەسانە دەکەن کە دەیانەوێت سزایان بدەن. هیچ ڕێز و بەهایەک بۆ مافی مرۆڤ دانانرێت.

نمونە: زیندانیەکان بڕیار دەدەن کە سزای هاوڕێیەکی زیندانی خۆیان بدەن بۆ هەڵەیەک کە کراوە. زیندانیەکان خۆیان دادگایەک دەبەستن و بڕیاری سزادانی تۆمەتبارەکە دەدەن، کە لە ڕاستیدا لەوانەیە بێ تاوان بێت.

ئەم جۆرە دادگاییانە بنەماکانی یاسا و دادگەڕی فەرامۆش دەکەن و سزای نادادپەروەر دەدەن بەسەر خەڵکی تردا. زۆربەی جار حوکمەکە پێش دادگاییەکە دراوە.

٢. ئەم زارەوەیە ئەکرێت بۆ هەر دادگایەک بەکاربهێنرێت لە ناڕاستگۆیە و بنەماکانی یاسا و دادگەڕی دەخاتە ژێر پێی و وا دەردەکەوێت حوکمەکە پێشوەخت درابێت.

ڕەگی وشە: دادگای کەنغەر زاراوەیەکی بازاڕیە بۆ ناڕوونی. دەڵێن یەکەمجار زاراوەکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەکارهات کاتێک حاکمە باڵاکان شارۆچکە بە شارۆچکە دەگەڕان بۆ دادگایی کردن. ئەو حاکمانە لە لایەن خەڵکی شارۆچکەکانەوە دادەمەزرێنران. ئەم بازدانە لەم شارۆچکە بۆ ئەو شارۆچکە وەک کەنغەڕی لێکردبوون.

فۆڕمی دەستبەسەرکردن و دادگایی

ڕێنماییەکان: ناوی ئەو کەسانە پڕبکەرەوە کە ڕۆڵ لە دادگاییەکەدا دەگێڕن. ئەمەش یارمەتیت دەدات نمایشەکەت ڕێکبخەیت.

حاکم: _____

پۆلیس: _____

تۆمەتبار: _____

داواکار (ئارەزوومەندانە): _____

پارێزەر (بەرگری): _____

پارێزەر (داواکار): _____

شایەت: _____

شایەت: _____

ئەندامی دەستەی سوێندخواردن: _____ **ئەندامی دەستەی سوێندخواردن:** _____

ئەندامی دەستەی سوێندخواردن: _____ **ئەندامی دەستەی سوێندخواردن:** _____

ئەندامی دەستەی سوێندخواردن: _____ **ئەندامی دەستەی سوێندخواردن:** _____

ئەندامی دەستەی سوێندخواردن: _____ **ئەندامی دەستەی سوێندخواردن:** _____

ئەندامی دەستەی سوێندخواردن: _____ **ئەندامی دەستەی سوێندخواردن:** _____

ئەندامی دەستەی سوێندخواردن: _____ **ئەندامی دەستەی سوێندخواردن:** _____

بەندەکانی مافی مرۆڤ ١٢-١٨
وانەی شەش: رێبەری مامۆستا

ئامانج:
یارمەتیدانی قوتابیان بۆئەوەی بەندەکانی ١٢-١٨ی جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ فێربن.

بابەتەکان:
- *مافی مرۆڤ* چیە؟ نامیلکە
- "٣٠ ماف ٣٠ ریکلام" پیشان بدە. دی ڤی دی ریکلامی هۆشیاری

مەلزەمەکان
- هیچیان

ماوە:
١. وریاکەرەوە	١٠ خولەک
٢. وشە سەرەکیەکان بناسێنە، فێری مافەکانی ٦-١١ ببە و بۆ هەریەکەیان ریکلامی هۆشیاری پیشان بدە.	٢٣ خولەک
٣. چالاکی	١٥ خولەک
تەواوی کات:	**٤٨ خولەک**

ئامادەکاری ماموّستا:

- بەندەکانی مافی مرۆڤی ١٢-١٨ بخوێنەرەوە لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ لەگەڵ نوسخەی تەواوی دەقەکە لە پشتی نامیلکەکە. کاتێک نوسخەی تەواوی دەقەکە دەخوێنیتەوە، فەرهەنگێکی باش بەکاربهێنە بۆ ئەو وشانەی لە ماناکانیان دڵنیانیت.

- کۆمپیوتەر یان دی ڤی دی پلەیەر دامەزرێنە و دی ڤی دیەکە بخەکار.

زانیاری:

- ئەمانە چەند پرسیارێکن دەتوانیت بیانکەیت تا دڵنیابیت قوتابیەکان لە بابەتەکە تێدەگەن: ئەوە بۆ تۆ چی دەگەیەنێت؟ تا ئیستا شتی وات بینیوە؟ ئەتوانن بیر لە نمونەیەکی ئاوا بکەنەوە؟ چۆن شتی وا روودەدات؟

- ئەگەر کات هەبوو، چیرۆکی پاڵەوانێکی مافی لە بەشی "داکۆکارانی مافی مرۆڤ" باس بکە. دەتوانیت ژیانامەی ئەو داکۆکیکارانەی مافی مرۆڤ لە کتێبخانەی قوتابخانە یان کتێبخانەیەکی گشتی بەدەستبێنیت و لە پۆلدا بۆیان بخوێنیتەوە. هانی قوتابیەکان بدە بۆ چێژوەرگرتن بیخوێننەوە.

- لە وانەی نۆدا، قوتابیان خۆیان کاری هونەری دروست دەکەن بۆ پێشانگای هونەری مافی مرۆڤ. لە وانەی دە، کارەکانیان لە پێشانگاکەدا نمایش دەکەن. پێویستە خەڵک بانگهێشتی پێشانگاکە بکەیت. لە کاربەدەستانی ناوخۆیی، یانە ناوخۆییەکان، بەرپرسەکان، دایک و باوکان، کارگێڕی و قوتابیانی قوتابخانەکانی تر. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ماندووبوونی قوتابیان بە زیاد نەچووە، هەروەها بۆ هاندانی قوتابیان و بەسەربردنی کاتێکی خۆش گرنگە. ئەگەر خەڵک بانگهێشت بکەیت، لەوانەیە پێویستت بە درێژکردنەوەی وانەی نۆ هەبێت تا کاتی زیاتر بدەیت بە قوتابیان کار لە پێشانگاکەدا بکەن بۆ ئەوەی باشتر پێشکەشی بکەن. بڕیار لەسەر کاتەکەی بدە و پاشان بانگهێشتنامە بنێرە یاخود پەیوەندی بکە.

بەندەکانی مافی مرۆڤ ١٢-١٨
وانەی شەش: پلانی وانە

هەر بەشێکی پلانی وانەکە بەم ڕێزبەندیە پێشکەش بکە.

وریاکەرەوە (10 خولەک.):

پرسیار بکە "ستوونی ئامۆژگاری" چیە؟ پرسیار لە قوتابیەک بکە وەڵامی بداتەوە. ئەگەر پێویست بوو، تۆش زیاتر شیکەرەوە. (ستوون بابەتێکی لاکێشەییە لە ڕۆژنامە یان گۆڤارێکدا، کە هەمیشە لە لایەن کەسێکەوە دەنووسرێت یاخود هەمیشە باسی یەک بابەتی تێدا دەکرێت، کەواتە ستوونی ئامۆژگاری ستوونێکە خەڵک تێیدا دەنووسن و داوای ئامۆژگاری دەکەن دەربارەی کێشەیەکی تایبەتی و وەڵامەکان هەمیشە لە لایەن کەسێکەوە دەدرێنەوە - یان بە ناوی کەسێکەوە دەدرێنەوە. پێویستە نوسەرەکە لە بواریکی دیاریکراودا ژیر و تێگەیشتوو بێت. کۆکراوەی کێشەکان و وەڵامەکانیان وەک نامە بڵاودەکرێنەوە.) پرسیار بکە، "کێ تا ئێستا ستوونی ئامۆژگاریی خوێندۆتەوە؟"

ئەگەر نمونەیەکی ستوونی ئامۆژگاریت هێنابوو بۆ ناو پۆل، بۆیان بخوێنەرەوە.

با قوتابیەکان بزانن کە ڕۆڵی ستوونوسێکی ژیر و تێگەیشتوو دەبینن بە ناوی خاتو سەیج. خاتوو سەیج ئەم نامەی خوارەوەی پێگەیشتووە و داوای یارمەتی لێ دەکات. بیخوێنەرەوە بۆ قوتابیەکان.

بەڕێز خاتوو سەیج،

بڕا گەورەکەم بە دزیەوە هاتە ناو ژورەکەم و دەفتەری یادگاریەکانی خوێندمەوە. نەئەبوایە ئەو کارەی بکردایە، چونکە مۆڵەتی ئەو کارەم پێنەدابوو. کاتێک پێموت ئاگاداری ئەو کارەم کە کردوویەتی، وتی هۆکاری خۆی هەبووە بۆ ئەو کارە. پێی نەوتم "هۆکارەکەی" چیبوو. هەمیشە پێیوایە هەرچی دەکات لەبەر خاتری چاکەی من دەیکات. من چی بکەم؟

واژۆکراوو،
کاتێک بڕا گەورەکەت چاودێریت دەکات

٥ خولەک بدە بە قوتابیان تا ئامۆژگاری خۆیان بنووسن. بە "بەڕێز چاودێریکراو" دەستپێبکەن و بە "لەگەڵ ڕێزی خاتوو سەیج" کۆتاییپێبێنن. پاشان پەڕەکان کۆبکەرەوە و چەند وەڵامێکیان بۆ پۆلەکە بخوێنەرەوە.

مافی مرۆڤ ١٢ (٥ خولەک)-وشەسازی:

تایبەتی: دوور لە چاودێریکردن، خۆتێهەڵقورتان، یان سەرنجی نهێنی لە لایەن کەسانی ترەوە؛ دوور لە هەر چاودێریکردنێک، یان دەستێوەردانێکی مەبەستدار و نەویستراو. نمونە: ژیانی تایبەتیم بەزێنرا کاتێک کچێک بۆ ماوەی دوو کاتژمێر بە دوربین تەماشای چێشتخانەی ماڵەکەی کردم.

بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە:

مافی مرۆڤی ١٢ لە نامیلکەکەدا لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ دڵنیابە کە بە تەواوی ئەم مافە شیبکەیتەوە، وە نابێت کەسیش زیان بە ناوبانگی مرۆڤ بگەیەنێت. چەند نمونەیەک لە قوتابیەکان وەربگرە. بزانە قوتابیەکان تێدەگەن. ئەگەر پێویست بوو تەماشای پێناسەی "ماف" بکە لە فەرهەنگۆکەدا.

نمایش:

مافی مرۆڤیی ١٢ لە "٣٠ ماف ٣٠ ریکلام" پیشان بدە. ریکلامی هۆشیاری

گفتوگۆ

قسە و قسەڵۆک چیە؟ (واتە واتێکی بێ سوودە دەربارەی کەسانی تر و ژیانی تایبەتیان کاتێک خۆیان لە روو نین. بەتایبەتی بەکارهێنانی زانیاری هەڵە و نادروست تا کەسەکە تەریقبکەیتەوە یان لە کەسایەتی بدەیت.) داوا لە قوتابیەکان بکە نمونە بهێننەوە کە چۆن قسە و قسەڵۆک زیان بە ناوبانگی کەسێک دەگەیەنێت.

مافی مرۆڤ ١٣ (٣ خولەک)-وشەسازی:

ئازادی: توانای کردنی یان نەکردنی ئەو شتەی کە خۆت دەتەوێت بیکەیت یان نەیکەیت، یاخود ببیت بە شتێک یان نەبیت. نمونە: کارێک فێری مافەکانی خۆی بوو، ئازادیەکانی زیادیکرد.

بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە:

مافی مرۆڤ ١٣ لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ بە تەواوەتی باسی ئەوە بکە ئەم مافە واتای چیە. پرسیار بکە و بزانە قوتابیەکان تێگەیشتوون.

نمایش:

مافی مرۆڤیی ١٣ لە "٣٠ ماف ٣٠ ریکلام" پیشان بدە. ریکلامی هۆشیاری

مافی مرۆڤ ١٤)٣ خولەک)-وشەسازی:

گەڕان: هەوڵدان بۆ دۆزینەوە یان بەدەستهێنانی شتێک. نمونە: کچەکە بەدوای رێگەیەکی خێراتردا دەگەڕێت بۆ شۆردنی جلەکانی.

سەلامەت: دوور لە مەترسی یان زەرەر و زیان، حاڵەتێک کە کەسێک مەترسی یان خەمی زەرەر و زیانی نەبێت. نمونە: لە ناو قەڵای سەر شاخەکە، سەلامەتین و مەترسیی گێژەڵۆکەکەمان نیە.

بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە:

مافی مرۆڤ ١٤ لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ بە تەواوەتی باسی ئەوە بکە ئەم مافە واتای چیە. پرسیار بکە و بزانە قوتابیەکان تێگەیشتوون.

نمایش:

مافی مرۆڤیی ١٤ لە "٣٠ ماف ٣٠ ریکلام" پیشان بدە. ریکلامی هۆشیاری

مافی مرۆڤ ١٥ (٣ خولەک)-وشەسازی:

نەتەوایەتی: ئەو دۆخەیە کە کەسێک سەر بە نەتەوەیەکی دیاریکراوە. نمونە: چونکە هاوڵاتی ئیسپانیایە، مافی نەتەوایەتیی ئیسپانی هەیە.

بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە:

مافی مرۆڤ ١٥ لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ بە تەواوەتی باسی ئەوە بکە ئەم مافە واتای چیە. بزانە قوتابیەکان تێدەگەن.

نمایش:

مافی مرۆڤیی ١٥ لە "٣٠ ماف ٣٠ ریکلام" پیشان بدە. ریکلامی هۆشیاری

مافی مرۆڤ ١٦ (٣ خولەک)-بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە:

مافی مرۆڤ ١٦ لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ بە تەواوەتی باسی ئەوە بکە ئەم مافە واتای چیە. بزانە قوتابیەکان تێدەگەن.

نمایش:

مافی مرۆڤیی ١٦ لە "٣٠ ماف ٣٠ ریکلام" پیشان بدە. ریکلامی هۆشیاری

مافی مرۆڤ ١٧ (٣ خولەک)-بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە:

مافی مرۆڤ ١٧ لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ بە تەواوەتی باسی ئەوە بکە ئەم مافە واتای چیە. بزانە قوتابیەکان تێدەگەن.

نمایش:

مافی مرۆڤیی ١٧ لە "٣٠ ماف ٣٠ ریکلام" پیشان بدە. ریکلامی هۆشیاری

مافی مرۆڤ ١٠ (٣ خولەک)-وشەسازی:

ئاین: باوەڕبوون بە سروشتی رۆحی مرۆڤ، کۆمەڵێک بیروباوەڕی رۆحی و کرداری دەربارەی هۆکار و سروشت و مەبەستی گەردون کە یارمەتی کەسێک دەدات لە کێشەکانی بوون تێبگات و بەسەریاندا زاڵبێت. نمونە: لێکۆڵینەوە لە ئاینە جیاوازەکان، یارمەتی دا زیاتر لە خەڵک تێبگات.

بیرکردنەوە: بیرۆکە، پلان یان بیروڕا و خەیاڵی داهێنەرانە. نمونە: سەرۆک وەزیرەکان ڕێز لە بیرکردنەوەی خەڵکی خۆیان دەگرن.

بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە:

مافی مرۆڤ ١٨ لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ بە تەواوەتی باسی ئەوە بکە ئەم مافە واتای چیە. بزانە قوتابیەکان تێدەگەن. ئەگەر پێویست بوو تەماشای پێناسەی "ئازادی" بکە لە فەرهەنگۆگەدا.

نمایش:

مافی مرۆڤیی ١٨ لە "٣٠ ماف ٣٠ ڕیکلام" پیشان بدە. ڕیکلامی هۆشیاری

چالاکی (١٥ خولەک):

داوا لە قوتابیان بکە بیر لە کتێبێک بکەنەوە کە خوێندوویانەتەوە یان فیلمێک کە بینیویانە و مافێکی تێادا پێشێلکرابێت. با دووبارە چیرۆکەکە بگێڕنەوە کە لەوانەیە کارەکتەرێکی ماف پێشێلکراو دواتر مافەکانی خۆیی زانیبێت و فێری بووبێت.

ئەم ڕێنماییانەیان پێبدە: ناوی کتێب یان فیلمەکە بنووسن. پەرەگرافێکی کەم بنووسن لەسەر چیرۆکی گشتیی فیلم یان کتێبەکە. پاشان دیمەنی کۆتایی یان تەوەری ڕیشەیی (ڕوداوێکی زۆر گرنگ کە ئاڕاستەی شتێک یان دەرئەنجامێک دەگۆڕێت) بۆ هەمان کتێب یام فیلم بنووسن.

بۆ نمونە، لە چیرۆکی ساندرێلا، زڕدایک و زڕخوشکەکانی بەندی ١٢ی مافی مرۆڤ پێشێلدەکەن (مافی ژیانی تایبەتی)، بەندی ١٣ (ئازادیی گەڕان) و بەندی ١٧ (مافی خاوەنداری) قوتابیەکان دەتوانن دیمەنێک بنووسن کە ساندرێلا مافەکانی خۆی فێردەبێت و چیرۆکەکە دەگۆڕێت. چۆن دەگۆڕێت؟ کارەکتەرەکان چۆن دەگۆڕێن؟ ساندرێلا چی دەکات تا مافەکانی خۆی بەدەستبێنێت؟

چەند قوتابیەک هەڵبژێرە (بەپێی گونجانی کات) تا وەڵامەکانیان بە دەنگی بەرز بخوێننەوە.

ئەرکی قوتابیان (ئارەزوومەندانە):

با قوتانیان مافەکانی ١٢-١٨ بە دڵ فێربن لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ پێویستە بتوانن بە خێرایی بۆ قوتابیانی تر یان مامۆستاکەی بخوێننەوە. . دواتر، پێویستە بیر لە نمونەیەک بکەنەوەدەربارەی مافەکە کە خۆیان لێی تێدەگەن تا باشتر لە خەیاڵی خۆیان بیچەسپێنن.

■ **کۆتایی وانە**

بەندەکانی مافی مرۆڤ ١٩-٢٥
وانەی حەوت: رێبەری مامۆستا

ئامانج:
یارمەتێدانی قوتابیان لە بەندەکانی ١٩-٢٥ی جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ و شارەزابوون لە ژیانی واقیعی کەسانی تر.

بابەتەکان:
- مافی مرۆڤ چیە؟ نامیلکە
- "٣٠ ماف ٣٠ ریکلام" پیشان بدە. دی ڤی دی ریکلامی هۆشیاری

مەلزەمەکان:
- هیچیان

ماوە:
١. سەرنج راکێشەر — ٥ خولەک

٢. وشە سەرەکیەکان بناسێنە, فێری مافەکانی ١٩-٢٥ ببە و بۆ هەریەکەیان ریکلامی هۆشیاری پیشان بدە. — ٣٥ خولەک

٣. چالاکی (ئەتوانێت کورت بکرێتەوە- تەماشای "زانیاری" بکە) — ٢٥ خولەک

تەواوی کات: **٦٥ خولەک** (ماوەی دوو وانە)

ئامادەکاری مامۆستا:
- بەندەکانی مافی مرۆڤ ١٩-٢٥ بخوێنەرەوە لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ لەگەڵ نوسخەی تەواوی دەقەکە لە پشتی نامیلکەکە. کاتێک نوسخەی تەواوی دەقەدە دەخوێنیتەوە، فەرهەنگێکی باش بەکاربهێنە بۆ ئەو وشانەی لە ماناکانیان دڵنیانیت.

- با کاتگر یان کاتژمێرێکی ئەلیکترۆنیت هەبێت کە دەوەستێنرێت. تا لە مشتومڕەکاندا بەکاریبهێنیت.
- کۆمپیوتەر یان دی ڤی دی پلەیەر دامەزرێنە و دی ڤی دیەکە بخەکار.

زانیاری:

- یەکەم ماف کە پێویستە لەم وانەدا گفتوگۆی لەسەر بکرێت، "ئازادی لە وتنی هەر شتێک"، پێویستە بەوپەڕی هەستیاریەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت تا رەخنە لە قسەی قوتابیان نەگریت و راستیان نەکەیتەوە. تەنها وەڵامی قوتابیان بەرز بنرخێنە و رێزیان بگرە تا ئازادانە بیروڕای خۆیان دەربڕن، تەنانەت ئەگەر بۆچونیشت لەگەڵیان جیاواز بوو. ئەگەر پێویست بوو، بە ئاڕاستەکردنی پرسیاری وروژێنەر گفتوگۆکە گەرم بکە بەڵام بێ دەرخستنی لایەنگیری یان حوکم دان.

- قوتابیان حەزیان لە مشتومڕ و گفتوگۆیە. رێکاری مشتومڕەکە نزیکەی ٣٠ خولەک دەخایەنێت، بۆیە ئەم وانەیە لە وانەکانی تر زیاتر دەخایەنیت. دەتوانیت ئاسانتری بکەیت و کورتی بکەیتەوە بە پەڕاندنی رستەکانی بەرگریکردن و کۆتایی پێهێنان. (هەنگاوەکانی ٩-١١). لەگەڵ ئەوەشدا، یەک خولەک بدە بە هەر تیمێک تا بە خێرایی رستەی بەرگری لەخۆکردن و کۆتایی پێهێنان بڵێن، بەڵام بەبێ ئامادەکاری.
- هانی قوتابیان بدە نمونە بهێننەوە تا بەرگری لە مەیدانی خۆیان بکەن. ئەمە مشتومڕێکی نافەرمیە، پێویستی بە راستی و ژمارە نیە، قوتابیان دەتوانن نمونە بهێننەوە بەبێ ئەوەی پێشتر بۆی گەڕابن. ئەمە تەنها راهێنانێکە کە ئازادی رادەربڕین روندەکاتەوە.
- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شێوازەکانی مشتومڕ، سەردانی **http://debate.uvm.edu** و debatabase.org **بکە**.
- بۆ بەندی ٢٤ (مافی یاریکردن)، چەند تۆپێکی سووک یان چەند میزەڵانێک بهێنە ناو پۆل و بیانشارەوە تا قوتابیان بیدۆزنەوە. پاشان فڕەیان بدەرە ناو پۆلەکەوە. با قوتابیەکان بۆ چەند خولەکێک لەگەڵ یەک بالەی پێبکەن بۆئەوەی لەم بەندەی مافی مرۆڤ تێبگەن.

بەندەکانی مافی مرۆڤ ١٩-٢٥
وانەی حەوت: پلانی وانە

٩٤ هەر بەشێکی پلانی وانەکە بەم رێزبەندیە پێشکەش بکە.

وریاکەرەوە (٥ خولەک):
ئەم راهێنانە بەکاربهێنە تا قوتابیان رابکێشیتە ناو وانەکە.

بە قوتابیان بڵێ هەندێک جار خەڵک هەوڵ دەدەن حکومەت قایل بکەن یاسایەک دەربکات کە هەندێک کتێب لە کتێبخانە و پەرتووکخانە و قوتابخانەکاندا قەدەغە بکات بەم خەڵکانە دەڵێن سانسۆر سانسۆرەکان پێیان وایە خەڵک لە بیرۆکە خراپەکان دەپارێزن. چەندین ساڵ لەمەوبەر حکومەتەکان ئەو کتێبانەیان دەستوتاند کە پێیان وابوو هەڵەن، بۆئەوەی خەڵک نەتوانن بیانخوێننەوە.

لە ساڵی ٢١٣ پ.ز. حوکمڕانی چینی، شی هوانگ، هەموو کتێبەکانی کۆنفۆشەسی سوتاند، تەنها لە هەر یەکێکیان دانەیەکی لە کتێبخانەکەی خۆیدا هێشتەوە. کۆنفۆشەسی فەیلەسوف (ئەو کەسەی لە واتای ژیان و راستی دەکۆڵیتەوە، کێشەی راست و هەڵە بژار دەکات و کار بۆ دۆزینەوەی وەڵامی پرسیارەکانی تر دەکات، کەسێک بە دوای ژیریدا بگەڕێت لە ژیاندا) و مامۆستا بوو کە بڕوای وابوو پێویستە مرۆڤ بە پەروەردە و ئایدیا هان بدرێت نەک هێزی حوکمڕان. کۆنفۆشەس پێیوابوو پەروەردە باشترین رێگایە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی باش. شی هوانگ لەم جۆری پەروەردەکردنە دەترسا. دەترسا ئەگەر خەڵک هۆشیاربن، ئەم ناتوانێت کۆنترۆڵیان بکات و دەسەڵات لە دەست دەدات. شی هوانگ نەیدەویست خەڵک زۆر بزانن و ڕەخنە لە کارەکانی بگرن، لەبەرئەوە کتێبەکانی کۆنفۆشەسی سوتاند.

کێ پێیوایە کتێب سوتان تەنها لە کۆندا رویداوە؟ (داوایان لێبکە دەستیان بەرز بکەنەوە)

زۆر دوور نا، لە ساڵانی ١٩٣٠ لە ئەمەریکا، هەندێک لەو کەسانەی بەرپرسی کتێبخانەی ست. لویز بوون لە ویلایەتی میسۆری، بڕیاریان دا هەموو کۆپیەکانی ڕۆمانێکی (کتێبی خەیاڵی) جۆن ستینبێک بە ناوی (تووڕەیی تری) بسووتێنن.

پرسیار لە قوتابیەکان بکە" کام لەم کتێبانەی خوارەوە سوتێنراون یان سانسۆر کراون لە کتێبخانە و پەرتووکخانە و قوتابخانەکاندا؟" سانسۆر: واتە بشکنینی کتێب، وتار، چیرۆکی هەواڵ، فیلم، ئیمێل، هتد. بۆئەوەی گۆڕانکاریان تێدا بکرێت یان لابرێن تا خەڵک نەیانبینن یان نەیانخوێننەوە، چونکە کەسێک پێیوایە زیانبەخشن.) بە قوتابیان بڵێ دەستیان بەرز بکەنەوە ئەگەر پێیانوابوو کتێبێک سانسۆر کراوە یان سووتێنراوە.

- *سەرکێشیەکانی هەکڵبێری فین لە* لایەن مارک تواین
- *بۆ هەتا هەتایە*... لە لایەن جودی بلوم
- *بەخشەر لە* لایەن لۆیس لۆری
- *هاری پۆتەر(زنجیرە) لە* لایەن جەی. کەی. رۆڵینگ
- *لە چێشتخانەی شەودا لە* لایەن ماوریس سێنداک
- *گوسبەمپس لە* لایەن ئار. ئێڵ ستێن
- چرچی *کات لە* لایەن مادەڵین ئینگڵ
- هیزەر دوو دایکی *هەیە لە* لایەن لێسیلا نیومان
- *واڵدۆ لە کوێیە؟* لە لایەن مارتن هانفۆرد
- هۆڵەوین لە لایەن ئەی بی سی
- جەیمز و *قۆخە زەبەلاحەکە لە* لایەن رۆڵد داڵ

هەموو ئەو کتێبانەی سەرەوە سوتێنراون یان سانسۆر کراون

مافی مرۆڤ ١٣ (٥ خولەک)-وشەسازی:

رادەربڕین: گەیاندنی بیروبۆچون و هەست لە ڕێگەی قسە کردن یان نووسین، هونەر، ئەدەب، هتد. نمونە: لەبەرئەوەی لە وشەسازیدا باشبوو، ماریا لێهاتوو بوو لە رادەربڕیندا.

حوکمدان: توانای گەیشتن بە بیروبۆچونێک دەربارەی شتێک، دەسەڵاتی بەراورد کردن و بڕیار دان؛ تێگەیشتن و ژیری. نمونە: هەموو بڕیارێک دەبێت بە حوکم و تێگەیشتنی تەواو جێبەجێ بکرێت. (ئەمە وشەیەکی سەرەکیە بۆ گفتوگۆکەی دواتر.)

بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە:

مافی مرۆڤ ١٩ لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ نامیلکە بە تەواوەتی باسی ئەوە بکە ئەم مافە واتای چیە. بزانە قوتابیەکان تێدەگەن.

گفتوگۆ:

بە قوتابیەکان بڵێ:

١. هەندێک کەس خۆیان یەکلایی دەکەنەوە بەوەی راستیەکەیان بۆ دەردەکەوێت یان پرسیاری دروست دەکەن.

هەندێکی تر بە چاودێریکردن خۆیان یەکلایی دەکەنەوە.

هەندێک کەس خۆیان یەکلایی ناکەنەوە. هەرچەندە پێیان باش نیە، بەڵام خۆیان دەدەنە دەست ئەو فشارەی لە لایەن کەسانی ترەوە لە سەریانە.

ئەگەر کەسێک داوای لێکردیت خۆت یەکلایی بکەیتەوە کە پەیوەندی بە گروپێکەوە بکەیت یان نا، چۆن خۆت یەکلایی دەکەیتەوە؟

٢. ئەگەر ئازادبین لە لە وتنی هەر شتێک کە دەمانەوێت، ئیتر دەتوانین درۆ بکەین یان قسەڵۆک بڵاوبکەینەوە؟ قسەڵۆک قسەیەکە کە کراوە، لەوانەیە راست بێت و لەوانەیە راست نەبێت. بەندی ١٢ی مافی مرۆڤت لە یادبێت، "مافی ژیانی تایبەتی" وە "نابێت کەسیش زیان بە ناوبانگی مرۆڤ بگەیەنێت."

لە قوتابیەکان بپرسە، "ئەی چی دەربارەی حوکمدان؟" (بگەڕێرەوە بۆ پێناسەی حوکمدان لە لاپەڕەی پێشوو) یان "حوکمدان چ پەیوەندیەکی بەن مافەوە هەیە؟" هەندێک نمونە لە قوتابیەکان وەربگرە.

نمایش:

مافی مرۆڤیی ١٤ لە "٣٠ ماف ٣٠ ریکلام" پیشان بدە. ریکلامی هۆشیاری

مافی مرۆڤ ٢٠ (٥ خولەک)—وشەسازی:

کۆبوونەوە: گردبوونەوەی خەڵک بە مەبەستی باسکردنی بابەتێک یان کارکردن بۆ مەبەستێکی هاوبەش؛ کۆبوونەوەیەکی مرۆییە بۆ کارکردنی هاوبەش بۆ بەدیهێنانی ئامانجێک. نمونە: کۆبوونەوەی هاوڕێکانی لە پارکەکە بوو بە بناغەی دامەزراندنی یانەی مافی مرۆڤ.

بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە:

مافی مرۆڤ ٢٠ لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ بە تەواوەتی باسی ئەوە بکە ئەم مافە واتای چیە. بزانە قوتابیەکان تێدەگەن.

گفتوگۆ:

دەتوانیت چی بکەیت ئەگەر کەسێک زۆری لێ کردیت پەیوەندی بە گروپێکەوە بکەیت؟ حەزدەکەیت سەر بە چی گروپێک بیت؟

نمایش:

مافی مرۆڤیی ٢٠ لە "٣٠ ماف ٣٠ ریکلام" پیشان بدە. ریکلامی هۆشیاری

مافی مرۆڤ ٢٠ (٥ خولەک)—وشەسازی:

دیموکراسی: جۆرێکی حکومەتە کە خەڵک دەتوانن لە رێگەی دەنگدانەوە بەشداری لە شێوازی بەڕێوەبردنی وڵات بکەن. نمونە: لە سیستمی دیموکراسی ئێمەدا، بیرۆڕای هەموو کەسێک رێزی لێ دەگیرێت.

حکومەت: کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی یاسا، بەڕێوەبردنی حوکم و گارگێڕی وڵاتیان هەیە. نمونە: بنکەی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە واشنتۆن دی سیە.

بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە:

مافی مرۆڤ ٢١ لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ بە تەواوەتی باسی ئەوە بکە ئەم مافە واتای چیە. بزانە قوتابیەکان تێدەگەن.

نمایش:

مافی مرۆڤیی ٢١ لە "٣٠ ماف ٣٠ ریکلام" پیشان بدە. ریکلامی هۆشیاری

مافی مرۆڤ ٢٢ (٥ خولەک)-وشەسازی:

ئاسایش: سەلامەتی، یان دڵنیایی، خەمی مەترسی، ژیان یان ئەوەت نەبێت کە چی رووەدات. نمونە: کە تەمەنمان هەڵدەکشێت، هەموومان پێویستمان بە ئاسایش دەبێت تا بتوانین خزمەتی خۆمان بکەین.

کۆمەڵایەتی: واتە ژیان لەگەڵ مرۆڤی تر لە شێوەی گروپێک یان چەند گروپێکدا، هاریکاری و کارلێکی مرۆڤ لەگەڵ یەکتردا یان لە شێوەی گروپی جیا جیا. نمونە: خوێندنی کۆمەڵایەتی لەخەڵک و شێوازی ژیانی خەڵک دەکۆڵێتەوە.

ئاسایشی کۆمەڵایەتی: ئەو سیستمەیە کە حکومەت یارمەتیی دارایی و خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات. بەپێی ئەم سیستمە هەرکەسێک بە شێوازێک سوودی بە کۆمەڵگا گەیاندبێت، لە کاتی پێویستدا یارمەتی خۆراکی، پزیشکی، پەروەردەیی، هتد وەردەگرێت، بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسە چیتر توانای کارکردنی نەبێت لەبەر بێ توانایی (بارودۆخێکە کەسێک ناتوانێت کارێک بکات بەهۆی نەخۆشی، شکانی ئێسک، هتد) یاخود هەڵکشانی تەمەن. نمونە:ئاسایشی کۆمەڵایەتی وامان لێدەکات، ئەگەر پێویستمان بوو، دڵنیابین کە یارمەتی دەدرێین کاتێک پیر دەبین.

توانای کڕین: بتوانیت بەبێ زەحمەت پارەکەی بدەیت. نمونە: توانای کڕینی ئۆتۆمبیلەکەم هەبوو، بۆیە کڕیم.

بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە:

مافی مرۆڤ ٢٢ لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ بە تەواوەتی باسی ئەوە بکە ئەم مافە واتای چیە. بزانە قوتابیەکان تێدەگەن.

نمایش:

مافی مرۆڤی ٢٢ لە "٣٠ ماف ٣٠ ریکلام" پیشان بدە. ریکلامی هۆشیاری

مافی مرۆڤ 23 (٥ خولەک)-وشەسازی:

موچە: ئەو بڕە پارەیە لە پاداشتی کارێکدا وەریدەگریت. نمونە: بە چاودێریکردنی ئاژەڵە ماڵیەکانی خەڵک، موچەیەکی باش پەیدا دەکات.

یەکێتیی کرێکاران: کۆمەڵێک کرێکار یەکدەگرن تا گوزەرانی ئەو کۆمپانیا باشتر بکەن کە کاری لێ دەکەن. بۆ نمونە، یەکێتیی کرێکاران دەتوانیت لەگەڵ کاربەدەستانی کۆمپانیاکە قسە بکات تا موچەی کرێکاران باشتر بکەن. وەک کۆمەڵەیەکی یەکگرتوو، دەسەڵاتێکی زیاتریان هەیە کە گوزەرانی خۆیان باشتر بکەن لە کۆمپانیاکەدا. کرێکاران: کۆمەڵێک کەسن پێکەوە لە شوێنێکدا وەک هێزی کار کاردەکەن. یەکێتی: کۆمەڵێک کەسن یەکدەگرن و دەبن بە یەک. نمونە: یەکێتی مامۆستایان دەتوانێت تێبکۆشێت بۆئەوەی هەموو مامۆستایەک مێزی تایبەت بە خۆی هەبێ تا کاری لەسەر بکات.

بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە:

مافی مرۆڤ ٢٣ لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ بە تەواوەتی باسی ئەوە بکە ئەم مافە واتای چیە. پرسیار بکە و بزانە قوتابیەکان تێگەیشتوون.

نمایش:

مافی مرۆڤیی ٢٣ لە "٣٠ ماف ٣٠ ریکلام" پیشان بدە. ریکلامی هۆشیاری

مافی مرۆڤ ٢٤ (٥ خولەک)—بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە:

مافی مرۆڤ ٢٤ لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ بە تەواوەتی باسی ئەوە بکە ئەم مافە واتای چیە. بزانە قوتابیەکان تێدەگەن.

گفتوگۆ:

ئایا ئەو مافەمان گەرەنتی کراوە کە هەموومان یاری بکەین و کار نەکەین؟ ئاماژە بەوە بکە هەموومان مافی ئەوەمان هەیە پشوو لە کارکردن وەربگرین. ئەوە مانای ئەوە نیە کە مافی یاری کردنمان هەیە بەبێ ئەوەی هیچ سوودێک بە کۆمەڵگا و چواردەورەکەمان بگەیەنین.

نمایش:

مافی مرۆڤیی ٢٤ لە "٣٠ ماف ٣٠ ریکلام" پیشان بدە. ریکلامی هۆشیاری

مافی مرۆڤ ٢٥ (٥ خولەک)-وشەسازی:

پەناگە: سەلامەت و پارێزراو لە کەش و هەوا، گیانداری مەترسیدار یان هەر مەترسیەکی تر؛ هەبوونی حەشارگەیەک کە شوێنێکی سەلامەت بێت بۆ خەوتن و خواردەنەوە و. کارکردن ئەگەر پێویست بوو. نمونە: سەیرانکەرەکان پێویستیان بە پەناگەیەک بوو تا لە مێش و با بیانپارێزێت.

کەم ئەندام/ کەم ئەندامی: دۆخێکە کە کەسێک ناتوانێت بە شێوازێکی ئاسایی بجوڵێت، کاربکات یان هەڵسوکەت بکات؛ نەبوونی توانای ئەنجامدانی هەندێک کاری بنەڕەتیی رۆژانە بە ئاسایی. نمونە: کچە کەم ئەندامەکە، هەرچەندە لەسەر کورسی بوو، بەڵام یەکەمی پۆلەکەی خۆیانە و هەمووان خۆشیان دەوێت.

بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە:

مافی مرۆڤ ٢٥ لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ بە تەواوەتی باسی ئەوە بکە ئەم مافە واتای چیە. بزانە قوتابیەکان تێدەگەن.

نمایش:

مافی مرۆڤیی ٢٥ لە "٣٠ ماف ٣٠ ریکلام" پیشان بدە. ریکلامی هۆشیاری

چالاکی (٢٥ خولەک)-وشەسازی:

مشتومڕ: گفتوگۆیەکی ئاشکرای ڕێکخراوە دەربارەی شتێک، زۆربەی جار دوو کەس یان دوو تیمن کە هەریەکەیان بیروڕایەکی جیاوازیان هەیە دەربارەی شتێک و بە سەرە قسە دەکەن. نمونە: مشتومڕەکە دەستیپێکرد دوای ئەوەی هەردوو تیمەکە تەوقەیان لەگەڵ یەکتر کرد.

بەرگریکردن:قسەکردن لەسەر ئەوەی شتێک راست نیە بە خستنەڕووی راستی و هۆکاری قایلکەر؛ ڕەتکردنەوە. نمونە: کچەکە کۆمەڵێک راستی زۆری لابوو تا لە کاتی بەرگریکردن لە خۆی بەکاریبهێنێت.

دڵسۆز: هەستێکی بەهێز دەربارەی شتێک وە ئارەزووی ئەوە بکەیت ماندونەناسانە هەوڵ بۆ کردنی کارێک بدەیت؛ پەیوەست. نمونە: ئەو دڵسۆزبوو کە مافی مرۆڤ لە وڵاتەکەیدا باشتر بکات.

مشتومڕ (بە شێوازی سەرە)

١. باسی ئەوە بکە مشتومڕ بۆ ئەوەیە خەڵک بتوانن بیروڕای خۆیان دەربڕن. ڕێگایەکە خەڵک بە ئاشکرا لە قسەی خۆیان بکەن.

٢. سەرەداوی مشتومڕ: کۆمەڵێکی بچوک لە خەڵکی خاوەن بیر دەتوانن جیهان بگۆڕن. لە راستیدا هەر ئەوان جیهانیان گۆڕیوە.

(سەرەداوی "دژ": پێمان وانیە کۆمەڵێکی بچوک لە خەڵکی خاوان بیر بتوانن جیهان بگۆڕن.)

بابەتەکە لەسەر وتەیەکی مارگریت میدە، مرۆڤناس (ئەو کەسەی لە گەشەکردنی مرۆڤ و کلتور دەکۆڵێتەوە بە لەبەرچاوگرتنی مێژوویان) و نوسەر: "هەرگیز گومانت نەبێت کە کۆمەڵێکی بچوک لە خەڵکی خاوەن بیر و هاونیشتیمانی دڵسۆز دەتوانن جیهان بگۆڕن، لە راستیدا، هەر ئەوان جیهانیان گۆڕیوە."

٣. با بۆ هەر لایەک پێنج قوتابی خۆیان ناونووس بکەن. لەسەر بۆردەکە بنووسە "لەگەڵ" و "دژ"، دواتر ئەو قوتابیانەی دەیانەوێت بەشداری مشتومڕەکە بکەن ناوی خۆیان لە ژێر یەکێک لەو لایەنەدا بنووسن لە پشتگیری دەکەن. هەر تیمێک دەبێت کەسێک وەک کاپتینی تیمەکە دیاری بکات. قوتابیانی تر کە لە تیمەکاندا نین دەبن بە بینەری دەنگدەر.

٤. یاساکان روونبکەرەوە:

- نووسین قەدەغەیە
- پێبڕین قەدەغەیە
- کاتێک کەسێک قسەدەکات، چپە و قسەکردن قەدەغەیە

٥. یەکێک لە قوتابیەکانی دەرەوەی دوو تیمەکە بکە بە سەرپەرشتیاری کات. سەرپەرشتیاری کات لە ریزی دواوەی پۆلەکە دادەنیشێت و کە ئیشارەت دەکات کە کات خەریکە تەواو دەبێت، سەرەتا بە دووجار پیشاندانی بەنجەکانی دەستی وەک ئاماژەیەک بۆئەوەی بیست چرکە کاتی ماوە، پاشان دە پەنجە، پاشان پێنج پەنجە وەک ئاماژەیەک کە پێنج چرکەی ماوە.

٦. چەند خولەکێکی کەم بدە بە تیمەکات تا بیرۆکەکانی خۆیان کۆبکەنەوە و پلانی خۆیان دابنێن.

٧. سەرەتا بە تیمی "لەگەڵ" مشتومڕەکە دەستپێبکە. هەر تیمێک پێنج خولەکی هەیە بیروبۆچونی خۆیان روونبکەنەوە و بینەران قایل بکەن کە ئەوان لەسەر حەقن. هەر ئەندامی تیمێک یەک خولەکی هەیە بەشداری مشتومڕەکە بکات و پشتگیری تیمەکە بکات.

٨. کاپتینی تیمەکە بە ناساندنێکی گشتیی بابەتەکە و لایەنگیری تیمەکەی دەستپێدەکات، پێش تەواوبوونی خولەکی یەکەم، پێویستە مشتومڕەکە بداتە دەست قوتابیەکی تر. قوتابی دووەم بەردەوامی دەدات بە مشتومڕەکە و لەو شوێنەوە دەستپێدەکات کە قوتابی یەکەم کۆتایی پێهێنا. ئەو قوتابیانەی دەیانەوێت بەشداری بکەن پێویستە دەستیان بەرزبکەنەوە تا بەشداریان پێبکرێت لە تیمەکەدا. بەو شێوەیە قسەکەرەکە دەزانێت کێ ئامادەیە قسە بکات و بەردەوامی بدات بە مشتومڕەکە. ئەگەر قوتابیەک ویستی دووبارە قسە بکات، نابێت رێگەی پێبدرێت هەتا هەموو ئەندامانی تری تیمەکە چانسی قسەکردنیان دەبێت.

۹. دوای ئەوەی هەردوو تیمەکە بۆ ماوەی پێنج خولەک قسەیان کرد، یەک خولەکیان بدەرێ تا پلانی بەرگری کردن لە بۆچوونی خۆیان دابنێن. هەر تیمێک دوو خولەکی هەیە بۆ بەرگری کردن، بە تیمی "لەگەڵ" دەستپێبکە. باشترە یەک کەس بەرگری کردنەکە پێشکەش بکات.

۱۰. یەکی یەک خولەکی تر بدە بە تیمەکان تا کۆتا قسەی خۆیان ئامادە بکەن.

۱۱. هەر تیمێک دوو خولەکی هەیە کە قسەی کۆتایی خۆی بکات، بە تیمی "لەگەڵ" دەستپێبکە.

۱۲. کە ئەمە تەواو بوو، بینەران دەنگی خۆیان دەدەن بۆ ئەو تیمەی زیاتر قایلکەر بوون.

ئەرکی قوتابیان (ئارەزوومەندانە):

با قوتابیان مافەکانی ۱۹-۲۵ بە دڵ فێربن لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ (پێویست ناکات قوتابیان لە ژێر لێوەوە لەبەری بکەن) پێویستە بتوانن بە خێرایی بۆ قوتابیانی تر یان مامۆستاکەی بخوێننەوە.

ئەتوانیت پاداشتی ئەو قوتابیانە بدەیتەوە کە بەشداری لەم ئەرکەدا دەکەن لە پێدانی خاڵی زیاد، مافێکی تایبەت، لەزگەیەک یان هەر پاداشتێکی تر کە پێی بزانن.

■ کۆتایی وانە

بەندەکانی مافی مرۆڤ ٢٦-٣٠
وانەی هەشت: رێبەری مامۆستا

ئامانج:

یارمەتیدانی قوتابیان بۆ فێربوونی بەندەکانی ٢٦-٣٠ لە جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ و تێگەیاندنیان کە چۆن بتوانن یارمەتی خەڵکانی تر بدەن لە سایەی ئەم مافانەدا ئاسوودەبن.

بابەتەکان:

- مافی مرۆڤ چیە؟ نامیلکە
- "٣٠ ماف ٣٠ ریکلام" پیشان بدە. دی ڤی دی ریکلامی هۆشیاری

مەلزەمەکان

- ئەو شتانەی هەموو کەسێک دەتوانێت بیکات بۆ مافی مرۆڤ (لە بەشی "ئەو شتانەی هەموو کەسێک دەتوانێت بیکات" لە لاپەڕەی ١٤١)

ماوە:

١. سەرنج راکێشەر	٥ خولەک
٢. وشە سەرەکیەکان بناسێنە، فێری مافەکانی ٢٦-٣٠ ببە و بۆ هەریەکەیان ریکلامی هۆشیاری پیشان بدە.	٣٠ خولەک
٣. وتار	٢٠ خولەک
تەواوی کات:	**٥٥ خولەک**

ئامادەکاری مامۆستا:

- بەندەکانی مافی مرۆڤ ٢٦-٣٠ لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ لەگەڵ نوسخەی تەواوی دەقەکە لە پشتی نامیلکەکە. کاتێک نوسخەی تەواوی دەقەدە دەخوێنیتەوە، فەرهەنگێکی باش بەکاربهێنە بۆ ئەو وشانەی لە ماناکانیان دڵنیانیت.

- مەلزەمەک دروستبکەرەوە، "ئەو شتانەی هەموو کەسێک دەتوانێت بیکات بۆ مافی مرۆڤ،" کە لە لاپەڕە ١٤١ دایە و لە بەشەکەی خوێدایە لە ژێر هەمان ناودا.

زانیاری:

- لێرەدا، پێویستە قوتابیان پەرۆشی نووسینی وتارێک بن و ئارەزووی ئەوە بکەن خزمەتێکی مافی مرۆڤ بکەن. ئەگەر قوتابیەک ئارەزووی ئەم کارەی نەبوو، پێویستە مامۆستاکە بە تەنها قسەی لەگەڵ بکات، لەوانەیە شتێک هەبێت کە قوتابیەکە لێی تێنەگەیشتبێت و پێویستی بە یارمەتی هەبێت.

- سادەترین شت قبوڵ بکە بۆ وتاری "من چی بکەم" (لە 'پلانی وانە' دا) تەنانەت قسە کردن لەگەڵ کەسێکدا، هەنگاوێکە بۆ پێشەوە.

- پێشنیاربکە قوتابیان یانەی Youth for Human Rights دابمەزرێنن و بەیەکەوە لە پێناوی مافی مرۆڤدا کاربکەن. پرۆژەکانی یانەکە ئەکرێت ئەمانەی تێدابیت "ئەو شتانەی هەموو کەسێک دەتوانێت بیکات بۆ مافی مرۆڤ"، یان پرۆژەی داهێنانەکای قوتابیان. یان قوتابیان دەتوانن یاری یەکگرتن بە چەندین خەڵک پیشان بدەن بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی مافی مرۆڤ. دەتوانن گۆرانی یەکگرتن یان جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ فێری خەڵک بکەن و گفتوگۆیان لەسەر بکەن تا رەوشتی مافی مرۆڤ بەرەوپێش ببەن. کە یانەکەیان دامەزراند، با Youth for Human Rights International ئاگادار بکەن تا پشتیوانی و کەرەستەی پێویستی بۆ تەرخان بکرێت بۆ چالاکیەکانیان.

بەندەکانی مافی مرۆڤ ٢٦-٣٠
وانەی هەشت: پلانی وانە

هەر بەشێکی پلانی وانەکە بەم ڕێزبەندیە پێشکەش بکە.

وریاکەرەوە (٥ خولەک):

ئەم ڕاهێنانە بەکاربهێنە تا قوتابیان ڕابکێشیتە ناو وانەکە.

نەخشەی دورگەی ماداگاسکار و ئەفەریقا پیشانی قوتابیەکان بدە. پاشان ئەم چیرۆکەی خوارەوە بخوێنەرەوە: (سەرچاوە **un.org/works**)

لۆلۆنای ماداگاسکار: لۆلۆنا کچێک بوو نەیدەزانی بنووسێت و بخوێنێتەوە تا تەمەنی بوو بە ٣٠ ساڵ. نەیدەتوانی نامە بۆ خزمەکانی بنێرێت و نامەکانیان بخوێنێتەوە. لەگەڵ مێردەکەیدا خاوەنی بازرگانی ماسیگرتن بوون، بەڵام بەردەوام زەرەریان دەکرد، چونکە لۆلۆنا لە بیرکاریدا بێ توانا بوو وە نەیدەتوانی بازرگانی و پارەی مێردەکەی بەڕێوەببات.

پاشان نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ گروپێک بە ناوی مالاگاسی ماهۆمبی پێکەوە توانیان قوتابخانە بگەیەنن بە لۆلۆنا و گوندنشینەکانی ناوچەکە.

لۆلۆنا نەیدەتوانی هەموو ڕۆژێک بچێک بۆ قوتابخانە وەک خۆی دەیویست، لەبەرئەوەی هەموو هەفتەیەک دووجار بۆ ماوەی ٢.٥ کاتژمێر بەپێ ڕێگەی دەبڕی بۆ فینارانتزوا، شارێکی دوور لە گوندەکەی خۆیان. لە فینارانتزوا، لۆلۆنا ماسیەکەی دەفرۆشت و ٢.٥ کاتژمێر بە پێ دەگەڕایەوە بۆ ماڵ لە دەمەو ئێوارەدا. کەچی بە سەختی تێکۆشا تا پرۆگرامی خوێندنی هەرزەکاریی تەواوکرد. نزیکەی دوو مانگی پێچوو بۆ خوێندنەکەی، وە لە کۆتایدا وتی، "ژیانم بە تەواوەتی گۆڕاوە."

ئێستا بە ئاسوودەیی نامە بۆ خێزانەکەی دەنوسێت و نامەکانی ئەوان دەخوێنێتەوە. ئیش و کارەکەی زۆر باشتر بووە و بە هەمان شێوە حەفتا هاوڕێ گوندنشینەکەی کە لە لەگەڵ ئەودا پرۆگرامەکەیان خوێند ژیانیان باشتر بووە. هەموو گوندەکە گۆڕاوە.

لە ماداگاسکار، لە دە منداڵ چواریان ناگەنە پۆلی پێنج. ئەوانی تر یان هەر ناخرێنە بەر خوێندن یان پێش ئەوەی ببن بە یازدە ساڵ واز لە خوێندن دێنن. زۆریان دوای ئەوەی فێری خوێندنەوە و نووسینی ناوی خۆیان بوون واز لە خوێندن دێنن، چونکە دایک و باوکیان وادەزانن بەشی پێویست

خوێندەوارن. هەر کە فێری خوێندنەوە و نووسینی ناوی خۆیان بوون، دایک و باوکیان دەیانەوێت منداڵەکانیان کار بکەن بۆ ئەوەی ئەندامانی تری خێزانەکە شتێکیان دەستبکەوێت بیخۆن.

لە جیهاندا زیاتر لە ٩٩٠ ملیۆن منداڵ ناتوانن بخوێننەوە. بۆئەوەی ئەم شتە بخەیتە بەرچاویان، دانیشتووانی یۆنان نزیکەی ١١ ملیۆن، سویسرا نزیکەی ٧ ملیۆن، ئەمەریکا نزیکەی ٣٠٠ ملیۆن و کۆریا ٤٨ ملیۆن. کەواتە، ٩٩٠ ملیۆن لە دانیشتووانی چەند وڵاتێک زیاتر بەیەکەوە. ژمارەیەکی مەترسیدارە بۆ مرۆڤ.

زۆربەی خەڵک لەو ناوچانەی کێشمەکێش دەکەن (ئەو ناوچانەی هەوڵێکی زۆر دەدەن تا بە زیندوویی بمێننەوە و بەسەر ناڕەحەتیەکاندا زاڵبن) وا هەست دەکەن کچان پێویستیان بە خوێدەواری نیە: بێ توانایی لۆلۆنا لە خوێندنەوە شتێکی باو بوو لە ناو کچانی گوندەکەیدا. ئێستا مێردەکەی لۆلۆنا، راکۆتازافی ئیمانوێل، دەڵێت، " زۆر شانازی دەکەم کە ژنێکی خوێندەوارم (هەبوونی توانای خوێندنەوە و نووسین) هەیە." لەم کاتەدا منداڵێکی کچیان هەیە و راکۆتازافی دەڵێت "ژنان پێویستە خوێندەوار بن. بۆ خۆیان و منداڵەکانیان گرنگە. هەموو منداڵەکانمان دەخەینە قوتابخانە، گرنگ نیە کوڕبن یان کچ."

■ کۆتایی چیرۆک

گفتوگۆ

هەندێک جار گفتوگۆیەکی چێژبەخش بە پرسیارێکی سادە دەستپێدەکات، وەک، "تۆ ئەم رووداوەت پێ چۆنە؟" ئەم پرسیارە بوروژێنە و بەپێی کات و ئارەزووی قوتابیان لە چەند قوتابیەک بپرسە.

مافی مرۆڤ ٢٦ (٦ خولەک)-وشەسازی:

خوێندن: بەدەستهێنانی زانیاری و توانا، بە زۆری لە ڕێگەی وانەوتنەوە و فێرکردنەوە، بەتایبەت لە قوتابخانە و ناوەندەکانی تری پەروەردە. نمونە: خوێندن بە بەهاترین ڕێگای فێرکردنە.

قوتابخانەی سەرەتایی: لە زۆربەی وڵاتان، واتە خوێندنی بنەڕەتی لە دوای باخچەی ساوایان تا پۆلی ٦. تەمەنی ئاسایی قوتابخانەی سەرەتایی لە شەش ساڵی دەستپێدەکات تا ١٢ ساڵی. نمونە: لە قوتابخانەی سەرەتایدا فێری نووسین و خوێندنەوە و کۆکردنەوە دەبین.

بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە:

مافی مرۆڤ ٢٦ لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ بە تەواوەتی باسی ئەوە بکە ئەم مافە واتای چیە. بزانە قوتابیەکان تێدەگەن.

گفتوگۆ:

بۆچی بەشێک لەم مافە ئەوەیە دایک و باوکانمان دەتوانن شێوازی فێرکردنی ئێمە هەڵبژێرن؟

دەتوانن ئەو شتانەش فێربن کە خۆتان دەتانەوێت؟

دەتانەوێت چی فێربن؟ (مەهێلە قوتابیان باسی ئەو شتانە بکەن کە نایانەوێت فێری ببن. با وەڵامەکانیان ئەرێنی بن)

نمایش:

مافی مرۆڤیی ٢٦ لە "٣٠ ماف ٣٠ ریکلام" پیشان بدە. ریکلامی هۆشیاری

مافی مرۆڤ ٢٧ (٦ خولەک)—وشەسازی:

کلتور: هونەر، موسیقا، ئەدەب (نوسینە کاریگەر و بەبەهاکانی کۆمەڵگا)، بیرۆکە، پێشکەوتنی زانستی و دروستکراوەکانی تری گەلێک یان خەڵک بە گشتی. نمونە: زۆر دڵم بە کلتور خۆشە کاتێک لەگەڵ هاوڕێکانم گوێ لە مۆسیقا دەگرم.

مافی لەبەرگرتنەوە: مافێکی یاساییە کە تەنها یەک کەس دەتوانێت نوسین، کارێکی هونەری، فۆتۆگرافێک، پارچە مۆسیقایەک یان هەر کارێکی هونەری کۆپی بکات. ئەگەر تۆ دروستت کردووە، ئەوە هی تۆیە. مەگەر خۆت مۆڵەت بدەیت بە کەسێک کۆپی بکات. نمونە: مافی لەبەرگرتنەوە دەتپارێزێت لەو کەسانەی دەیانەوێت بە فرۆشتنی گۆرانیەکانت پارە بۆ خۆیان پەیدابکەن.

دزین: بردنی کاری کەسێک یان بەکارهێنانەوەی بەبێ مۆڵەت بۆئەوەی بەشێوەیەکی نایاسایی پارەی پێ پەیدا بکات. کورەکە لە کاتی دزینی سی دیەکەدا گیرا کە دەیویست ساختەی بکات.

بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە:

مافی مرۆڤ ٢٧ لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ بە تەواوەتی باسی ئەوە بکە ئەم مافە واتای چیە. پرسیار بکە و بزانە قوتابیەکان تێگەیشتوون.

ڕوونکردنەوە:

با قوتابیەک کتێبێک بکاتەوە و نیشانەی مافی لەبەرگرتنەوە بدۆزێتەوە. زۆرجار لە لاپەڕەکانی سەرەتادایە، لەگەڵ زانیاریەکانی چاپخانە و بڵاوکەرەوەکەدایە.

گفتوگۆ:

ئایا گونجاوە کاری کەسێک ببەیت و بۆ خۆت پارەی پێ پەیدابکەیت؟ بۆچی وایە یان بۆچی وانیە؟

ئایا گونجاوە کاری کەسێک بەکاربهێنیت بەبێ ئەوەی پارەی پێ بدەیت یان مۆڵەتی لێ وەربگریت؟

چی دەکەیت ئەگەر کەسێک کۆپیی کاری کەسێکی پێشکەش کردیت (وەک سی دیەکی گۆرانی) و تۆ زانیت کە پارەیان پێ نەداوە و ئێستا بە نرخێکی زۆر کەم دەیفرۆشن. ئایا ئەو کەسە دزە؟ (وەڵامەکەی دەبێت بەڵێ بێت) تۆ چی دەکەیت؟

بۆچی بە نوسخەی ساختە دەڵێن "نوسخەی دزراو"؟ دزەکان چی دەکەن؟ (ماڵ و سامانی خەڵکی تر دەدزن)

نمایش:

مافی مرۆڤیی ٢٧ لە "٣٠ ماف ٣٠ ریکلام" پیشان بدە. ریکلامی هۆشیاری

مافی مرۆڤ ٢٨ (٥ خولەک)—وشەسازی:

دادپەروەر: راستگۆ، ئەوە دەکات کە دروستە، یاساکان جێبەجێ دەکات، لایەنگیری ناکات. نمونە: کارێکی دادپەروەرانەیە کە کچەکەش وەک براکەی دەتوانێت لە قوتابخانە بخوێنێت.

ئازاد: بتوانیت ئەو کارێک، هەلسوکەوتێک بکەیت یان بە جۆرێک بیربکەیتەوە کە خۆت پێت خۆشە؛ نەک لە ژێر کۆنترۆڵی نەویستراى کەسێک. نمونە: ئێمە هەموومان ئازادین کاتێک دەمانەوێت بڕیار لەسەر ئیش، خوێندن، چاودێریکردنی جەستەی خۆمان بدەین، یان ئەو ئاینە هەڵبژێرین لە بڕوامان پێیەتی یان باوەڕمان پێی نیە.

هێمن: دۆخێکی ئارام کە هەمووان پابەندی یاسا دەبن و ڕێز لە یەکتر دەگرن. نمونە: کە هێمنی هەبوو لە شارەکەماندا، دەتوانین بێ خەم بسوڕێینەوە.

بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە:

مافی مرۆڤ ٢٨ لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ بە تەواوەتی باسی ئەوە بکە ئەم مافە واتای چیە. پرسیار بکە و بزانە قوتابیەکان تێگەیشتوون.

نمایش:

مافی مرۆڤیی ٢٨ لە "٣٠ ماف ٣٠ ریکلام" پیشان بدە. ریکلامی هۆشیاری

مافی مرۆڤ ٢٩ (١٠ خولەک)—وشەسازی:

بەرپرسیارێتی: ویستی گرتنە ئەستۆی شتێک، شتێک بە ئەنجام بگەیەنیت، هەستکردن کە هۆکاری شتێکیت و بەردەوامبیت لە سەرپەرشتیکردنی. نمونە: کوڕەکە بەرپرسیارێتیی گرتە ئەستۆ کە خەڵکی تر بە مافی مرۆڤ ئاشنا بکات.

ئەرک: پابەندبوونێکی یاسایی و ئەخلاقیە، بەرپرسیارێتی. نمونە: ئەرکی منە یارمەتی دایک و باوکم بدەم.

بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە:

مافی مرۆڤ ٢٩ لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ بە تەواوەتی باسی ئەوە بکە ئەم مافە واتای چیە. پرسیار بکە و بزانە قوتابیەکان تێگەیشتوون.

گفتوگۆ:

کۆپی "ئەو شتانەی هەموو کەسێک دەتوانێت بیکات بۆ مافی مرۆڤ" بدە بە قوتابیەکان. بپرسە "چۆن دەتوانیت ماف و ئازادیەکانی کەسێکی تر بپارێزیت." با قوتابیەکان نمونەی ڕاستەقینە بهێننەوە.

ئەگەر نمونەکان باسی داهاتوویەکی دووری کرد یان وتی "ئەگەر ببم بە سەرۆکی هەموو جیهان..."، دەستخۆشیان لێ بکە و داوایان لێ بکە نمونەی ئەو شتانە بهێننەوە کە ئێستا دەتوانن بیکەن. هەموو وەڵامەکان لەسەر بۆردەکە ریز بکە. قوتابیەکان هانبدە بیرۆکەی نوێ لەسەر مەلزەمەکان بنووسن.

نمایش:

مافی مرۆڤیی ٢٩ لە "٣٠ ماف ٣٠ ریکلام" پیشان بدە. ریکلامی هۆشیاری

مافی مرۆڤ ٣٠ (٣ خولەک)-بە دەنگی بەرز بیخوێنەرەوە:

مافی مرۆڤ ٣٠ لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ ئەگەر قوتابیەکان بە ئاسانی لەم مافە تێگەیشتن، تەنها بیخوێنەرەوە. زۆرجار پێویست بە شیکردنەوە ناکات.

نمایش:

مافی مرۆڤیی ٣٠ لە "٣٠ ماف ٣٠ ریکلام" پیشان بدە. ریکلامی هۆشیاری

وتار (٢٠ خولەک):

"چی بکەم تا رەوشی مافی مرۆڤ بۆ خۆم و بۆ ئەوانی تریش باشتر بکەم." پێویستە وتارەکە ئەمانە لەخۆبگرێت (١) گرنگی مافی مرۆڤ، (٢)بە دیاریکراوی قوتابیان چی بکەن تا دۆخی مافی مرۆڤ لە هەموو بوارەکانی ژیاندا (خێزان، قوتابخانە، یاریگا، گەڕەک، یانە، ئەم وڵاتە، جیهان، هتد) باشتر بکەن، (٣) دەبێت قوتابیەکان یارمەتی کێ بدەن، (٤) چاوەڕێی چی دەرئەنجامێک دەکەن.

تێبینی: با قوتابیان پلانی وانەی داهاتوو بزانن. یارمەتیان دەدات پێش وەخت بیرۆکە ئامادە بکەن.

ئەرکی قوتابیان (ئارەزوومەندانە):

با قوتابیەکان مافەکانی ٢٦-٣٠ بە دڵ فێربن لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ پێویستە بتوانن بە خێرایی بۆ قوتابیانی تر یان مامۆستاکەی بخوێننەوە. .

ئەتوانیت پاداشتی ئەو قوتابیانە بدەیتەوە کە بەشداری لەم ئەرکەدا دەکەن لە پێدانی خاڵی زیاد، مافێکی تایبەت، لەزگەیەک یان هەر پاداشتێکی تر کە پێی بزانن.

پرۆژەی داهێنەرانەی مافی مرۆڤ
وانەی نۆ: رێبەری مامۆستا

ئامانج:
یارمەتیدانی قوتابیان بۆ تێگەیشتن لە مافی مرۆڤ بە سپاردنی پرۆژەی داهێنەرانە پێیان. لەم راهێنانەدا پێویستە قوتابیان بەشداری بکەن و زیاتر هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن دەربارەی زانیاریەکانی مافی مرۆڤ کە خوێندویانە.

بابەتەکان:
- مافی مرۆڤ چیە؟ نامیلکە
- (دی ڤی دی) یەکگرتن

مەلزەمەکان
- هیچیان

ماوە:
١. گفتوگۆ ٥ خولەک
٢. وشە سەرەکیەکان بناسێنە ٥ خولەک
٣. یەکگرتن پیشان بدە و گفتوگۆی لەسەر بکە ١٠ خولەک
٤. چالاکی ٣٠ خولەک
٥. پاککردنەوە ٥ خولەک

تەواوی کات: ٥٥ خولەک

ئامادەکاری مامۆستا:

- پێویستت بە چەند کەرەستەیەک دەبێت وەک لاپەڕەی وێنەکێشان، قەڵەم و قەڵەمبۆیە. ئەگەر قوتابخانەکە دەستە جل و بەرگیان هەبوو، بەکاریبهێنە بۆ نمایشەکە. ئەگەر گونجا قوڕی دەستکردیان بۆ دابین بکە.

- کۆمپیوتەر یان دی ڤی دی پلەیەر دامەزرێنە و دی ڤی دیەکە بخەکار.

زانیاری:

- قوتابیان هەندێک جار بیرۆکەی داهێنەرانەی مەزنیان لایە. پێیان بڵێ تا ١٠ خولەک کاتیان هەیە تا پلانی پرۆژەکە دابنێن و ڕێکی بخەن، کە لەوانەیە لە سەرەتادا سکێچی کارێکی هونەری بێت یان پڕۆژەی نمایش و هەڵبژاردنی ئەکتەر بێت. پاشان پێنج خولەکیان پێ بدە پێش پاککردەوە.

- کات دیاری بکە بۆ نمایش، خوێندنەوەی شیعر یان هەر شتێکی لەو شێوەیە. ئەو جۆرە بابەتانە پێویستە لەگەڵ ماوەی وانەی داهاتوودا بگونجێت. کەس نایەوێت چاودێری بکرێت، چونکە کات نامێنێت. پلانی وانەی داهاتوو ٤٠ خولەک بۆ چالاکیەکان دیاری دەکات. کاتەکە بەپێی پێویست دابەشی بکە، ئەگەر هەشت چالاکی هەبوون، یەکی پێنج خولەکیان بۆ تەرخان بکە.

- ئەگەر کات ڕێگەی دا، دەتوانیت ماوەی چەند وانەیەک بدەیت بە قوتابیان بۆئەوەی کاری هونەری مافی مرۆڤ دروست بکەن.

- دەتوانیت ئەو بژاردەیە بخەیتە بەردەم قوتابیان کە هەر ٣٠ بەندەکەی مافی مرۆڤ بە دڵ لەبەر بکەن ئەگەر تا ئێستا لەبەریان نەکردووە. دەرفەتێک بدە بە قوتابیان کە ٣٠ بەندەکەی مافی مرۆڤ لە پۆلەکەدا بۆ قوتابیان بخوێننەوە بۆ وانەی داهاتوو. دەتوانن بە سەرە ٣٠ مافەکە بخوێننەوە، هەریەکەیان مافێک یان دوان بخوێننەوە.

- ژیانامەی هەریەکێک لە داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ کە لە بەشی "داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ"دا باسکراوە، ئەکرێت بکرێت بە پرۆژەیەکی هونەری. بۆ نمونە؛ نمایشێک لە سەر ئازایەتی ڕوبی بریجزی بچکۆلە لەوانەیە هەم ئاسان و هەم سەرنجڕاکێش بێت.

- ئەگەر تا ئێستا میوانت بانگهێشت نەکردووە بۆ پێشانگاکە، ئێستاش درەنگ نیە. پۆلێکی تر، کارگێڕی قوتابخانە یان دایک و باوکی قوتابیان بانگهێشت بکە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ماندووبوونی قوتابیان بە زیاد نەچووە، هەروەها بۆ هاندانی قوتابیان و بەسەربردنی کاتێکی خۆش گرنگە. ئەگەر پێشتر بانگهێشنامەت نارد‌ووە، ئێستا کاتێکی باشە یادخەرەوەیەک بۆ میوانەکان بنێریت تا دڵنیابیت لە ئامادەبوونیان.

- کاری قوتابیەکان بەرگ بگرە و بە بەشی بیانپارێزە. هەموو وتارەکان، وێنە کێشراوەکان، وێنەی چالاکیەکان، پەیمانی یەکگرتن، هتد. قوتابیان شانازی دەکەن ئەگەر لە پێشانگای داهاتوودا کارەکانیان نمایش بکرێت و لە پۆلەکەدا بۆ ماوەیەک کارەکانیان بمێننەوە.

پرۆژەی داهێنەرانەی مافی مرۆڤ
وانەی نۆ: پلانی وانە

هەر بەشێکی پلانی وانەکە بەم ریزبەندیە پێشکەش بکە.

گفتوگۆ (٥ خولەک):

با قوتابیان بگەڕێنەوە بۆ بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ نامیلکە لە قوتابیان بپرسە، "کام بەندەی مافی مرۆڤ پەسەندترینیانە بەلاتەوە؟" دەبێت زۆربەیان ڕوونکردنەوە لەسەر وەڵامەکانیان بدەن.

وشەسازی (٥ خولەک):

پەیوەندی: ناردنی بیرۆکە یان وێنە بۆ کەسێکی تر تا وەریبگرێت و لێی تێبگات. پەیوەندی یەبێت لە ڕێگەی دەنگ، نووسین، نمایش، مۆسیقا، فۆتۆگراف یان هەر هۆکارێکی تری داهێنەرانە یان کرداریانەوە بێت. نمونە: کە تەماشای تابلۆکەم کرد، لە پەیوەندی هونەرمەندەکە و هاوڕێکانی تێگەیشتم.

هونەر: جۆرێکە لە دەربڕین بە دروستکردنی کاری جوان و خەیاڵی یان بە مەبەستی گەیاندنی بیرۆکەیەکی نوێ بە شێوازێکی داهێنەرانە. نمونە: هونەر جیهان جوانتر و خۆشتر دەکات.

نمایش و گفتوتۆ (١٠خولەک):

یەکگرتن بخەرەکار. بپرسە، "ئەمە هونەرە؟ هیچ پەیوەندیەکی تێدایە؟"

چالاکی (٣٠ خولەک):

قوتابیان بە هەر شێوازێک لە شێوازەکانی هونەر کە خۆیان هەڵیدەبژێرن، پەسەندترین مافی خۆیان ڕوونەدەکەنەوە. لاپەڕەکان دابەش بکە با قوتابیان نای خۆیان بنووسن بۆ ئەو چالاکیەی هەڵیانبژاردووە.

- تابلۆیەک بکێشن.
- نمایشێک بەرهەمبهێنن لەگەڵ قوتابیانی تر.
- وێنەی دیمەنێک بگرن کە وێنای مافی مرۆڤ بکات.

- گۆرانیەک بەرهەمبهێنن.
- شیعرێک بنووسن.
- چیرۆکێک بنووسن.
- دیمەنێک یان پەیکەرێکی قوڕ دروست بکەن.
- سەما یان هەڵپەڕکێ ڕێکبخەن.
- ڤیدیۆیەک دروست بکەن.
- گۆرانی یەکگرتن بڵێن.

- شتی تر (دەتوانن شتی هەمەڕەنگ بێت یان بیرۆکەی تر بێت)

بیری قوتابیەکان بخەڕەوە کە لە کاتی پێشکەشکردنی کارەکانیان، وەک نمایش و گۆرانی یەکگرتن، میوانی ئامادە دەبێت، بۆیە دەبێت خۆیان هەندێک پرۆڤە بکەن. چونکە دەبێت سەرنجی میوانان ڕابکێشن.

بە قوتابیەکان بڵێ هەموو کەسێک دەرفەتی ئەوەی هەیە کاری خۆی نمایش بکات. دەتوانن کارەکانیان پیشان بدەن یان چیرۆکەکانیان بخوێننەوە، هتد، لە وانەی داهاتووتر یان پاش پێشانگاکە.

با قوتابیان ئەو کارانە تەواو بکەن کە بە نیازن بیکەن و نمایشەکانیان پوخت بکەن و ئامادەی بکەن تا پێشکەشی بینەرانی بکەن.

پاککردنەوە (٥ خولەک):

با قوتابیان کارەکانیان تەواو بکەن و شوێنەکە پاکبکەنەوە.

ئەرکی قوتابیان (ئارەزوومەندانە):

با قوتابیەکان هەر ٣٠ مافەکەی مرۆڤ بە دڵ فێربن لە بەشی مافی مرۆڤ چیە؟ (پێویست ناکات قوتابیان لە ژێر لێوەوە لەبەری بکەن) پێویستە بتوانن بە خێرایی بۆ قوتابیانی تر یان مامۆستاکەی بخوێننەوە. .

(ئەمە تەنها هاندانی ئەو قوتابیانەیە کە لە پلانی وانەی پێشووتر لەبەریان نەکردووە)

ئەتوانیت پاداشتی ئەو قوتابیانە بدەیتەوە کە بەشداری لەم ئەرکەدا دەکەن لە پێدانی خاڵی زیاد، مافێکی تایبەت، لەزگەیەک یان هەر پاداشتێکی تر کە پێی بزانن.

■ **کۆتایی وانە**

پێشانگای مافی مرۆڤ
وانەی دە: رێبەری مامۆستا

ئامانج:
پێدانی دەرفەتێک بە قوتابیان کە بۆچوونی خۆیان لەسەر مافی مرۆڤ بخەنە روو. بەهێزکردنی تێگەیشتنی قوتابیان بۆ ٣٠ بەندەکەی مافی مرۆڤ لە نمایش و چالاکیەکانی قوتابیە هاورێکانیانەوە.

بابەتەکان:
- مافی مرۆڤ چیە؟ نامیلکە

مەلزەمەکان
- بڕوانامەکان (دایبەزێنە لە **YouthforHumanRights.org/downloads**)

ماوە:
١. ئامادەکاری	٥ خولەک
٢. پێشانگا	٤٠ خولەک
٣. بڕوانامەکان	١٠ خولەک
٤. پاککردنەوە	٥ خولەک
تەواوی کات:	**٦٠ خولەک**

ئامادەکاری مامۆستا:
- دڵنیابەرەوە کێ ئامادەی نمایش و چالاکیەکان دەبێت. (کاربەدەستان، دایک و باوکان، مامۆستاکانی تر، هتد) شوێنی پێشکەشکردنی نمایش و چالاکیەکان دیاری بکە لە شوێنێکدا کە میوانان جێگەیان ببێتەوە. کامێرا بهێنە تا وێنەی چالاکیەکان و نمایشەکان بگریت و بیکەیت بە بەڵگەنامە.

- **ئارەزوومەندانە:** بڕۆ بۆ دوکانێک یان پێشانگایەکی هونەری و داوابکە بەڕێوبەرەکی ڕەشت پێشکەش بکەن کە کونێکی تێدابێت بە قەبارەی تابلۆی قوتابیەکانت. (باشترە ڕەش، قاوەیی یان نیلی بێت. ئەم زانیاریانی خوارەوە ببینە)
- دایک و باوکان و گارگێڕی قوتابخانە یان پۆلێکی تر بانگهێشت بکە.
- بڕوانامەکان ئامادە بکە کە ناوی قوتابیەکان و ئیمزای خۆتی لەسەربێت.

زانیاری:

- ئەگەر هەموو قوتابیان ٣٠ بەندەکەی مافی مرۆڤیان لەبەربوو، با هەڵسنەوە و پێکەوە بیانڵێن (یان هەر قوتابیەک بە سەرە مافێک بڵێن، بەڵام بە ڕیزبەندیەکی ڕاست.) با بە شێوەیەکی ڕوون و بەرز و چالاک بێت. پیرۆزباییان لێبکە. بە زانینی مافی مرۆڤ، قوتابیان دەتوانن بە شێوەیەکی باشتر چاودێریی ڕەوشی مافی مرۆڤ بکەن و جێبەجێی بکەن و بیگەیەنن بە کەسانی تر.
- ئەگەر قوتابیان بە نیاز بوون گۆرانی یەکگرتن بڵێن، پێویستە بە گروپ پرۆڤەی لەسەر بکەن تا بتوانن بە باشی پێشکەشی بکەن.
- ئەو قوتابیانەی بە نیازن نمایش پێشکەش بکەن، پێویستە پێش وەخت چەند جارێک پێشکەشی بکەن تا بڕوایان بە خۆیان هەبێت.
- ئەگەر کات هەبوو، با هەر قوتابیەک کارە هونەریەکەی خۆی لەبەردەم پۆلەکەدا باس بکات و پیشانی هەمووانی بدات. هانی قوتابیەکان بدە هەر یەکەیان بە کورتی باسی کارەکەی خۆیان بکەن. تابلۆ و وێنە دوو دووریەکان ئەکرێت بە بەڕێوبەکەوە هەڵبواسرێن و لە پێشەوە دابنرێن تا جوانتر دەربکەون. ئەگەر کات نەبوو هەر قوتابیەک تابلۆکەی پیشانی گروپەکە بدات، خشتەیەکی پیشاندان دروستبکە بۆ هەموو تابلۆکان تا میوانان و بینەران بتوانن تەماشای پێشانگاکە بکەن.
- یەکگرتن پیشانی بینەران و میوانان بدە.
- ئەگەر لە کۆتایدا کاتی پێویست نەما، قوتابیان بە کۆمەڵ بانگ بکە و بڕوانامەکانیان پێبدە، نەک دانە دانە.

پێشانگای مافی مرۆڤ
وانەی دە: پلانی وانە

ئەم وانەیە پێشانگایەکە بۆ کارەکانی قوتابیان کە لە وانەی پێشتردا ئەنجامیان داوە. دەرفەتێکە بۆ ئەوان تا کارەکانیان نمایش بکەن، پیشانی بدەن یان بیخوێننەوە.

ئامادەکاری قوتابیان)٥ خولەک):
ئەگەر پێویستی کرد، پێنج خولەک بدە بە قوتابیەکان تا ئامادەکاری بۆ کارەکانیان بکەن لە خوێندنەوەی شیعر و چیرۆک یان نمایش یان هەر جۆرە ئامادەکاریەکی تر.

نمایشی قوتابیان (٤٠ خولەک):
بەخێرهاتنی میوانەکان بکە و کورتەیەکیان دەربارەی پرۆگرامی مافی مرۆڤ و ئەو وانانە پێ بڵێ کە دەیڵێیتەوە.

لە کاتی خوێدا بانگی هەر قوتابیەک یان گروپێک بکە تا کارەکانیان پێشکەش بکەن.

تێبینی: ئەگەر قوتابیەکان ٣٠ بەندەکەی مافی مرۆڤیان لەبەرکردووە، داوایان لێ بکە ناوە ناوە بۆ پۆلەکەی بخوێننەوە. بە شێوەیەکی تر، بانگی قوتابیەک بکە وێنەکەی پیشان بدات، پاشان قوتابیەکی تر بانگ بکە شیعرەکەی بخوێنێتەوە، دواتر قوتابیەکی تر ٣٠ بەندەکەی مافی مرۆڤ بخوێنێتەوە، پاشان قوتابیەکانی تر یەکە یەکە بانگ بکە نمایشەکانیان پێشکەش بکەن، پاشان قوتابیەکی تر گۆرانیەکەی بڵێ، لەدوای ئەوە قوتابیەکی تر بانگ بکە ٣٠ بەندەکەی مافی مرۆڤ بخوێنێتەوە، بەو شێوە تا کۆتایی دێت. ئەمەش قوتابی و میوانەکان ناچار دەکات لە ٣٠ بەندەکەی مافی مرۆڤ تێبگەن.

بڕوانامە (١٠ خولەک):
ئەمەش ئاهەنگی نیمچە دەرچوونی قوتابیانە. بە گرنگی و شادیەوە ئەم بۆنەیە بەڕێوە ببە. داوا لە قوتابیەکان لە سەر پێ راوەستن، پیرۆزبایی ئەم دەسکەوتەیان لێ بکە کە ئێستا دەتوانن یارمەتی بواری مافی مرۆڤ بدەن، پاشان بروانامەی بەشداریکردنیان پێ ببەخشە.

پاککردنەوە (٥ خولەک):
با قوتابیان کارەکانیان تەواو بکەن و شوێنەکە پاکبکەنەوە.

CERTIFICATE

ئەم بڕوانامەیە بەخشرا بە

_____

کە مافی مرۆڤی کرد بە بەشێک لە بیرکردنەوە و کاری رۆژانەی خۆی.

لە رۆژی _____ مانگی _____ ساڵی _____

_____

ماموستا یان سەرۆک تیم

ئامانجی ڕێکخراوی Youth for Human Rights International گەیاندنی
مافی مرۆڤە بە گەنجان تا ببن بە داکۆکیکاری سەرسەختی ئاشتی و لێبووردەیی.

فێربە کە یەکگرتوو بن

YouthforHumanRights.org

بەرنامەی سەرکەوتوی مافی مرۆڤ
وانەی یازدە: رێبەری مامۆستا

ئامانج:

کۆکردنەوەی سەرنجی قوتابیان بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم بەشەی خوێندن و ستایشکردنی قوتابیان بۆ ئاشنابوونیان بە مافی مرۆڤ و پشتگیریکردنی مافی مرۆڤ.

بابەتەکان:

- مافی مرۆڤ چیە؟ نامیلکە
- فیلمی چیرۆکی مافی مرۆڤ

مەلزەمەکان

- فێربە کە یەکگرتوو بن- سەرکەوتن ("سەرکەوتن" ببینە لە لاپەڕە ١٤٥ یان دایبەزێنە لە /YouthforHumanRights.org

- راپرسی قوتابیان ("پێش دەسپێکردن" ببینە لە لاپەڕە ١٥)

ماوە:

١. فیلمی چیرۆکی مافی مرۆڤ	١٠ خولەک
٢. گفتوگۆ	١٥ خولەک
٣. پێناسەی وشەکان بکە	٥ خولەک
٤. وتار	١٥ خولەک
٥. راپرسی	١٠ خولەک
تەواوی کات:	**٥٥ خولەک**

ئامادەکاری مامۆستا:

- مەلزەمەکان دروستبکەرەوە

زانیاری:

- قوتابیەک پرسیاری وتارەکە لەسەر بۆردەکە بنووسێت تا قوتابیەکان لە کاتی نووسینی وتارەکەدا بگەڕێنەوە بۆی.

- بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک دوای ئەم وانە، ماوە ماوە گفتوگۆ لەسەر مافی مرۆڤ بکەن. بزانە قوتابیانی مافی مرۆڤ چیان کردوە و چیان بەکارهێناوە و سەرنجی چیان داوە. هاوشێوەی پرسیاری گفتوگۆی ئەم وانە لە قوتابیەکان بکە.

- کە ئەم بەشە تەواو بوو، سەرنجی قوتابیان بدە کە مافی مرۆڤ بە شێوەیەکی فراوانتر لە کاتی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەوانی تردا بەکاردەهێنن، بە شیکردنەوە و باسکردنی، مافی مرۆڤ بە ئەوانی تر دەگەیەنن تا بارودۆخەکەی باشتر بکەن. کە سەرنجی ئەم دیاردە ستایشکراوەت دا، رووداوەکان بنووسە و زانیاریەکان بنێرە بۆ ڕێکخراوی YHRI لە ڕێگەی ئیمێڵ یان پۆستەوە. دەتوانیت لە سەر سایتی YHRI پۆستی بکەیت. بە قوتابیەکان رابگەیەنە کە شانازیان پێوە دەکەیت.

- دەرئەنجامەکە پیشانی دەستەی کارگێڕی و هاوڕێ مامۆستاکانت بدە و هانیان بدە بەرنامەکە لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا و لە پۆلەکانی خۆیاندا جێبەجێ بکەن

بەرنامەی سەرکەوتوی مافی مرۆڤ
وانەی یازدە: پلانی وانە

ئەم وانەیە مافی مرۆڤ چیە؟ تەواو دەکات. بەشی خوێندن. هەر بەشێکی پلانی وانەکە بەم ریزبەندیە جیێبەجێ بکە.

پیشاندان (١٠ خولەک).

جارێکی تریش چیرۆکی مافی مرۆڤ پیشان بدە. ئەم فیلمە مانای زیاتری هەیە بۆ قوتابیان. هەرچەندە داکۆکیکردن لە مافی مرۆڤ بیرۆکەی پشت فیلمەکەیە، چیرۆکی مافی مرۆڤ لەم کاتەدا دەرئەنجامێکی کامڵ دەدات بە وانەکان.

گفتوگۆ (١٥ خولەک).:

پرسیار لە قوتابیان بکە لە ساتەوەختی خوێندنی ئەم بەشی خوێندنەوە، هیچ پێشێلکاریەکی مافی مرۆڤیان بینیوە لە گەڕەک، یاریگا، تەلەفزیۆن یان هەر شوێنێکی تر.

بزانە هیچ دەرفەتێکیان بۆ هەڵکەوتووە کە یارمەتی خەڵک بدەن لە رووی مافی مرۆڤەوە لەوکاتەوەی ئەم وانانە دەخوێنن.

بزانە هیچ کەس بەهۆی زانینی مافی مرۆڤەوە توانیوێتی بە شێوەیەکی باشتر بارودۆخێک چارەسەر بکات.

بزانە لەگەڵ هیچ کەسێک- دایک و باوک، هاوڕێ، کەسی نەناسراو، دراوسێ، هتد- گفتوگۆیان لەسەر مافی مرۆڤ کردووە. با باسی گفتوگۆکە و ئەنجامەکەی بکەن. لە ئەو کەسەوە هیچ فێربوون؟ کەسەکە هیچ لە قوتابیەکەوە فێربوو؟ لەسەر چی شتێک رێکەوتن؟

پرسیاریان لێ بکە دەربارەی پەسەندترین وانەی مافی مرۆڤ.

وشەسازی (٥ خولەک):

سەرکەوتن: ئەنجامێکی باش، کۆتاییەکی چاک دوای کارکردن بۆ شتێک، هەستی سەرکەوتن و بەدیهێنان. نمونە: سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا لە بڕینی مەلەوانگەکە بە مەلە.

وتار (١٥ خولەک):

باسی مەلزەمەی "فێربە کە یەکگرتوو بن- سەرکەوتن!" بکە. با قوتابیەکان وتارێکی کورت بنووسن. پێویستە بە لایەنی کەمەوە سێ لەم پرسیارانەی خوارەوە هەڵبژێرن تا وەڵامیان بدەنەوە و بۆ هەریەکەیان پەرەگرافێک بنووسن: حەزت لە چی بەشێکی فێربوونی مافی مرۆڤ بوو؟ چی بیرۆکەیەکی نوێت وەرگرت؟ هیچ پێشێلکاریەکی مافی مرۆڤت بەرچاوکەوت؟ سەبارەت بە مافی مرۆڤ، یارمەتی هیچ کەسێکت دا؟ توانیت بە شێوەیەکی باشتر کۆنترۆڵی دۆخێک بکەیت چونکە مافی مرۆڤت دەزانی؟ لەگەڵ کەسێک قسەتکرد سەبارەت بە مافی مرۆڤ وە باسی چیتان کرد؟ چی شتێک بۆ تۆ گۆڕانی بەسەردا هات لە ئەنجامی ئەم وانانەی مافی مرۆڤ؟ پێویستە وتارەکە بەمە کۆتایی بێت: قوتابیەکە حەزدەکات ئەم وانانەی خوێندوویەتی فێری کێ بکات وە بۆچی؟

راپرسی هەڵسەنگاندنی پاش وانەکان (١٠ خولەک):

با قوتابیەکان بزانن کە ئەم راپرسیە هەمان ئەو راپرسیەیە لە سەرەتای کۆرسەکەوە پێیان دراوە. داوا لە قوتابیان بکە بەوپەڕی توانای خۆیان وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە. ئەمە تاقیکردنەوە نیە. تەنها بۆ ئەوەیە بزانین ئێستا چی دەزانن.

■ **کۆتایی وانە**

موعجیزەیەک لە سەردەمێکدا

د. محەمەد یونس

هەندێک جار بزوتنەوەیەکی زەبەلاحی مرۆڤدۆست، سەرەتایەکی سادەی هەبووە. وەک منداڵی دایک و باوکێکی دەوڵەمەند لە بەنگلادیش، محەمەد یونس یارمەتیدانی هەژاران لە دایکیەوە فێربوو. لە مامۆستای ژیانیەوە، قازی شاهیب، فێری بەهای هاوڕێی باش، سەرکردایەتی، ئەندام بوون لە گروپێک، سەربەخۆیی بیرکردنەوە و کارکردن بوو.

لە زانکۆ بەوپەڕی توانای خۆی خوێندی و لە زانکۆی ڤاندێربیلّت لە ناشڤیل، تێنێسی، بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری ئابووریدا بەدەستهێنا. کە گەڕایەوە بۆ بەنگلادیش، دەستیکرد بە وتنەوەی ئابووری لە زانکۆ. بەڵام بۆی دەرکەوت ئەو زانستەی ئەو فێری بووە و ئەوەی لە زانکۆ دەیڵێتەوە خزمەتی هەژارانی وڵاتەکای ناکات.

لە ساڵی ١٩٧٤، قات و قڕی زیاتر ملیۆنێک خەڵکی کوشت لە بەنگلادیش، لەو کاتەدا دکتۆر یونس بڕیاریدا گونده هەژارەکان بگەڕێت تا بزانێت چۆن یارمەتیان بدات. لە لاڕێیەکدا ژنێکی زۆر هەژاری تەمەن ٢١ ساڵی بینی بە ناوی سوفیا بێگوم کە خەریکی چنینی زەمیلە بوو لە قامیش. کە قسەی لەگەڵدا کرد، بۆی دەرکەوت ئەم ژنە دەبێت پارە قەرز بکات و بیدات بە قامیش لای بازرگانە دەوڵەمەندەکان و دوای تەواوبوونی، زەمیلەکەیان پێ بفرۆشێتەوە. بازرگانەکان هەفتانە پارەیەکی زۆریان لە ژنەکە دەسەند لە بەرامبەر پێدانی پارە پێی - زیاتر لە دە سەنت بۆ هەر دۆلارێک.

کە ژنەکە زەمیلەکانی تەواو دەکرد، پارەی قامیشەکان و زیادەی قەرزەکەی دەدایەوە، لە کۆتایدا تەنها دوو سەنتی بۆ دەمایەوە بۆ هەر زەمیلەیەک. هەموو قازانجەکە بۆ بازرگانەکان بوو.

د. یونس بۆی دەرکەوت ئەگەر ژنەکە بڕێک پارەی کەمی هەبێت - دوازدە دۆلار- ئەوا دەتوانێت قامیش بە نرخێکی هەرزانتر بکڕیت و قازانجێکی زیاتر بکات و چیتر پێویستی بەو بازرگانە چاوچنۆکانە نەبیت.

د.یونس لە باخەڵی خۆی قەرزی دا بە ژنەکە و بڕوای پێ کرد کە ژنەکە پارەکەی دەداتەوە. هاوڕێکانی پێیان وت هەرگیز چاوی بەو پارەیە ناکەوێتەوە. پێیان وابوو لە خۆڕایی هیوای لەسەر ئەو ژنە هەڵچنیوە. خۆشبەختانە، دوای ماوەیەکی کەم، ژنەکە هەموو پارەکەی گەڕاندەوە.

ژیانی باشتر بوو. زیاتر سەربەخۆ بوو وە تا رادەیەک لە هەژاری رزگاری بوو. خۆی و خێزانەکەی گۆرانکاریەکیان لە ژیانی خۆیاندا کرد. دواجار هیوا لە ئاسۆوە دەرکەوت.

د.یونس دەستیکرد بە رێکخستنی ژنانی گوند لە چوارچێوەی گروپی قەرز وەرگردا. لە سەرەتاوە کارەکە قورس بوو. ژنەکان نەیاندەویست پارە قەرز بکەن لە کاتێکدا دڵنیا نەبوون کە دەتوانن بیدەنەوە. بەڵام دوای ئەوەی یەک لە دوای یەک سەرکەوتن، بیرۆکەکە پەرەی سەند.

د.یونس دەیویست سەرنجی بانقەکان رابکێشێت کە کارەکە لە ئەستۆ بگرن، بەڵام بانقەکان بڕوایان وابوو کە هەژارەکان ناتوانن پارەکە بدەنەوە و بانقەکانیش تەنها قازانجی ماددیان دەویست. قەرزەکەی د.یونس تەنها یارمەتی یەک کەسی دا، بەڵام ئەوە بەس نەبوو بە گوندێک. لەبەرئەوە بڕیاریدا بانقێکی سەربەخۆ بۆ هەژارەکان دابمەزرێنێت، کەچی بانقەکان بڕوایان بە بیرۆکەکەی نەکرد.

خۆشبەختانە، چاوی بە ئەبول ماڵ عەبدول مونیس کەوت، کە دواتر بوو بە وەزیری دارایی بەنگلادیش. بەڕێز مونیس یارمەتی د. یونسی دا کە بانقی گرامین لە ساڵی ١٩٨٣ دابمەزرێنێت لەسەر ئەو بنەمای کە دەبێت متمانەمان بە هەژارترینی هەژارەکان هەبێت لە "قەرزی بچوک"دا - بڕێک پارەی کەمە دەدرێت بە کەسێک لەسەر بنەمای بەڵێنی قەرزەرگر. ئەو متمانە قورسەی گروپی قەرزەرگرەکان دروستی کرد، وای کرد هەمووان قەرزەکان بدەنەوە.

١٢٦

لە سەرەتاوە، د. یونس دەیویست هەمان بڕ قەرزی یەکسان بدات بە پیاوان و ژنان، بەڵام بۆ دەرکەوت کە ژنان زووتر قەرزەکە دەدەنەوە. لە ئێستادا، ٩٤% ی قەرزەوەرگرەکان ژنن. ژنان پارە بۆ هەموو خێزانەکە خەرجدەکەن.

بانقی گرامین گەشەی سەند و خزمەتی ٣٦.٠٠٠ گوند دەکات لە بەنگلادیش و قەرزی بچووک دەدات بە کێڵگەی برنج، حەوزی ماسی، خانوبەرە، جل چنین و چالاکیە بازرگانیە بچوکەکانی تر. ئەمڕۆ سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێناوە.

وەک د. یونس دەڵێت، "ئەوە هەژارەکان نین شایەنی متمانە نین، ئەوە بانقەکانن شایەنی خەڵک نین."

د. محەمەد یونیس پاڵەوانێکی راستەقینەیە بۆ خەڵکی هەژاری وڵاتەکەی و سەرتاسەری جیهان. لەبەرئەوە، لە ساڵی ٢٠٠٦ خەڵاتی نۆبڵی ئاشتیی پێبەخشرا.

پاڵەوانەکان بە سەیرکردنی بارودۆخی خۆیان دەبن بە پاڵەوان بە " دەتوانم چی کارێک بکەم بۆ ئەم کێشەیە؟" دەبێت هەڵوێست بنوێنین نەک بڵێین "ئەوان دەتوانن چی کارێک بکەن بۆ ئەم کێشەیە؟"

بچوکترین پاڵەوانی مافی مرۆڤ

روبی بریجز

لە تشرینی دووەمی ١٩٦٠، روبی بریجزی تەمەن شەش ساڵان چەند خانوویەک بە پێ دەبڕێ تا لە ماڵ خۆیانەوە دەگاتە قوتابخانەی گشتیی فرانتز لە نیو ئۆرلیانس، لیوزیانا.

کامێرای تەلەفزیۆنەکان شوێنی دەکەون.

داخ لەدڵەکان قسەی ناشیرینی پێدەڵێن و لەم کچە ئەفەریقیە - ئەمەریکیە، کە قژی لە دواوە بەستووە، تورە دەبن و هەڕەشەی ئازاردانی لێدەکەن.

سەرۆکیی ویلایەتە یەکگرتووەکان، دوایت داڤید ئێزنهاوەر، فەرمانی بە هێزێکی مارشاڵی فیدراڵی کرد کچەکە لەو خەڵکە داخ لەدڵە بپارێزن کە دەیانەوێت ئازاری روبی بدەن لە ڕێگەی قوتابخانە. نە پۆلیسی شار نە پۆلیسی ویلایەت ئامادەنەبوون یارمەتی بدەن. هێزی مارشاڵ دەبوایە هەڕەشەی دەستبەسەرکردنیان لە خەڵکەکە بکردایە تا کۆنترۆڵیان بکەن.

روبی هیچی نەوت. هەر وەک دایکی وتی، بە سەربەرزی دەچوو بۆ قوتابخانە.

روبی یەکێک بوو لەو چوار کچە ئەفەریقیە - ئەمەریکیەی کە دامەزراوەی نەتەوەیی بۆ پێشخستنی ڕەشپێستەکان (NAACP) هەڵیبژاردبوو وەک تاقیکردنەوەیەک تا یاسا کۆنەکەی ویلایەتی لویزیانا هەڵبوەشێنێتەوە کە دەیوت پێویستە منداڵی ڕەش پێست و سپی پێست لە قوتابخانەی جیاواز بخوێنن. حاکمێکی ئەمەریکی وتی ئەو یاسایەی منداڵی ڕەش پێست لە قوتابخانەی سپی پێستەکان جیادەکاتەوە، یاسای ویلایەتە یەکگرتووەکان دەشکێنێت. ئەو یاسا نادادپەروەرەی هەڵوەشاندەوە، وە ڕێگەی دا منداڵی سپی پێست و ڕەش پێست لە هەمان قوتابخانە بخوێنن. روبی رازیبوو کە ببێت بە یەکەم منداڵی ئەفەریقی - ئەمەریکی کە لە قوتابخانەی سپی پێستەکان بخوێنێت.

بەڵام یاسا مرۆڤ ناگۆڕێت. مرۆڤ مرۆڤ دەگۆڕێت.

ساڵی یەکەم، روبی یەکەم منداڵی پۆلەکەی خۆی بوو. بۆ چەندین مانگ تاکە منداڵی پۆلەکەی خۆی بوو! دایک و باوکی منداڵە سپی پێستەکان ڕێگەیان نەدا منداڵەکانیان لە قوتابخانە لەگەڵ کچێکی ڕەشت پێستدا بخوێنن، بۆیە نەیانهێشت لە هەمان قوتابخانەی روبیدا بن.

کەس نەبوو یاری لەگەڵ بکات، کەسی نەبوو لەگەڵیدا کۆشش بکات، کەس نەبوو نانی نیوەڕۆی لەگەڵ بخوات، بەڵام دەم بەخەندە دەچوو بۆ قوتابخانە و کاری خۆی دەکرد. نەیهێشت رقی ئەوانی

تر لەو کارە پەشیمانی بکاتەوە کە پێی راست بوو. روبی لە پۆلێکی چۆڵ و قوتابخانەیەکی چۆڵدا فێری نووسین و خوێندنەوە بوو.

رۆژێک مامۆستاکەی، خاتوو هێنری، روبی بینی کە وەستا و لای کردەوە. وایزانی روبی شتێک بە خەڵکەکە دەڵێت. کە خاتوو هێنری لێی پرسی، روبی وتی، "قسەم نەدەکرد، نزام دەکرد... نزام بۆ ئەوان دەکرد."

هەموو رۆژێک لە ڕێگەی قوتابخانە، پێش گەیشتن بە خەڵکە تووڕەکە، روبی نزایەکی دەخوێند. لەو رۆژەدا، تا نەگەیشتە ناوەڕاستی قەرەباڵغیەکە، نزاکەی نەخوێند خەڵکەکە تووشی سەرسوڕمان بوون کاتێک روبی لەسەر شۆستەکە وەستا و نزاکەی بە دەنگی بەرز خوێند، وەک بڵێی هیچ ئادەمیزادێک لەو ناوە نەبێت: "خودایە، تکادەکەم ئەم خەڵکە ببەخشیت. چونکە ئەگەر قسەی خراپیش بکەن، خۆیان نازانن خەریکی چین. کەواتە تۆ دەتوانیت لێیان خۆشبیت وەک چۆن لەوانە خۆشبوویت کە قسەی ناشیرینیان بەرامبەر تۆ کردبوو."

باوکی روبی کارگوزار بوو. دایکیشی شەوانە دوای خەواندنی روبی ناو بانکێکی پاکدەکردەوە. هەرچەندە دایک و باوکیشی کاریان دەکرد، خێزانی روبی هەندێک جار برسی بوون. لە ساتی لە دایکبوونیەوە، دایکی هەموو یەک شەممەیەک روبی دەبرد بۆ کڵێسا. دەیویست هەر لە سەرەتاوە لە خودا نزیک بیت. روبی زۆر ئازا بوو. هەموو رۆژێک دەچوو بۆ قوتابخانە، بە بێ سکاڵاکردن کارەکانی خۆی دەکرد. هەموو خێزانەکەی نزایان دەکرد تا خودا هێزیان پێ ببەخشێت بۆ ئەوەی زاڵبن بەسەر هەر کێشەیەکدا کە لە ئەنجامی بڕیارەکەی دادگا بێتە ڕێگایان. دایک و باوکی شانازیان دەکرد کە روبی هەڵبژێردراوە تا مێژوو تۆمار بکات.

دوای چەند مانگێکی کەم، دوو منداڵی سپی پێست هاتنەوە بۆ قوتابخانە، پاشان هەندێکی تریش گەڕانەوە. دایک و باوکیان بڕوایان نەبوو کە هەبوونی کچێکی ڕەش پێست هۆکارێکی گونجاو بێت کە منداڵەکانیان لە خوێندنێکی باش بێبەش بکەن.

ساڵی داهاتوو خەڵکە تووڕەکە وازیان هێنا لە ترساندنی روبی لە ڕێگەی قوتابخانە. روبی قوتابخانەی سەرەتایی فرانتزی تەواوکرد و بەردەوام بوو تا ناوەندیشی تەواوکرد.

چەند ساڵێک دوای ئەوە دایکی روبی ئاوڕی لە ئەزموونی کچەکەی دایەوە و وتی، "روبی شتی زۆری فێرکردین. بوو بە کەسێک کە یارمەتی گۆڕینی وڵاتەکەی دا. ئەو بەشێکە لە مێژوو، هەر وەك چۆن جەنەڕاڵ و سەرۆکەکان بەشێکن لە مێژوو. روبیش وەک ئەوان سەرکردە بوو. سەرکردایەتی ئێمەی کرد بۆ دورکەوتنەوە لە رق و پێشڕەوی کردین کە زیاتر یەک بناسین وەک خەڵکی ڕەش پێست و سپی پێست."

بەسەرهاتی روبی بریجز لە تابلۆکەی نۆرمان ڕۆکوێڵدا دەردەکەوێت، ئەو کێشانەی هەموومان لەگەڵیاندا دەژین، هەروەها لە کتێبەکەی ڕۆبێر کۆلزیشدا، چیرۆکی روبی بریجز. هەروەها روبی خۆیشی کتێبێکی چاپکرد بە ناوی لە چاوەکانی منەوە.

ئەمڕۆ روبی لە چەندین مەراسیم و قوتابخانەی سەرتاسەری وڵاتدا قسە دەکات تا چیرۆکی خۆی بگێڕێتەوە و پەیامەکەی بگەیەنێت کە هەموو مرۆڤێک، بێ جیاوازی ڕەنگ، بەنرخە و بەهای خۆی

هەیە. روبی دامەزراوەی خێرخوازی روبی بریجزی دامەزراند بۆ چاندنی ئەو باوەڕەی کە جیاکاری و ڕەگەزپەرستی دەتوانرێت لە ڕێگەی پەروەردەکردنی منداڵ و فێرکردنیانەوە ریشەکێش بکرێت. "ڕەگەزپەرستی نەخۆشی هەرزەکارەکانە، پێویستە ڕێگری لە منداڵەکانمان بکەین نەبن بە هۆکاری بڵاوبوونەوەی."

ئاشتیخواز
ئۆسکار ئاریاز سانچێز

کۆستاریکا (بە ئیسپانی واتە "کەناری دەوڵەمەند") لە ئەمەریکای ناوەڕاستە، ئەو خاکە تەسکەی کە زەریای هێمن لە دەریای کاریبی جیادەکاتەوە، هەروەها ئەمەریکای باشوور لە ئەمەریکای باکوور. مێژوویەکی دورودرێژی هەیە لە ئاشتی و دوور لە کۆیلایەتی.

هەر لەسەر ئەو خاکە ئارامە، لە ساڵی ١٩٤١ ئۆسکار ئاریس سانچێز لە یەکێک لە خێزانە هەرە دەوڵەمەندەکانی بواری چاندنی قاوە لەدایکبوو.

نیشتیمانەکەی وڵاتانی تری ئەمەریکای ناوەڕاست دراوسێی بوون کە مێژوویەکی کۆنیان هەبوو لە نائارامی - پەنەما و نیکاراگوا - و باکوری نیکاراگوا و سلڤادۆر و هیندۆراس. بە پێگەیشتنی ئۆسکار، چەتە و لۆردەکانی ماددەی بێهۆشکەر، شۆرش و دیکتاتۆرەکان بەردەوام وڵاتانی دراوسێیان وەڕەس دەکرد.

ئۆسکار قوتابیەکی زۆر باش بوو. کە دواناوەندی تەواوکرد، لە زانکۆی کۆستاریکا دەستیکرد بە خوێندی ئابووری و یاسا و لە ساڵی ١٩٦٦ زانکۆی تەواوکرد پاشان لە دەرەوەی وڵات بەردەوام بوو لە خوێندن و بۆ سێ ساڵی تر لە ئینگلتەرا لە زانکۆی ئێسیکس و سکوڵی ئابووری لەندەن خوێندی و لەوێ بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێنا. توێژینەوەکەی، "گروپەکانی فشار لە کۆستاریکا،" کە لە ساڵی ١٩٧١ چاپکرا، خەڵاتی وتاری نەتەوەیی بۆ دەستەبەرکرد.

لە ئەزموونی قوتابخانە و گەشتەکانی هەندەرانەوە، ئارەزووەکانی بۆ سیاسەت و مافی مرۆڤ گەشەی کرد. ئۆسکار گەڕایەوە بۆ ئەمەریکای ناوەراست، کە لەو کاتەدا گیرۆدەی هەژاری و گرفت بوو. دەیزانی کە خەڵک باشترین سەرچاوەن کە هەر وڵاتێک هەیەتی ئەگەر گەشەسەندنی مرۆی و پەروەدە و دیموکراسی پەرەی پێبدرێت و کەسێک بتوانێت سوپاکان قایل بکات کە شەر بووەستێنن.

دکتۆر ئاریاس سانچێز دەستیکرد بە پلاندانان و کارکردن بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی. لە ساڵی ١٩٧٢، وەک وەزیری پلاندانان و سیاسەتی ئابووری کۆستاریکا دیاریکرا. لە ساڵی ١٩٧٨ بۆ کۆنگرێس هەڵبژێردرا و لە ساڵی ١٩٨١ بوو بە سکرتێری گشتی حیزبی رزگاریی نەتەوەیی. لە ساڵی ١٩٨٦ هەڵبژێردرا بە سەرۆکی کۆستاریکا.

وەکو سەرۆک، زۆرجار خۆی لە ماڵ دەچووە دەر و گوێی لە ئازارەکانی گەلەکەی دەگرت.

هەر لە سەرەتاوە ئەوە دیاربوو ئەو بە تەنها نەیدەویست لە ئاشتیدا سەرکردایەتی وڵاتێک بکات، بەڵکو دەیویست فەلسەفەی ئاشتی و شکۆی مرۆڤ بگەیەنێت بە هەموو جیهان. ئەو وتی، "گەلی من گەلێکی بێ چەکن کە منداڵەکانیان هەرگیز سەربازێک یان دەبابەیەک یان کەشتیەکی جەنگیان نەبینیوە،" بۆی دەرکەوت کە ئەمە شەرم نیە بەڵکو شانازیە، هەروەها روونیکردەوە، "چەکەکان خۆیان تەقە ناکەن. ئەو کەسانە دەیانتەقێنن کە ئومێدیان نەماوە."

لە کاتێکدا جەنگ چواردەوری سنووورەکانی تەنیبوو، ئەم لە هەڵوێستی مرۆڤدۆستانەی خۆی بەردەوام بوو. وتی، "وڵاتەکەم وڵاتی مامۆستاکانە. لەبەرئەوە وڵاتی ئاشتیە،" منداڵەکانمان لە جیاتی ئەوەی چەک بە شانیانەوە بێت، کتێب لە ژێر باڵیاندایە."

بە هاوکاری یەکێتی سۆڤیەت و کوبا، نیکاراگوای دراوسێ لە جەنگێکی خوێناویدا غەرق بوو لەگەڵ یاخیبووەکانی "کۆنترا"، کە بە نهێنی لە لایەن حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە هاوکاری دەکران. ئەم ململانێیە بازی بەسەر سنووورەکاندا دا، ژیانی زیاتر لە ١٠٠.٠٠٠ کەسی لەناوبرد لە گواتیمالا و هەڕەشەی لە ژیانی سەدان هەزاری تر دەکرد لە سلڤادۆر. سەرەڕای سەرکەوتنی کۆستاریکا لە خۆلادان لە ئاگری جەنگەکە، یاخیبووەکانی نیکاراگوا و سلڤادۆر هەڕەشەی کردنەوەی کەمپ و بەلکێشکردنی پشکۆی شەرەکەیان دەکرد بۆ ناو سنووورەکانی کۆستاریکا. د. یاریاس سانچێز خۆڕاگرانە هەردوو سوپاکەی کە کەنداو راگرت، زیاتر تەقەلای کرد بۆ بڵاوکردنەوەی ئاشتی لە ناوچەکەدا.

دوای بردنەوەی هەڵبژاردن و لە کاتی خۆ ئامادەکردندا بۆ سەرۆکایەتیەکەی، د. ئاریاس سانچێز گەشتی کرد بۆ ئەمەریکای ناوەڕاست و باشوور، سەرکردەی وڵاتانی بانگهێشتی سان جۆزێ، پایتەختی کۆستاریکا، کرد بۆ مەراسیمی دەستبەکاربوونی وەک سەرۆک. لە ئەنجامدا، سەرۆکی نۆ وڵاتی ئەمەریکای لاتین لەگەڵیدا بوون ئەو رۆژەی دەستی بەکار کرد. لەگەڵیان کۆبوویەوە، داوای ڕێکەوتنێکی کرد بۆ بەرگریکردن لە دیموکراسی و ئازادی، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هەموو ئەمەریکای ناوەڕاست مافی خۆیانە هەمان ئازادی و گەرەنتیی کۆمەڵایەتی و ئابووریان هەبێت لە سایەی سیستمێکی دیموکراسی، خەڵکی هەر وڵاتێک لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرەوە مافی ئەوەیان هەیە ئەو حکومەتە هەڵبژێرن لە پێیان باشە- وە تەنها ویستی خەڵک دەتوانێت ببێت بە لایەنی یەکلاکەرەوە.

سەرۆک یاریاس سانچێز لە هاوڕێکانی نائومێدبوو چونکە نەیانتوانی بگەن بە ڕێکەوتن، بەڵام کۆبوونەوەکەی هانیدان کە بە شێوەیەکی جیاواز بیربکەنەوە. ئەو هەموو کارەی کە کردی ئەنجامەکەی تەنها کۆکردنەوەی ئەو گروپە جیاوازانە بوو، هەندێک کەس لە بارودۆخی هاوشێوەدا بەرەو دوا گەڕاونەتەوە و تەنانەت وازیشیان هێناوە. بەڵام سەرۆک ئاریاس سانچێز لەوانە نەبوو، زانی کە گفتوگۆی ڕووبەڕوو چەکێکی زۆر بەهێزترە لە هەڕەشە و فێڵ و تووندوتیژی- بەڵام ئەم کارە ئازایەتیەکی زۆری دەویست. کاتێک پلانی ئاشتیی ئاریاسی دامەزراند، توانی لێکتێگەیشتنی سەرەتایی لە نێوان سەرکردەکانی ئەمەریکای لاتین بێنێتە ئاراوە. چەندین رۆژی درێژخایەنی پێچوو تا سوودەکانی ڕێکەوتنەکە و بیرۆکەکانی خۆی بگەیەنیت و گوێ لە ئەوانی تریش بگرێت. لە کۆتایدا، هەر نۆ وڵاتەکە پلانەکەیان ئیمزاکرد.

هەوڵەکانی نەک تەنها ڕێزی مرۆڤدۆستان و سەرکردەکانی ئەمەریکای ناوەڕاست، بەڵکو هی هەموو جیهانی بەدەستهێنا. دواتر لە ساڵی ١٩٨٧، سەرۆک ئاریاس سانچێز، لەبەر بەرقەرارکردنی ئاشتی لە ئەمەریکای ناوەڕاست، خەڵاتی نۆبڵی ئاشتیی بەدەستهێنا. لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتەکەدا وتی، "کوڕەکەم ئۆسکار فلیپی ... ئەمڕۆ تەمەنی هەشت ساڵە. بە کوڕەکەم دەڵێم و لە ڕێگەی ئەویشەوە بە هەموو منداڵانی وڵاتەکەم دەڵێم، کە نابێت هەرگیز پەنا بۆ تۆندوتیژی ببەین، نابێت هەرگیز پشتگیری چارەسەری سەربازی بکەین بۆ کێشەکانی ئەمەریکای ناوەڕاست."

د. ئاریاس سانچێز بە هەموو جیهاندا گەشتی کرد تا پەیامە چارەنوسازەکەی بە هەموو خەڵکی بگەیەنێت، لە گرنگترینیان، "ئاشتی پرۆسەیەکی بێ کۆتاییە، کارێکە چەندین بڕیاری دەوێت" و ئاسایشی مرۆڤ بە شکۆی مرۆڤەوە بەستراوە. ئاسایشی مرۆڤ منداڵێکە نەمردوە، نەخۆشیەکە بڵاونەبوەتەوە، تەنگەژەیەکی نەتەوەییە نەتەقیوەتەوە، دووبەرەکیەکە بێ دەنگ نەکراوە، گیانێکی مرۆڤە دانەمرکاوەتەوە."

ئەمانە وانەی بەسوودن تا لە سایەیاندا مامەڵە لەگەڵ یەک بکەین.

جەنگاوەرێکی ئازادی کە شەڕی نەکرد

مەهاتما گاندی

مۆهەنداس کەرامچەند گاندی (١٨٦٩-١٩٤٨) سەرکردایەتی هەوڵەکانی هیندستانی کرد بۆ بەدەستهێنانی ئازادی لە ژێر حوکمی بەریتانیەکان، کە نزیکەی ٩٠ ساڵ بوو وڵاتەکەیان بەڕێوە دەبرد. بە مەهاتما ناسراوە کە واتە "ڕۆحی مەزن."

لە ٢ی تشرینی یەکەمی ١٨٦٩ لە پۆربەندەر، هیندستان، لەدایکبوو. باوکی، کە سەرکردەیەکی ناوخۆیی بوو، کۆچی دوایی کرد کاتێک گاندی تەمەنی شازدە ساڵان بوو.

کە تەمەنی سیازدە ساڵان بوو، دایک و باوکی گاندی هاوسەرگیریان لەگەڵ کچێکدا بۆ ڕێکخست کە هێشتا نەیبینیبوو بە ناوی کاستوربا. ئەم جۆرە هاوسەرگیریانە لەو کاتەدا باو بوو. یەکەم کوڕیان لە ساڵی ١٨٨٨ لەدایکبوو، ماوەیەکی کەم پێش ئەوەی گاندی گەشت بکات بۆ لەندەن، ئینگلتەرا، تا ببێت بە پارێزەر.

گاندی لە ساڵی ١٨٩١ گەڕایەوە بۆ هیندستان، بەڵام وەک پارێزەرێک نەیتوانی لە نیشتیمانەکەی خۆیدا سەرکەوتوو بێت. بڕیاریدا بڕوات بۆ ئەفەریقای باشوور، بەنیازبوو تەنها بۆ ماوەیەکی کورت بمێنێتەوە. لە ساڵی ١٨٩٣ گەیشتە ئەوێ و دەستیکرد بە پەیڕەوکردنی پیشەکەی خۆی.

لە ئەفەریقای باشوور، کە ئەوکات بەشێک بوو لە ئیمپراتۆریەتی بەریتانی، گاندی بە چاوی خۆی ئەو ستەمە گەورەی بینی کە لە هیندیەکان دەکران. ئەگەر سپی پێستەکان لەوێ بوونایە، ئەوان نەیاندەتوانی سواری شەمەندەفەر ببن. چەندین ئوتێل ڕێگەیان نەدان بێنە ژوورەوە. لێیان دەدرا و نازناوی خراپیان لێ دەنان.

گاندی بەبێ تۆندوتیژی یاسای بەکارهێنا تا بۆ مافی هیندیەکان بجەنگێت. بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لە بەرامبەر ئەم نادادپەروەریە، نامە و نامیلکەی نووسی و مانگرتنی ئاشتیانەی ڕاگەیاند: خزمەتگوزاریەکانی حکومەتی ڕەتکردەوە، هاریکاریکردنی لەگەڵ دەسەڵاتداران وەستاند و بەرهەڵستیەکی هێمنی کرد، وەک وەستان لەبەردەم شەمەندەفەرەکاندا تا ڕێگەیان لێ بگرێت. دوای حەوت ساڵ، حکومەتی باشووری ئەفەریقا هات بە دەنگ داواکاریەکانی گاندیەوە بۆ دادپەروەری. کارە "بچووکە" یاساییەکانی لە باشووری ئەفەریقا بوو بە سەرەتای ٢٠ ساڵ خەبات لە پێناوی مافی مرۆڤ. گاندی ئامادەی گەڕانەوە بوو بۆ نیشتیمان و لە ساڵی ١٩١٤ بەتەواوەتی لە هیندستان جێگیر بوو.

لە تەمەنی چل و پێنج ساڵیدا، دەستیکرد بە هەوڵدان بۆ ئازدکردنی وڵاتەکەی لە ژێر کۆنترۆڵی بەریتانیا و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ خاک و خەڵکەکەی. هانی هاونیشتیمانەکانی خۆی دا هیچ بەرهەمێک نەکڕن کە لە بەریتانیا دروستکرابێت. سەرکردایەتی ڕێپێوانی ئاشتیانەی کرد و مانی لە خواردن گرت. بە هەزارەها کەسی وت هیچ یاسایەکی بەریتانی جێبەجێ نەکەن کە نادادپەروەری تێدابیت.

حکومەتی بەریتانی کارەکانی ئەویان بەدڵنەبوو، بۆیە لە ساڵی ١٩٢٢ بۆ ماوەی دوو ساڵ خرایە زیندان. هاوکارەکەی، جەواهیر لەعل نەهرۆ، بەردەوامبوو لە خەباتی ئازادیی سیاسی لە هیندستان.

بەڵام گاندی وازی نەهێنا و لەماوەی ئەو پازدە ساڵەی گەڕابوەوە بۆ هیندستان، وەک سەرکردەی بزوتنەوەی سەربەخۆیی هیندستان ناوبانگی دەرکردبوو. بەریتانیەکان دووبارە دەستگیریان کرد، بەڵام پێیوابوو زیندانی لە پێناوی دۆزێکی وادا شەرەفێکی گەورەیە.

لە ١٥ی ئابی ١٩٤٧، هیندستان بوو بە وڵاتێکی سەربەخۆ و نەهرۆ بوو بە یەکەم سەرۆک وەزیران. بەڵام شەر لە نێوان دوو پێکهاتەی ئاینیی هیندستان هەڵگیرسا: هیندۆسی و موسوڵمانەکان. لە کانونی دووەمی ١٩٤٨، لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا و بە ئامانجی وەستاندنی خوێن ڕشتن گاندی دەستیکرد بە مانگرتن لە خواردن. دوای پێنج ڕۆژ، سەرکردە نەیارەکان بەڵێنیان دا کۆتایی بە خوێن ڕشتن بهێنن و گاندیش مانگرتنەکەی شکاند.

دوازدە ڕۆژ دوای ئەوە تیرۆر کرا.

گاندی بوو بە نمونەی ملیۆنەها کەس. دکتۆر مارتن لوسەر کینگ، جونیەر چەندین ڕێگای گاندی بەکارهێنا بۆ بەرپاکردنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان. هەندێک لە پەیامەکانی گاندی:

- *"خۆشبەختی ئەوەیە، ئەوەی بیری لێدەکەیتەوە، ئەوەی دەیڵێیت، ئەوەی دەیکەیت هەماهەنگ بن."*
- *"هەمیشە هەوڵ بۆ پاککردنەوەی بیرت بدە، ئیتر هەموو شتێک باش دەبێت."*
- *"ڕقت لە تاوان بێت، بەڵام تاوانبارەکەت خۆشبوێت."*
- *"جیاوازیە ڕوونەکان زۆرجار نیشانەی بەرەوپێشچوونێکی تەندروستن."*
- *"بۆیە ئازادیم دەوێت تا بە تەواوی کەسایەتی خۆم دەربڕم."*
- *"کەسی بێ هێز هەرگیز ناتوانیت لێبووردەبێت. لێبووردەیی سیفەتی کەسە بەهێزەکانە."*
- *"پێویستە ببیت بەو گۆڕانەی کە دەتەوێت لە جیهاندا ببینیت."*

داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ

رالّف بەنچ

دیترۆیت، مێشیگان، لە ٧ی ئابی ١٩٠٤، شوێنێک بوو کە خەڵکی ڕەگەزە جیاوازەکان لەیەک جیاکرابوونەوە، "بەڵێ گەورەم" ئەو وەڵامە بوو هەموو کەس لە ڕەش پێستێکی چاوەڕێ دەکرد. ڕەش پێستەکان ئازاد و یەکسان نەبوون. ئەمە ژیانی فرێد بەنچ بوو، سەرتاشێکی ڕەش پێست کە تەنها سەری سپی پێستەکانی چاکدەکرد، تا ڕۆژێک خۆی و ئۆلیڤی هاوسەری پێشوازیان لە لە دایکبوونی لە منداڵە کوڕەکەیان کرد بە ناوی رالّف جۆنسن بەنچ کە لە داهاتوودا بوو بە هەڵگری خەڵاتی نۆبڵ.

دایک و باوکی پێشبینی ئەو داهاتووە پرشنگدارەیان بۆ کوڕەکەیان نەکرد. تەنانەت دایەگەورەیشی، "نانا" جۆنسن، کە هەر لە سەرەتاوە وەک کۆیلە لەدایکبوو. هەڵام هەرسێکیان متمانەیان بە هێزی باوەڕ و خۆشەویستی هەبوو وە بە خۆشەویستیەوە دەژیان.

چەندین ساڵ دوای ئەوە، رالّف بەم شێوەیە باسی خێزانەکەی خۆی دەکات، "خێزانێکی سەربەرز بووین - خێڵی جۆنسن. سەرمان بۆ کەس دانەنەواند، بە باشی کارمان دەکرد و شەرممان لە هەژاریی خۆمان نەدەکرد."

کە رالّف تەمەنی بوو بە ١٠ ساڵ، فرێد بەنچ خێزانە بچووکەکەی گواستەوە بۆ نیو مەکسیکۆ. نە خۆی و نە ژنەکەی تەندروستیان باش نەبوو بەڵام فرێد بڕوای وابوو هەوای بیابانی وشکی نیو مەکسیکۆ ژیانێکی باشتری تێداڵە لە دیترۆید.

دایک و باوکی رالّف دوو ساڵ دواتر مردن، لەبەرئەوە "نانا" جۆنسنی پیر رالّف و خوشکەکەی بردە لای خۆی بۆ لۆس ئەنجلوس، کالیفۆرنیا. لە لۆس ئەنجلوس ژیان ئاسان نەبوو، بەڵام داپیرە نانا ژنێکی بەهێز و کۆڵنەدەر بوو. رالّف دەستیکرد بە کارکردن و ڕۆژنامەی دەفرۆشت، دواتر وەک خزمەتکار لە ماڵی ئەکتەرێکی سینەمایی کاریکرد و پارەی پێویستی بۆ خێزانەکەی دابینەدەکرد.

رالّف هەر کارێکی کرد، بەوپەڕی توانای خۆیەوە کردی. لە قوتابخانەی سەرەتایی خەڵاتی بەدەستهێنا و لە ریزی قوتابیە یەکەمەکاندا قوتابخانەی ناوەندی جیفەرسنی تەواوکرد. لە مشتومڕدا پاڵەوان بوو، وەرزشکارێکی فرەبەهرە بوو لە تۆپی پێ، باسکە، بەیسبۆڵ و گۆڕەپان و مەیدان.

دڵسۆزی بۆ خوێندنەکەی یارمەتی رالّفی دا بچێتە زانکۆی کالیفۆرنیا لە لۆس ئەنجلوس (UCLA). لە ڕێگەی بەرنامەیەکەوە کرێی خوێندنەکەی بۆ درا، بەڵام دەبوایە وەک کارگوزار کاربکات تا پارەی

خواردن و کرێی نیشتەجێبوون و خەرجیەکانی تری ژیان دابینبکات. لە ساڵی ١٩٢٧، کۆڵنەدان و باوەڕبوون بە خەونەکانی گەیشتنە بەرهەم. وەک یەکەمی پۆلەکەی خۆی ئەو زانکۆی تەواوکرد و دەرفەتی ئەوەی بەدەستهێنا لە زانکۆی هارڤارد بخوێنێت.

کۆمەڵگەی ڕەش پێستەکانی لۆس ئەنجلوس زۆر شانازیان بە ڕاڵف بەنچەوە دەکرد، هەزار دۆلاریان بۆ کۆکردەوە - ئەو کاتە پارەیەکی زۆر بوو- تا بتوانێت بچێتە زانکۆی هارڤارد و بڕوانامەی ماستەر بەدەستبهێنێت.

شەش ساڵ لە زانکۆی هارڤارد دەخوێنێت تا بڕوانامەی دکتۆرا دەستەبەر بکات. بە تواناکانی خۆی خەڵکی توشی سەرسوڕمان کرد بە شێوەیەک کە پارەی پێ بەخشرا تا بڕوات بۆ ئەفەریقا و لە داگیرکاریی فەڕەنسا لە تۆگۆ و داهۆمی بکۆڵێتەوە. ئارەزوەکانی بۆ لێکۆڵینەوە لە داگیرکاریەکان دواتر یارمەتی دا کاری باش بکات لە نەتەوە یەکگرتووەکان.

هەرچەندە د. ڕاڵف بەنچ بەرزترین بڕوانامەی زانکۆی بەدەستهێنا، بەڵام بەردەوامبوو لە خوێندن تا شتی زیاتر لەسەر جیهان فێربێت. هەروەها پۆستی گرنگی لە زانکۆی هارڤارد، زانکۆی هاوارد و بۆردی پەروەردەیی شاری نیۆرک وەرگرت.

بەڵام دەستی لە وانەوتنەوە هەڵگرت. لە بزوتنەوەی تازە گەشەسەندووی مافی مەدەنی ویلایەتە یەکگرتووەکان چالاک بوو. چەندین خەڵک پێویستیان بە یارمەتی ئەو هەبوو، بۆیە د. بەنچ لە هەموو کاتێک زیاتر هەوڵی دا دۆخی ژیانی ئەوانی تر باشتر بکات کە مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤیان نەبوو.

لە ماوەی ساڵانی ١٩٣٠، کاتێک لە زانکۆی هاوارد وانەی دەوتەوە، د. بەنچ کۆنفراسێکی ڕێکخست و سەرپەرشتی هەوڵەکانی کرد بۆ باشترکردنی دۆخی ڕەش پێستەکانی ئەمەریکا. لە کۆنفرانسێکی ساڵی ١٩٣٥، خەڵکی هەموو چین و ئاستەکانی کۆمەڵگای پێکەوە کۆکردەوە بۆئەوەی هەریەکەیان بۆچونی خۆیان بخەنە ڕوو دەربارەی مامەڵەی نایەکسان بەرامبەر ڕەش پێستەکان. ویستی هەموویان دەرفەتێکی یەکسانیان هەبێت بۆ لێکتێگەیشتن. چۆن هەموویان لە سەرتاپای بارودۆخەکە تێبگەن.

لە ساڵی ١٩٤٤، دوای پێنج ساڵی درێژ لە جەنگی جیهانی دووەم، وا دیاربوو جەنگەکە بەرەو کۆتایی دەچوو. هەموو لایەک وێرانکاریەکانی جەنگیان زانی، بۆیە خەڵکی وڵاتانی چین، ڕوسیا، ئەمەریکا و بەریتانیای مەزن دەستیان خستە ناو دەستی یەک بۆ کارکردن تا ڕێگە چارەیەک بدۆزنەوە بۆئەوەی ڕێگە لە جەنگ بگرن لە داهاتوودا. د. بەنچ بانگهێشت کرا تا یارمەتیان بدات و ئامۆژگاریان بکات.

لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥، تەنها دوای یەک مانگ و نیو لە جەنگ کە بە خۆبەدەستەوەدانی ئیمپراتۆریەتی یابان کۆتایی هات، پلانی کۆتایی و ڕێکەوتن (کە بە دەستوور ناسراوە) لە سان فرانسیسکۆ لە لایەن پەنجاو یەک وڵاتەوە ئیمزاکرا بۆ پێکهێنانی هەیکەلێکی ئاشتی پارێز بە ناوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

دکتۆر بەنچ وتی، "نەتەوە یەکگرتووەکان هیوای مەزنی ئێمەیە بۆ جیهانێکی ئازاد و ئارام." ئەمە خۆی لە خۆیدا دەسکەوتێکی گرنگی ژیان بوو. بەڵام د. بەنچ بەوە قایل نەبوو. هێشتا کاری زۆر مابوو بکرێت.

کە سەرکردەکان بە ئاشتی رازیبوون، پێویستە هاوڵاتیانیش بە مافەکانی خۆیان ئاشنابن، ئەگینا ئاشتی بەردەوام نابێت. د. بەنچ دەستیکرد بە کارکردن لەگەڵ ئیلینۆر رۆزەڤێڵت، کە سەرۆکی لیژنەی دارشتنی رەشنووسی لیستی سەرەتایی مافی مرۆڤ بوو. ئەم لیستە، جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ، بوو بە رێبەری هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایش.

د. بەنچ لە کارکردن بەردەوام بوو بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان. چەندین ئەندام وڵاتی ژێردەستەیان هەبوو لە ئاسیا، ئەفەریقا، هینستان و چەند دورگەیەک.

دوای جەنگی جیهانی دووەم، ئەم وڵاتانە دەستیانکرد بە ئازادکردنی وڵاتە ژێردەستەکانیان. لە ساڵی ١٩٤٦، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان (سەرۆکی UN) د. بەنچی کرد بە پەرپرسی بەشێک کە یارمەتی ئەو وڵاتە ژێردەستانەی دا کە فێری خۆبەڕێوەبردن ببن. کارەکانی یارمەتی ملیاریک خەڵکی رەش پێستی دا کە ئازادی بڕیاردانی سیاسی بەدەستبێنن و حکومەتی خۆیان پێکبێنن.

هەرچەندە سەختترین و گرنگترین کاری د. بەنچ دوای حوزەیرانی ١٩٤٧ دەستیپێکرد. فەڵەستین، ژێردەستەی بەریتانیای مەزن، نزیکبوو لەوەی ئازاد بێت و رۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوە بوو کە دڵنیابێت پرۆسەکە ئاشتیانە بەڕێوەدەچیت. بەڵام عەرەب و جولەکەکان، کە پێکەوە لەوێ دەژیان، بۆ ماوەیەکی زۆر لە شەڕدا بوون. بۆ سەدەها ساڵ هەریەکەیان خۆیان بە خاوەنی تەواوی خاکەکە دەزانی.

ئەمە یەکەم تاقیکردنەوەی گرنگی رۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو لە پاراستنی ئاشتی لە جیهاندا. هەروەها یەکێک بوو لە سەختترین ئەرکە کەسیەکانی د. بەنچ پاش ئەوەی بوو بە سەرۆکی لیژنە دیبلۆماسیەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دوای ئەوەی سەرۆکی یەکەمی کوژرا. د. بەنچ بەردەوام بوو، هەموو رۆژێک لە ئەگەرێکدا دەژیا کە لەوانەیە کەسێک لە بەرەی ئەم لا یان ئەو لا بیکوژێت. دوای یازدە مانگ لە گفتوگۆکردن، د. بەنچ وڵاتێکی نوێی بۆ ئیسرائیل دامەزراند و رەزامەندی چوار وڵاتی عەرەبی دراوسێی بەدەستهێنا تا جەنگ بووەستێنن و بە ئاشتی راوێژ بکەن.

لەبەر سەرپەرشتیکردنی چەسپاندنی ئاشتی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، شاری نیۆرک نمایشێکیان پێشکەشکرد، لۆس ئەنجلوس رۆژی راڵف بەنچی راگەیاند، دامەزراوەی نەتەوەیی بۆ پێشخستنی رەشپێستەکان (NAACP) وەک دەرهێنەر ناوی لێنا، وە لە ساڵی ١٩٥٠ خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی وەرگرت.

بەڵام د. بەنچ ئاسوودە نەبوو. وەک نوێنەری UN، لە کارکردن بەردەوام بوو بۆ چەسپاندنی ئاشتی و رێگرتن لە جەنگ لە چەندین وڵات. لە هەمان کاتدا، لە هەوڵدان بەردەوام بوو لەسەر پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە وڵاتەکەی خۆیدا، شان بە شان لەگەڵ د. مارتن لوسەر کینگ، جونیەر رێپێوانی کرد لە پێناوی مامەڵەیەکی یەکسان بۆ ئەفەریقیە-ئەمەریکیەکان. دەستی خستبێتە هەر بارودۆخێکەوە، کاریگەری لەسەر ژیانی ملیۆنان خەڵک دروستکردوە.

د. بەنچ بە پەرۆشەوە کاری بۆ ئەوانی تر دەکرد، چونکە بڕوای وابوو خەڵک لە ناخەوە باشن. دەیزانی کارەکانی خەڵک لە زمان، رەنگ، تەمەن، یان و بیروڕا گرنگترن. لە وتارێکدا وتی، "خەڵک شەڕانگێز

نین، سەرکردەکان شەڕانگێزن." مرۆڤدستێکی راستەقینەبوو کە بەربەستەکانی نێوان خەڵکی ورد و خاش کرد و کێشەکانی بە ئاشتیانە چارەسەر کرد.

ئەمە ئەو پیاوە بوو کە وتی "ئازار" ناتوانیت کەسێک لە سەرکەوتن بوەستێنێت. د. ڕاڵف بەنچ هەمیشە بڕوای وابوو کە "دڵ بەهێزترینە کاتێک لە وەڵامی بیرۆکەیەکی ئاقڵانەدا لێدەدات." وە رۆژانەش ئەوەی سەلماندووە.

ئەو شتانەی هەموومان دەتوانین بیانکەین
بۆ چەسپاندنی مافی مرۆڤ

١. یەکگرتن پیشانی کەسێک بدە لەسەر دی ڤی دیەکە. باسی بکە. پرسیار بکە بزانە دەیانەوێت پیشانی کێی بدەن. دەربارەی وێبسایتی Youth for Human Rights قسەیان بۆ بکە تا زیاتر فێربن:YouthforHumanRights.org

٢. نامیلکەی مافی مرۆڤ چیە؟ بدە بە کەسێک. داوایان لێ بکە بیخوێننەوە.

٣. کۆپیەکی "٣٠ ماف ٣٠ ریکلام" بەدەستبهێنە. ئەم ریکلامی هۆشیاریانە بە لایەنی کەمەوە پیشانی سێ کەس بدە لە خێزان و هاوڕێ یان دەتوانیت بەپێی توانا بیشانی چەندین کەسی بدەیت.

٤. نامە بۆ سەرۆکی شارەکەت و وڵاتەکەت بنووسە و رووبکەرەوە کە دەتەوێت جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ بەتەواوەتی بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە. پرسیار بکە کە بەرنامەیان چیە بۆ ئەم بابەتە و تۆ و هاوڕێکانت بە چی شێوەیەک دەتوانن یارمەتیی بدەن.

٥. کەسێکی فێری ٣٠ مافەکەی جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ بکە.

٦. هەندێ لە کاتی خۆت بگرە تا پشتیوانی لە کتێبخانەی شار، ناوەندی خوێندنەوە یان رۆژنامەی قوتابخانە بکەیت و زانیاری زیاتر بە ئەوانی تر بگەیەنیت.

٧. کتێبی داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ پەیدا بکە و بۆ منداڵ و گەنجەکانی بخوێنەرەوە. لە چیرۆکەکەدا باسی پێشێلکاری مافی مرۆڤ بکە و بزانە چۆن چارەسەر کراوە.

٨. کرنگی بە ژینگەی خۆت بدە تا تۆ و ئەوانی تریش چێژ لە تەندروستی و خۆشی چوونەدەرەوە وەربگرن. بۆ نمونە، نەمامێک بچێنە یان پارچەیەک زبڵ هەڵبگرەوە.

٩. یارمەتی کۆکردنەوەی خۆراک یان پەناگەی بێ لانەکان بدە. بۆ نمونە، دەتوانیت خواردن لە قوتابخانە یان کۆڵانەکەی خۆتان کۆبکەیتەوە.

١٠. یانەی Youth for Human Rights دامەزرێنە بۆ وتنەوەی مافی مرۆڤ بە ئەوانی تر و کارکردن لە پرۆژەی مافی مرۆڤ لەگەڵ هاوڕێکانت.

١١. ئەگەر بینیت کەسێک لەسەر قسەکانی گاڵتەی پێدەکرێت، داوای مافی ئەو کەسە بکە و بۆچونەکەی بگەیەنە.

١٢. ئەگەر کەسێک شتێکی هەبوو تۆ بەلاتەوە باش بوو بەکاری بهێنیت، داوایان لێبکە باسی بکەن و تۆش لە بەرامبەردا شتێکیان پێشکەش بکە. ئەگەر قایل نەبوون باسی بکەن، ڕێز لە مافی ئەوان بگرە کە دەیانەوێت خۆیان خاوەنی شتی خۆیان بن و باسی نەکەن.

١٣. گۆرانیەک، شیعرێک، نمایشێک، وتارێک، تابلۆیەک یان ڤیدیۆیەک دەربارەی ٣٠ بەندەکەی مافی مرۆڤ یان لەسەر هەر بابەتێکی گشتیی مافی مرۆڤ دروست بکە و پیشانی ئەوانی تری بدە.

١٤. هەڵوێست وەربگرە ئەگەر کەسێک شتێکی خراپ بڵێ و کەسێکی تر شەرمەزار بکات. داوای لێ بکە ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەسەکەی تر قسە بکات تا هەر لەیەکتر تێنەگەیشتنێک، ناڕاستیەک یان گلەییەک لە نێوانیاندا هەیە چارەسەر ببێت.

١٥. مافەکانت بە دڵ بزانە و مەهێڵە کەس لێت زەوت بکات. ئەوانی تریش دەربارەی مافەکانیان هۆشیار بکەرەوە. لەگەڵ هاوڕێکاتدا باسی مافی مرۆڤ بکە. چەند وێبسایتێکیان پیشان بدە کە زانیاریی دەربارەی مافی مرۆڤ تێدابێت.

١٦. کاتێک لەگەڵ نوێنەری کۆمەڵایەتی ناوچەکەتدا ڕێکبخە و یەکگرتنی پێ پیشان بدە لەگەڵ ٣-٥ چیرۆکی وێنەیی (ریکلامی هۆشیاری). باشترین ریکلامی هۆشیاری کە پیشانی کەسێکی بدەیت ریکلامەکانی ١-٣ و ٢٩ن، سەرەڕای ئەوەیش هەریەکەیان مانای خۆیان هەیە. داوای یارمەتی لە نوێنەری کۆمەڵایەتی بکە کە ریکلامەکانی هۆشیاری پیشانی چەندین کەس بدرێت بەپێی توانا.

١٧. ئەگەر مافی دەنگدانت هەیە، بەشداری پرۆسەکە بکە. هانی ئەوانی تریش بدە کە ئەم مافەی خۆیان پیادە بکەن لە بەشداریکردن لە کاروباری گشتی.

١٨. با خەڵکی بزانن هەستی تۆ چۆنە بەرامبەر خراپ مامەڵەکردن بەرامبەر کەسانی تر لە کۆمەڵگاکەت، وڵاتەکەت یان هەموو جیهان. بۆ نمونە، دەتوانیت لە بۆنە کۆمەڵایەتی و کۆبوونەوە گشتیەکاندا قسە بکەیت، نامە بۆ ڕۆژنامە ناوخۆییەکان بنووسیت و بەپێی یاسای وڵاتەکەت نامە بۆ ئەو نوێنەرە بنووسیت کە دەنگت بۆ داوە.

١٩. ئەگەر دەزانیت کەسێک بێبەرامبەر گۆرانیی لە ئینتەرنێت دابەزاندووە و یاسای لەبەرگرتنەوەی شکاندووە، قسە بکە و پێیان بڵێ کە ئەوە پێشێلکردنی یاسایە و پیشێلکردنی مافی کەسانی تڕە و بردنی بەرهەمە هونەریەکانیانە.

٢٠. پشتیوانی ئەو ڕێکخراو و گروپەکانە بکە کە کار بۆ پاراستنی مافێک یان زیاتری جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ دەکەن.

٢١. بەلایەنی کەمەوە یەکێک لەو کارانەی سەرەوە بکە و هانی هاوڕێ و خێزانەکەت بدە هەمان شت بکەن.

سەرکەوتن

داوات لێدەکەین شایەتی نووسراو لە قوتابیەکان وەربگریت کە ئەو کارانەیان کردوە. چاو و گوێت باش بکەرەوە بۆ ئەو قوتابیانەی خۆشحاڵبوون بۆ ئەوەی کە فێری بوون، کە بە پەرۆشەوە لەگەڵ ئەوانی تر قسە دەکەن، کە هەڵسوکەوتیان گۆڕاوە، کە حەزیان لە وانە و چالاکیەکانە یان کە دەیانەوێت شتێک لە پێناوی مافی مرۆڤ بکەن. لە قوتابیەکان بپرسە، "دەتانەوێت چیرۆکێکی سەرکەوتن بنووسن؟" یان "دەتانەوێت بە نووسینی شتێک ئەم سەرکەوتنەم بۆ باس بکەن؟" یان "دەتانەوێت ئەم سەرکەوتنە بۆ ئەوانی تریش باس بکەن؟" پاشان پەڕەی خاڵیی سەرکەوتنی پێبدە کە لە لاپەڕەی دواتر دراوە.

لە ماوەی وانەکاندا دەرفەت دێتە پێشەوە داوای سەرکەوتنیان لێ بکەیت. وە لە ماوەی وانەی یازدە، هەموو قوتابیەکان دانەیەک دەنووسن.

ئەزموونی تۆ وەک ماموستایەکی مافی مرۆڤ بەنرخە. Youth for Human Rights International (YHRI) دەیەوێت گوێی لە تۆ بێت، پێمان بڵێ وانەکانت چۆن دەڕۆن و قوتابیەکانت چی دەکەن بۆ مافی مرۆڤ. لیستێکی ناوی قوتابیەکانت لەگەڵ کۆپیی وێنە و سەرکەوتنەکانیان بنێرە. لەگەڵ راپۆرتێک دەربارەی دەرئەنجامی وانە و چالاکیەکان تا رێکخراوی YHRI بتوانێت هەموویان هەندێک لەو زانیاریانە لە وێبسایتی YHRI بڵاوبکاتەوە. هەرچەندە بەڵێن نادەین هەموو وێنەکان بەکاردەهێنین، بەڵام بەپێی توانا ئەو وێنانە بڵاودەکەینەوە کە نوێنەرایەتی زۆرترین قوتابی دەکەن. ئەگەر بتوانین ناوەکانیان بە روونی بخوێنینەوە، سوپاسگوزاری هەموو قوتابیەکان دەبین لەسەر وێبسایتەکە. (ڕێز لە داوای پاراستنی وێنەکان بە نهێنی دەگرین)

ناتوانین وێنە و سەرکەوتنەکان و کەلوپەلەکانی تر بگەڕێنینەوە، لەبەرئەوە تکایە تەنها ئەو نوسخانە بنێرە لە دەتوانیت هەتاهەتایە بیانبەخشیت.

هەروەها دەمانەوێت ڕێز لەو قوتابیانە بنێین کە بڕوانامەی "فێربە کە یەکگرتوو بن"یان بەدەستهێناوە. ناو و دەسکەوتەکانیانمان بۆ بنێرن تا هەندێکیان هەڵبژێرین و لە ئینتەرنێت بڵاویان بکەینەوە.

تۆ و قوتابیەکانت شایەنی ڕێزلێنانن! هەڵسەنگاندن و ناو و وێنەی قوتابیەکان بنێرە بۆ:

Youth for Human Rights International
1920 Hillhurst Ave. #416
Los Angeles, CA 90027 USA
e-mail: **info@youthforhumanrights.org**

سەرکەوتن

فێربە کە یەکگرتوو بن

ناو _____

ناوی قوتابخانە یان گروپ: _____

شار یان وڵات: _____ بەروار: _____

فەرهەنگۆکی زاراوەکان

ئازاد: بتوانیت ئەو کارێک، هەڵسوکەوتێک بکەیت یان بە جۆرێک بیربکەیتەوە کە خۆت پێت خۆشە؛ نەک لە ژێر کۆنترۆڵی نەویستراى کەسێک. نمونە: ئێمە هەموومان ئازادین کاتێک دەمانەوێت بڕیار لەسەر ئیش، خوێندن، چاودێریکردنی جەستەی خۆمان بدەین، یان ئەو ئاینە هەڵبژێرین لە بڕوامان پێیەتی یان باوەڕمان پێی نیە.

ئازادی: توانای کردنی یان نەکردنی ئەو شتەی کە خۆت دەتەوێت بیکەیت یان نەیکەیت، یاخود ببیت بە شتێک یان نەبیت. نمونە: کاتێک فێری مافەکانی خۆی بوو، ئازادیەکانی زیادیکرد.

ئاسایش: سەلامەتی، یان دڵنیایی، خەمی مەترسی، ژیان یان ئەوەت نەبێت کە چی روودەدات. نمونە: کە تەمەنمان هەڵدەکشێت، هەموومان پێویستمان بە ئاسایش دەبێت تا بتوانین خزمەتی خۆمان بکەین.

ئاسایشی کۆمەڵایەتی :ئەو سیستمەیە کە حکومەت یارمەتیی دارایی و خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات. بەپێی ئەم سیستمە هەرکەسێک بە شێوازێک سوودی بە کۆمەڵگا گەیاندبێت، لە کاتی پێویستدا یارمەتی خۆراکی، پزیشکی، پەروەردەیی، هتد وەردەگرێت، بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسە چیتر توانای کارکردنی نەبێت لەبەر بێ توانایی (بارودۆخێکە کەسێک ناتوانێت کارێک بکات بەهۆی نەخۆشی، شکانی ئێسک، هتد) یاخود هەڵکشانی تەمەن. نمونە:ئاسایشی کۆمەڵایەتی وامان لێدەکات، ئەگەر پێویستمان بوو، دڵنیابین کە یارمەتی دەدرێین کاتێک پیر دەبین.

ئاین: باوەڕبوون بە سروشتی رۆحی مرۆڤ، کۆمەڵێک بیروباوەڕی رۆحی و کرداڕە دەربارەی هۆکار و سروشت و مەبەستی گەردون کە یارمەتی کەسێک دەدات لە کێشەکانی بوون تێبگات و بەسەریاندا زاڵبێت. نمونە: پێشانگاکە چەندین جۆر ئاینی جیاوازی لەخۆگرتبوو کە لە نێوان چەندین گروپی جیاوازی خەڵکدا پیادە دەکرا.

ئەرک: پابەندبوونێکی یاسایی و ئەخلاقیە، بەرپرسیارێتی. نمونە: ئەرکی منە یارمەتی دایک و باوکم بدەم.

ئەشکەنجە: گەیاندنی ئازاری لەڕادەبەدەری بە ئەنقەستی کەسێک، زۆرجار وەک سزادان، زۆرلێکردن بۆ وتنی شتێک یان جیاوازیکردن. نمونە: فیلمەکە دیمەنێکی ترسناکی ئەشکەنجەی تیادابوو کە وای لێکردم چاوەکانم دابخەم.

بازرگانیکردن بە مرۆڤ: کڕین و فرۆشتن و گواستنەوەی مرۆڤ بە مەبەستی قازانجکردن. ئەم کەسانە فشاریان لێدەکرێت لە بارودۆخێکی نامرۆییدا کاربکەن یان کارێکی نایاسایی بکەن بەبێ ئەوەی تروسکایی‌یەک هیوا هەبێت بۆ هاڵهاتن. نمونە: بازرگانیکردن بە مرۆڤ تەنها حاڵەتێک نیە لە وڵاتە تازەگەشەسەندووەکاندا، بەڵکو لە نێوان وڵاتە زلهێزەکانیشدا بوونی هەیە.

بازرگانیکردن: گۆڕینەوە یان کڕین یان فرۆشتنی شتێک بە نایاسایی. نمونە: بازرگانیکردن بە مادەی هۆشبەر سنووورە نیودەوڵەتیەکانی بڕیوە.

بۆ چەسپاندنی مافی مرۆڤ

بێ تاوان: بێ خەتا، بێ گوناە، هیچ هەڵەیەک یان زیانێکی نیە. نمونە: کوڕەکە بێ تاوان بوو لە بردنی بسکیتەکان.

بێ هودە: بێ سوود، بەفیڕۆچوو، ئەوە بەدەست نەهێنیت کە دەتەوێت. نمونە: هەموو هەوڵەکانی بۆ دۆزینەوەی پێڵاوەکەی بێ هودە بوو.

بیرکردنەوە: بیرۆکە، پلان یان بیروڕا و خەیاڵی داهێنەرانە. نمونە: سەرۆکی وڵاتان رێز لە بیرکردنەوەی خەڵکی خۆیان دەگرن.

بەرپرسیارێتی: ویستی گرتنە ئەستۆی شتێک، شتێک بە ئەنجام بگەیەنیت، هەستکردن کە هۆکاری شتێکیت و بەردەوامبیت لە سەرپەرشتیکردنی نمونە: کوڕەکە بەرپرسیارێتیی گرتە ئەستۆ کە خەڵکی تر بە مافی مرۆڤ ئاشنا بکات.

بەرگریکردن :قسەکردن لەسەر ئەوەی شتێک راست نیە بە خستنەڕووی راستی و هۆکاری قایلکەر؛ ڕەتکردنەوە. نمونە: کچەکە کۆمەڵێک راستی زۆری لابوو تا لە کاتی بەرگریکردن لە خۆی بەکاریبهێنێت.

بەسووک تەماشاکردن: بێ نرخ و بەها سەیری شتێک بکەیت یان مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت. نمونە: ئەو پیاوە بەسووک تەماشای ئەو کەسانە دەکات کە بە تۆندوتیژی پێویستیەکانی خۆیان بەدەستدێنن.

بەڵێن: پەیمانێک یان رازیبوون کە ویستی راستەقینەی کەسێک پیشاندەدات بۆ کردن یان دابینکردنی شتێک. نمونە: دایەگەورە بەڵێنی دا تا سەر چاودێری نەوەکەی خۆی بکات و لە کاری هەڵە بەدووری بگرێت.

بەند: بەشێک لە بەڵگەنامەیەک کە لە خاڵێکی دیاریکراو دەکۆڵێتەوە. نمونە: جارنامەکی گەردونی مافی مرۆڤ لە ٣٠ بەند پێکهاتووە.

پارێزەر: کەسێکە لە یاسادا راهێنانی کردووە، بەتایبەتی کەسێک کە پیشەکەی پێدانی ئامۆژگاریی یاساییە بە کەسانی تر یان نوێنەریکردنیانە لە بۆنە یاساییەکاندا. نمونە: داوام لە پارێزەرەکەم کرد کە بۆم ڕوونکاتەوە پلانەکەم دروستە یان نا.

پرۆتۆکۆڵ: ڕێکارێکی جێگیر یان پلانێکی کتومت بۆ لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوەیەکی زانستی. نمونە: وەک زانایەک، کچەکە دەبوایە پرۆتۆکۆڵەکانی بە وردی جێبەجێ بکردایە بۆ هەر تاقیکردنەوەیەک.

پێشێلکردن: شکاندنی یاسا، ڕێکەوتن، بەڵێن، هتد؛ حاڵەتێک کە دژی بەڵێن، ڕێکەوتن یان یاسایەکی سروشتیە. نمونە: ئەشکەنجەدانی کەسێک، پێشێلکردنی مافی مرۆڤە.

پەناگە: سەلامەت و پارێزراو لە کەش و هەوا، گیانداری مەترسیدار یان هەر مەترسیەکی تر؛ هەبوونی حەشارگەیەک کە شوێنێکی سەلامەت بێت بۆ خەوتن و خواردەنەوە و. کارکردن ئەگەر پێویست بوو. نمونە: سەیرانکەرەکان پێویستیان بە پەناگەیەک بوو تا لە مێش و با بیانپارێزێت.

پەیوەندی: ناردنی بیرۆکە یان وێنە بۆ کەسێکی تر تا وەریبگرێت و لێی تێبگات. پەیوەندی دەبێت لە ڕێگەی دەنگ، نووسین، نمایش، مۆسیقا، فۆتۆگراف یان هەر هۆکارێکی تری داهێنەرانە یان کردارییانەوە بێت. نمونە: کە تەماشای تابلۆکەم کرد، لە پەیوەندی هونەرمەندەکە و هاوڕێکانی تێگەیشتم.

تایبەتی: دوور لە چاودێریکردن، خۆتێهەڵقورتان، یان سەرنجی نهێنی لە لایەن کەسانی ترەوە؛ دوور لە هەر چاودێریکردنێک، یان دەستێوەردانێکی مەبەستدار و نەویستراو. نمونە: ژیانی تایبەتیم بەزێنرا کاتێک کچێک بۆ ماوەی دوو کاتژمێر بە دوربین تەماشای چێشتخانەی ماڵەکەی کردم.

توانای کڕین: بتوانیت بەبێ زەحمەت پارەکەی بدەیت. نمونە: توانای کڕینی ئۆتۆمبیلەکەم هەبوو، بۆیە کڕیم.

تۆڵەکردنەوە: سزادان، بەرپەچدانەوەی کەسێک چونکە شایەنی ئەوەن، لێدان لە کەسێک. نمونە: تۆڵەکردنەوە بەنزین کردنە بە ئاگردا و لە کۆتایدا کەس نایباتەوە، بەتایبەتی رق لەدڵەکان.

جارنامە: ڕاگەیاندن یان ئاشکرا کردنی شتێک؛ بەڵگەنامەیەک کە ئەوانەی ئیمزایان کردوە قایلن بە ناوەرۆکەکەی. نمونە: دوێنی جارنامەکەی ئیمزا کرد.

جیاوازیکردن: مامەڵەی نادادپەروەر، ڕێگرتن لەوەی گروپێکی دیاریکراو مافی یەکسانیان هەبێت. نمونە: نەزانی و پەروەردەی نادروست لەوانەیە وا لە خەڵک بکات جیاوازیی تاکەکانی ئاینێکی دیاریکراو بکەن لەگەڵ تاکەکانی تر.

حکومەت: کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک کە دەسەڵاتی جێبەجێکردنی یاسا، بەڕێوەبردنی حوکم و گارگێڕی وڵاتیان هەیە. نمونە: بنکەی حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە واشنتۆن دی سیە.

حوکمدان: توانای گەیشتن بە بیروبۆچونێک دەربارەی شتێک، دەسەڵاتی بەراود کردن و بڕیار دان؛ تێگەیشتن و ژیری. نمونە: هەموو بڕیارێک دەبێت بە حوکم و تێگەیشتنی تەواو جێبەجێ بکرێت.

خراپ مامەڵەکردن: مامەڵەیەکی بێبەزەیی، درندە یان نادادپەروەر. نمونە: ئەگەر خراپ مامەڵەکردنێکم بینی، هەوڵ بۆ وەستاندنی دەدەم.

خوێندن: بەدەستهێنانی زانیاری و توانا، بە زۆری لە رێگەی وانەوتنەوە و فێرکردنەوە، بەتایبەت لە قوتابخانە و ناوەندەکانی تری پەروەردە. نمونە: خوێندن بە بەهاترین رێگای فێرکردنە.

خوێندنی بەشە ناوخۆیی: جۆرە قوتابخانەیەکە کە قوتابیەکان لە دووری ماڵ دەخوێنن و دژین. نمونە: کچەکە خۆشی لە ئەزموونی خوێندنی بەشە ناوخۆیی بینی لە دەرەوەی شار.

خوێندەوار: هەبوونی توانای نووسین و خوێندنەوە. نمونە: چەند خۆشە خوێندەوار بیت و کتێبی باش بخوێنیتەوە.

دادپەروەر: راستگۆ، ئەوە دەکات کە دروستە، یاساکان جێبەجێ دەکات، لایەنگیری ناکات. نمونە: راهێنەرەکە دادپەروەر بوو لە هەڵبژاردنی یاریزانەکان.

دادپەروەرانە: بە رێگایەکی دادپەروەر و راستگۆ و گونجاو. نمونە: کورەکە دادپەروەرانە مامەڵەی لەگەڵ کرا دوای ئەوەی راستی رووداوەکەی بە مامۆستاکە وت.

دادگا: کۆبوونەوەی ئەو کەسانەی کە لە حاڵەتێکدا تێوەگلاون و پێویستیان بە بڕیار و حوکمێکی یاساییە. وەک ئەوەی کە ئایا کەسێک تاوانێکی کردووە یان ناکۆکیەک یەکلابکاتەوە یان گەیشتن بە بڕیارێک کە چۆن یاسا جێبەجێ بکرێت لە حاڵەتێکی تایبەتدا (دۆز). دادگا زۆربەی جار پێویستی بە حاکمێک یان زیاتر هەیە لەگەڵ دەستەی سوێندخۆران، پارێزەران و ئەو کەسانەی یارمەتیان دەدەن. نمونە: دادگا سبەینێ بەیانی بەردەوام دەبێت.

دادگای گەنغەر: ١. دادگایەکە کە تیایدا رێز لە یاسا ناگیرێت، بە ئارەزووی خۆیان سزای ئەو کەسە ئەدەن کە دەیانەوێت بیکەن بە تاوانبار. هیچ رێزێک لە مافی مرۆڤ و راستی ناگیرێت. نمونە: دزەکان دادگای کەنغەرەکەیان لە نیوەشەودا لە ناو دارستانەکە بەڕێوەبرد.

2. ئەم زارەوەیە ئەکرێت بۆ هەر دادگایەک بەکاربهێنرێت لە ناراستگۆیە و بنەماکانی یاسا و دادگەری دەخاتە ژێر پێی و وا دەردەکەوێت حوکمەکە پێشوەخت درابێت. نمونە: رۆژنامەکە رایگەیاند دادگاییەکە هیچ دادگەرییەکی تێدا نەبوو و تەنها دادگای کەنغەر بووە.

دادگایی کردن: فرمانی وشەی دادگایە، واتە جێبەجێکردنی دادگەری لەسەر کەسێک لە خانەی داد. نمونە: پێویستە حکومەت دادگایی پیاوەکە بکات پێش ئەوەی بە فەرمی بڕیار بدرێت کە جاسوسە.

دادگایی: لێکۆڵینەوە لە بەڵگە و یاسا بۆ بڕیاردان لە دۆزێک کە هێنراوەتە نێو خانەی داد. نمونە: دادگاییەکە خەریکە دەستپێدەکات.

دادوەر: کەسێک، زۆرجار پارێزەرێکی بەئەزموون، کە دەسەڵاتی سەرپەرشتیکردنی دادگایی و دۆزە یاساییەکانی تری پێدراوە و بەپێی بارودۆخەکە یاسا جێبەجێ دەکات. هەندێک جار دادوەر گوێ لە راستیەکان دەگریت پاشان بڕیارێکی یاسایی دەدات بەبێ دەستەی سوێندخۆران. نمونە: دادوەرەکە وتی پیاوەکە نەیتوانیوە بۆچوونی خۆی بڵێ و راستیەکان بگەیەنێت.

داکۆکیکار: کەسێک کە پشتگیری شتێک دەکات یان لە بەرژەوەندی شتێک قسە دەکات. نمونە: خاوەنی کۆمپانیەکە داکۆکیکاری مافی ژنان بوو.

دزین: بەکارهێنان یان بەرهەمهێنانەوەی کاری کەسێک بەبێ مۆڵەت و پرسی خۆیان بەمەبەستی پەیداکردنی پارە)بەنایاسایی) . کوڕە کە لە کاتی دزینی سی دیسکەدا گیرا کە دەیویست ساختەی بکات.

دڵسۆز: هەستێکی بەهێز دەربارەی شتێک وە ئارەزووی ئەوە بکەیت ماندونەناسانە هەوڵ بۆ کردنی کارێک بدەیت؛ پەیوەست. نمونە: ئەو دلسۆزبوو کە مافی مرۆڤ لە وڵاتەکەیدا باشتر بکات.

دیموکراسی: جۆرێکی حکومەتە کە خەڵک دەتوانن لە رێگەی دەنگدانەوە بەشداری لە شێوازی بەڕێوەبردنی وڵات بکەن. نمونە: لە سیستمی دیموکراسی ئیمەدا، بیروڕای هەموو کەسێک رێزی لێ دەگیرێت.

دەرفەت: هەلێکی باش؛ دۆخێکە کە یارمەتیت دەدات بگەیت بە ئامانجی خۆت. نمونە: کوڕە کە دەرفەتێکی هەیە کە فێری تۆپی پێ بێت. ۱۵۳

دەستبەسەرکراو: راگرتنی کەسێک یان گلدانەوە، نمونە: پیاوەکە ئەیویست بزانێت بۆچی دەستبەسەرکراوە.

دەستبەسەرکردن: حاڵەتی راگرتن و گلدانەوەی کەسێک. نمونە: پیاوەکە ئەیویست بزانێت بۆچی لە حاڵەتی دەستبەسەرکردندا ماوەتەوە.

دەستەی سوێندخۆران: کۆمەڵێک خەڵکن هەڵبژێردراون لە دادگایەکی یاساییدا گوێ لە بەڵگەکان بگرن پاشان بگەن بە بڕیارێک یان حوکمێک. نمونە: بۆ ئەوەی لە دەستەی سوێندخۆران بیت، پێویستە سەرنج لە راستی و بەڵگەکان بدەیت تا بەدوای راستیدا بگەڕێیت.

رادەربڕین: گەیاندنی بیروبۆچون و هەست لە رێگەی قسە کردن یان نووسین، هونەر، ئەدەب، هتد. نمونە: لەبەرئەوەی لە وشەسازیدا باشبوو، ماریا لێهاتوو بوو لە رادەربڕیندا.

رقی پێشوەخت: تێروارینێکی خراپ بەرامبەر کەسێک، پێش ئەوەی بیناسیت، لەسەر بنەمای هەڵە دەربارەی نەژاد، ئاین، هتد. نمونە: بەداخەوە، رقی پێشوەختی کچەکە نەیهێشت خۆشی لە کۆمپانیاکە و ئەو هەموو خەڵکە چاکە وەربگرێت.

رەگەز: نێر یان مێ. نمونە: قورسە رەگەزی چەند باڵندەیەک دیاریبکرێن.

ژیان: بارودۆخێکە زیندەوەر و رووەک لە نازیندەوەران جیادەکاتەوە، وەک گەشەکردن و گۆڕانی بەردەوام پێش مردن؛ حاڵەتی زیندوبوون وەکو مرۆڤ. نمونە: نایەوێت بمرێت، ژیانی خۆشدەوێت.

سانسۆر: واتە پشکنینی کتێب, وتار، چیرۆکی هەواڵ، فیلم، ئیمێل، هتد. بۆئەوەی گۆڕانکاریان تێدا بکرێت یان لاببرێن تا خەڵک نەیانبینن یان نەیانخوێننەوە، چونکە کەسێک پێیوایە زیانبەخشن. نمونە: بەشی کارگێڕی لەوانەیە ئەو کتێبانە سانسۆر بکات کە لە کتێبخانەکەدان.

سەرکەوتن: ئەنجامێکی باش، کۆتاییەکی چاک دوای کارکردن بۆ شتێک، هەستی سەرکەوتن و بەدیهێنان. نمونە: سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا لە بڕینی مەلەوانگەکە بە مەلە.

سەلامەت: دوور لە مەترسی یان زەرەر و زیان، حاڵەتێک کە کەسێک مەترسی یان خەمی زەرەر و زیانی نەبێت. نمونە: لە ناو قەڵای سەر شاخەکە، سەلامەتین و مەترسیی گێژەڵۆکەکەمان نیە.

سەلماندن: پیشاندانی راست و دروستی شتێک. نمونە: کوڕەکە توانی بیسەلمێنێت کە کچەکە جەڕەسەکەی خستە کار.

شکۆ: هەستی ڕێز و شانازی. نمونە: هەرچەندە زۆر هەژار بوو، بەڵام دایکەکە شکۆی خۆی پاراست.

قسە و قسەڵۆک: واتە واتێکی بێ سوودە دەربارەی کەسانی تر و ژیانی تایبەتیان کاتێک خۆیان لە ڕوو نین. بەتایبەتی بەکارهێنانی زانیاری هەڵە و نادروست تا کەسەکە تەریقبکەیتەوە یان لە کەسایەتی بدەیت. نمونە: پیاوەکان قسە و قسەڵۆکیان بۆ بەڕێوەبەرەکەیان هەڵدەواسی تا بەڕێوەبەرەکە هاتە ژوورەوە.

قسەڵۆک: قسەیەکە کە کراوە، لەوانەیە ڕاست بێت و لەوانەیە ڕاست نەبێت. نمونە: قسەڵۆکێکی هەڵبەستراو بوو کە وتیان ژنەکە لە زیندان بووە.

قوتابخانەی سەرەتایی: لە زۆربەی وڵاتان، واتە خوێندنی بنەڕەتی لە دوای باخچەی ساوایان تا پۆلی ٦. تەمەنی ئاسایی قوتابخانەی سەرەتایی لە شەش ساڵی دەستپێدەکات تا ١٢ ساڵی. نمونە: لە قوتابخانەی سەرەتایدا فێری نووسین و خوێندنەوە و کۆکردنەوە دەبین.

کاڵبوونەوە: لەدەستدانی ڕەنگ و کێش و بەهای شتێک. نمونە: یەکسانی لە زۆربەی دام و دەزگاکانی وڵاتدا کاڵبووەتەوە.

کلتور: هونەر، موسیقا، ئەدەب (نوسینە کاریگەر و بەبەهاکانی کۆمەڵگا)، بیرۆکە، پێشکەوتنی زانستی و دروستکراوەکانی تری گەلێک یان خەڵک بە گشتی. نمونە: زۆر دڵم بە کلتور خۆشە کاتێک لەگەڵ هاوڕێکانم گوێ لە مۆسیقا دەگرم.

کۆبوونەوە: دانیشتن لەگەڵ کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک تا باسی پلان یان کارێک بکەن. نمونە: با هەفتەی داهاتوو کۆبینەوە و پرۆژە لەسەر چەند گۆڕانیەک بکەین.

کۆبوونەوە: گردبوونەوەی خەڵک بە مەبەستی باسکردنی بابەتێک یان کارکردن بۆ مەبەستێکی هاوبەش؛ کۆبوونەوەیەکی مرۆییە بۆ کارکردنی هاوبەش بۆ بەدیهێنانی ئامانجێک. نمونە: کۆبوونەوەی هاوڕێکانی لە پارکەکە بوو بە بناغەی دامەزراندنی یانەی مافی مرۆڤ.

کۆرس: دووبارەکردنەوەی بەشێکی گۆرانی، بەتایبەتی لە لایەن هەموو گۆرانیبێژەکانەوە بەیەکەوە. نمونە: کۆرسەکە چەند جارێک دووپارە دەکرێتەوە لە لایەن هەموو قوتابیەکانەوە.

کۆمەڵایەتی: واتە ژیان لەگەڵ مرۆڤی تر لە شێوەی گروپێک یان چەند گروپێکدا، هاریکاری و کارلێکی مرۆڤ لەگەڵ یەکتردا یان لە شێوەی گروپی جیا جیا. نمونە: خوێندنی کۆمەڵایەتی لەخەڵک و شێوازی ژیانی خەڵک دەکۆڵێتەوە.

کۆیلایەتی: سیستمێکە فشار لە خەڵک دەکات کاربکەن، زۆرجار بەرامبەر هەقدەستێکی کەم یان بێ هەقدەست؛ بە بەکارهێنانی هەڕەشە، درۆ یان فێڵ تا وا لە خەڵک بکات بە جۆرێکی نائارەزوومەندانە خزمەتی بەرژەوەنیەکی دیاریکراو بکەن. نمونە: کۆیلایەتی لە چەندین وڵات بوونی هەیە.

کێشمەکێش: هەوڵدانی زۆر بۆ مانەوە لە ژیاندا، یان سەرکەوتن بەسەر بەربەستێکدا. نمونە: دایکەکە هەموو ژیانی کێشمەکێش بوو بۆ دابینکردنی خواردن بۆ خێزانەکەی.

کەم ئەندام/ کەم ئەندامی: دۆخێکە کە کەسێک ناتوانێت بە شێوازێکی ئاسایی بجوڵێت، کاربکات یان هەڵسوکەت بکات؛ نەبوونی توانای ئەنجامدانی هەندێک کاری بنەڕەتی رۆژانە بە ئاسایی. نمونە: کچە کەم ئەندامەکە، هەرچەندە لەسەر کورسی بوو، بەڵام یەکەمی پۆلەکەی خۆیانە و هەمووان خۆشیان دەوێت.

گەڕان: هەوڵدان بۆ دۆزینەوە یان بەدەستهێنانی شتێک. نمونە: جۆرج بەدوای قوتابخانەیەکدا دەگەڕێت کە کتێب و کتێبخانەی باشی تێدابێت، چونکە قوتابخانەکەی خۆی کتێبی کەمی لێیە.

گەردونی: بۆ هەموومانە. نمونە: پێویستی خواردن پێویستیەکی گەردونیە.

لاسایی کردنەوە: کردنی کارێک بە هەماش شێوازی کەسێکی تر، تا هەوڵ بدەیت وەک ئەو کەسە دەرکەویت. نمونە: پێویست ناکات لاسایی کەس بکەیتەوە. هەموومان وەک خۆمان جوانین.

ماف: ویست (ئەو شتانەی لە رووی یاساوە رێگەت پێدراوە خاوەنیان بیت) یان ئازادی بوون یان هەبوونی شتێک. نمونە: مافەکانی بە یاسا پارێزراون.

مافی لەبەرگرتنەوە: مافێکی یاساییە کە تەنها یەک کەس دەتوانێت نووسین، کارێکی هونەری، فۆتۆگرافێک، پارچە مۆسیقایەک یان هەر کارێکی هونەری کۆپی بکات. ئەگەر تۆ دروستت کردووە، ئەوە هی تۆیە. مەگەر خۆت مۆڵەت بدەیت بە کەسێک کۆپی بکات. نمونە: مافی لەبەرگرتنەوە دەتپارێزێت لەو کەسانەی دەیانەوێت بە فرۆشتنی گۆرانیەکانت پارە بۆ خۆیان پەیدا دەکەن.

مافی مرۆڤ: هەموو کەسێک دەبیت چەند مافێکی بنچینەیی هەبێت، تەنها لەبەر ئەو راستیە سادەیەی کە ئەو کەسە مرۆڤە. بەمانە دەڵێن مافی مرۆڤ. ئەمانە مافی باڵا نین کە کەسێک ویستی لێت وەربگرێتەوە. ئەمانە مافن چونکە تۆ بەشێوەیەکی یاسایی و ئەخلاقی خاوەنی ئەو مافانەیت و پەیوەندی بە بوونتەوە هەیە. نمونە: بەبێ زانینی مافی مرۆڤ، قورسە بتوانیت پارێزگاریان لێ بکەیت و پیادەیان بکەیت.

مرۆڤ: پەیوەندیدار یان خاسیەتەکانی خەڵک و ئادەمیزاد. نمونە: ئێمە لەبەر خاتری مانەوەی رەگەزی مرۆڤ خەڵک فێردەکەین.

مشتومڕ: گفتوگۆیەکی ئاشکرای ڕێکخراوە دەربارەی شتێک، زۆربەی جار دوو کەس یان دوو تیمن کە هەریەکەیان بیروڕایەکی جیاوازیان هەیە دەربارەی شتێک و بە سەرە قسە دەکەن. نمونە: مشتومڕەکە دەستیپێکرد دوای ئەوەی هەردوو تیمەکە تەوقەیان لەگەڵ یەکتر کرد.

موچە: ئەو بڕە پارەیە لە پاداشتی کارێکدا وەریدەگریت. نمونە: بە چاودێریکردنی ئاژەڵە ماڵیەکانی خەڵک،موچەیەکی باش پەیدا دەکات.

مۆڵەتی مانەوە: پاراستن و پەناگە لە مەترسی یان زیان بە دابینکردنی شوێنێک بۆ ژیان و گوزەران. نمونە: کە هەڕەشە کەوتە سەر مافەکانی، نووسەرەکە داوای مۆڵەتی مانەوەی لە ئوستورالیا کرد.

نەتەوایەتی: ئەو دۆخەیە کە کەسێک سەر بە نەتەوەیەکی دیاریکراوە. نمونە: چونکە هاوڵاتی ئیسپانیایە، مافی نەتەوایەتیی ئیسپانی هەیە.

نەتەوە یەکگرتووەکان: ڕێکخراوێکە لە چەندین وڵات پێکهاتووە کە ڕێکەوتوون کار بۆ ئاشتی و مافی مرۆڤ بکەن بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی. نمونە: بە یارمەتی نەتەوە یەکگرتووەکان چەندین وڵات ڕێگرییان لە شەڕ کردووە.

هاوڵاتی: کەسێک کە مافی ژیانی هەیە لە وڵاتێکدا چونکە لەوێ لەدایکبووە یان چونکە هەموو مافێکی لەو وڵاتەدا پێ بەخشراوە. نمونە: من هاوڵاتیی فەڕەنسام.

هونەر: جۆرێکە لە دەربڕین بە دروستکردنی کاری جوان و خەیاڵی یان بە مەبەستی گەیاندنی بیرۆکەیەکی نوێ بە شێوازێکی داهێنەرانە. نمونە: هونەر جیهان جوانتر و خۆشتر دەکات.

هێمن: دۆخێکی ئارام کە هەمووان پابەندی یاسا دەبن و ڕێز لە یەکتر دەگرن. نمونە: کە هێمنی هەبوو لە شارەکەماندا، دەتوانین بێ خەم بسوڕێینەوە.

هەرەوەزی: لە لایەن دوو کەس یان زیاترەوە پلانی بۆ دانراوە و جێبەجێ کراوە، بۆ هێنانەدی یەک ئامانج. نمونە: تیمەکە بەهۆی هەوڵی هەرەوەزیی هەموو ئەندامەکانیەوە بردیەوە.

یاسا: کۆمەڵێک ڕێسایە لە لایەن حکومەتەوە دەرکراوە بۆ هەموو خەڵکی ناوچەیەک، ئێستا لە لایەن ئەو کەسانەوە دادەڕێژرێت کە خەڵک هەڵیان دەبژێرن. نمونە: کاتی خۆی یاسا لە لایەن شا و شازنەوە دادەڕێژران، ئێستا لە لایەن ئەو کەسانەوە دادەڕێژرین کە لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن.

یەکسان: هەبوونی هەمان بارودۆخ، ماف یان دەرفەت وەک هەر کەسێکی دیکە. نمونە: هەردوو کچەکە دەرفەتی یەکسانیان هەیە بۆ وەرگرتنیان لە پێشبڕکێی تێنس.

یەکسانی کۆمەڵایەتی: هەبوونی دەرفەتی یەکسان لە کۆمەڵگا، بۆ هاوسەرگیری، دۆزینەوەی کار، هتد. نمونە: بە هەبوونی یەکسانی کۆمەڵایەتی هەموو کەسێک دەرفەتی هەیە بەپێی لێهاتوویی خۆی کار بدۆزێتەوە.

یەکگرتوو: پێکەوە بەستراوو، کارکردن وەک تیم بۆ هێنانەدی ئامانجێک؛ هەبوونی ڕێکەوتنێک و کارکردنی بەکۆمەڵ لە ژێر سایەی ئەو ڕێکەوتنە. نمونە: ئەگەر قوتابیەکان یەکگرتوو بن، ئەوە دەتوانن ئامانجی زیاتر بەدەست بێنن.

یەکێتیی کرێکاران: کۆمەڵێک کرێکار یەکدەگرن تا گوزەرانی ئەو کۆمپانیا باشتر بکەن کە کاری لێ دەکەن. بۆ نمونە، یەکێتیی کرێکاران دەتوانیت لەگەڵ کاربەدەستانی کۆمپانیاکە قسە بکات تا موچەی کرێکاران باشتر بکەن. وەک کۆمەڵەیەکی یەکگرتوو، دەسەڵاتێکی زیاتریان هەیە کە گوزەرانی خۆیان باشتر بکەن لە کۆمپانیاکەدا. کرێکاران: کۆمەڵێک کەسن پێکەوە لە شونێکدا وەک هێزی کار کاردەکەن. یەکێتی: کۆمەڵێک کەسن یەکدەگرن و دەبن بە یەک. نمونە: یەکێتی مامۆستایان دەتوانێت تێبکۆشێت بۆئەوەی هەموو مامۆستایەک مێزی تایبەت بە خۆی هەبێ تا کاری لەسەر بکات.

پەیوەندی نێوان بنەماکانی مۆدێلی پەروەردە
بە وانەکانی مافی مرۆڤ چیە؟

لە : Education World, **educationworld.com/standards**

وانەی یەک
خوێندنی کۆمەڵایەتی

NSS-C.5-8.4 — نەتەوەکانی تر و کاروباری جیهان:

- ئەم جیهانە چۆن لەرووی سیاسیەوە رێکخراوە؟
- نەتەوە یەکگرتووەکان چۆن کاریگەری لەسەر نەتەوەکان دادەنێت و نەتەوەکانی تر چۆن کاریان لە سیاسەت و کۆمەڵگای ئەمەریکی کرد؟

NSS-WH.5-12.9 — لە گەڕان بەدوای کۆمەڵگا و سەقامگیری و ئاشتی تێدەگات لە جیهانێکی سەربەخۆدا.

NSS-USH.5-12.8- — لە هۆکار و ئاڕاستەکانی جەنگی جیهانی دووەم، کارەکتەرەکانی جەنگ لە ناوەوە و دەرەوە، وە رۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە دارێژانەوەی پەیکەری کاروباری جیهانی تێدەگات.

NSS-C.5-8.5 — رۆڵی هاوڵاتیان:

- مافی هاوڵاتیبوون چیە؟
- مافی هاوڵاتیان چیە؟
- ئەرکی هاوڵاتیان چیە؟

وانەی دوو:
خوێندنی کۆمەڵایەتی

NSS-WH.5-12.9 — لە گەڕان بەدوای کۆمەڵگا و سەقامگیری و ئاشتی تێدەگات لە جیهانێکی سەربەخۆدا.

NSS-USH.5-12.8 — لە هۆکار و ئاڕاستەکانی جەنگی جیهانی دووەم، کارەکتەرەکانی جەنگ لە ناوەوە و دەرەوە، وە رۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە دارێژانەوەی پەیکەری کاروباری جیهانی تێدەگات

NSS-C.5-8.5 — رۆڵی هاوڵاتیان:

- مافی هاوڵاتیبوون چیە؟
- مافی هاوڵاتیان چیە؟
- ئەرکی هاوڵاتیان چیە؟
- چی ئاڵۆگۆڕێک یان گۆڕانی کەسی گرنگ پێویستە بکرێت تا دەستوری دیموکراسیی ئەمەریکا بپارێزێت و بەرەوە پێشتری ببات؟
- هاوڵاتیان چۆن دەتوانن بەشداری لە ژیانی مەدەنی بکەن؟

وانەی سێ:
خوێندنی کۆمەڵایەتی

NSS-G.K-12.4 — لە هەمەچەشنیی خاسیەت و بڵاوبونەوە و ئاڵۆزی کلتورەکانی سەر گۆی زەوی تێدەگات.

هونەرەکانی زمان

NL-ENG.K-12.7 — زانیاریی هەڵسەنگاندن: قوتابیان لێکۆڵینەوە پێشکەش بکەن لەسەر کێشە و ئاڕەزووەکان بە وروژاندنی بیرۆکە و پرسیار و لەبەرچاوگرتنی کێشەکان. دەتوانن لە سەرچاوەی جیاوازەوە (وەک، دەقی چاپکراو و چاپنەکراو، بەرهەمی هونەری، خەڵک) زانیاری کۆبکەنەوە و هەڵیبسەنگێنن و یەکیبخەن بۆ گەیاندنی داهێنراوەکانیان بە شێوەیەک کە لەگەڵ ئامانج و بینەرەکانیاندا بگونجێت.

وانەی چوار
خوێندنی کۆمەڵایەتی

NSS-USH.5-12.9 — لە خەبات بۆ یەکسانیی رەگەز و نەژاد و فراوانبوونی ئازادیی مەدەنی تێدەگات.

هونەرەکانی زمان

NL-ENG.K-12.1 — خوێندنەوە لە پێناوی تێڕوانین: قوتابیان ژمارەیەکی زۆر لە دەقی چاپکراو و چاپنەکراو دەخوێننەوە تا خۆیان لە کلتوری ویلایەتە یەکگرتووەکان و جیهان تێبگەن، تا زانیاری نوێ بەدەستبێنن، تا وەڵامی پێداویستی و خواستەکانی کۆمەڵگا و شوێنی کار بدەنەوە، تا بە ئامانجە تایبەتیەکانی خۆیان بگەن. لە نێوان ئەم دەقانەدا، دەقی خەیاڵی، ناخەیاڵی، کلاسیکی و هاوچەرخ هەیە.

وانەی پێنج
خوێندنی کۆمەڵایەتی

NSS-C.5-8.3 — یاسا لە کوێی سیستمی دەستوری ئەمەریکادا جێگەی دەبێتەوە؟

وانەی شەش:
جوگرافیا

NSS-G.K-12.2 — شوێن و ئاین:

- پێویستە قوتابیان لە خاسێتە مرۆیی و فیزیکیەکانی ئەو شوێنانە تێبگەن؟
- پێویستە قوتابیان تێبگەن کە چۆن کلتور و ئەزموون کاریگەری لەسەر تێڕوانینی خەڵک هەیە دەربارەی شوێن و ئاین.

NSS-G.K-12.4 — سیستمەکانی مرۆڤ: پێوسیتە قوتابیان لە هەمەچەشنیی خاسیەت و بڵاوبونەوە و ئاڵۆزی کلتورەکانی سەر گۆی زەوی تێبگەن.

هونەرەکانی زمان

NL-ENG.K-12.5 — ستراتیجیەکانی پەیوەندی: قوتابیان مەودایەکی فراوانی ستراتیجی پەیڕەو دەکەن کاتێک دەقێک دەنووسن و ڕەگەزەکان پڕۆسەی نووسین بە گونجاوی بەکاردەهێنن بۆ پەیوەندی بەستن لەگەڵ بینەری جیاواز و مەبەستی جیاواز.

خوێندنی کۆمەڵایەتی

NSS-C.5-8.5 — ڕۆڵی هاوڵاتیان:

- مافی هاوڵاتیان چیە؟
- ئەرکی هاوڵاتیان چیە؟

وانەی حەوت:
هونەرەکانی زمان

NL-ENG.K-12.4 — هونەرەکانی پەیوەندی: قوتابیان نووسین و خوێندنەوە و زمانی وێنەیی (وەک گفتوگۆ، شێواز، وشەسازی) خۆیان ڕێکبخەن تا بە شێوەیەکی کاریگەر پەیوەندی بەستن لەگەڵ بینەری جیاواز و مەبەستی جیاواز.

NL-ENG.K-12.12 — پیادەکردنی هونەرەکانی زمان: قوتابیان نووسین و خوێندنەوە و زمانی وێنەیی بەکاردێنن بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆیان (وەک فێربوون، خۆشی، قایلکردن و ئاڵوگۆڕی زانیاری).

وانەی هەشت:

هونەرەکانی زمان

NL-ENG.K-12.4 — هونەرەکانی پەیوەندی: قوتابیان نووسین و خوێندنەوە و زمانی وێنەیی (وەک گفتوگۆ، شێواز، وشەسازی) خۆیان ڕێکبخەن تا بە شێوەیەکی کاریگەر پەیوەندی بەستن لەگەڵ بینەری جیاواز و مەبەستی جیاواز.

تەکنەلۆجیا

NT-K-12.2 — کێشە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و مرۆییەکان:

- قوتابیان لەو کێشە ئەخلاقی و کلتوری و کۆمەڵایەتیانە تێدەگەن کە پەیوەندیان بە تەکنەلۆجیاوە هەیە.
- قوتابیان ڕاهێنان لەسەر بەکارهێنانی بەرپرسیارانەی بەرنەمە و زانیاری و سیستمی تەکنەلۆجی دەکەن.
- قوتابیان بە شێوەیەکی زیاتر لە ڕۆڵی تەکنەلۆجیا تێدەگەن وەک ئامرازی فێرکردنی درێژخایەن، هاریکاری، بەدیهێنانی ئامانجی تاکەکەسی و داهێنان.

وانەی نۆ

هونەرەکانی زمان

NL-ENG.K-12.12 — پیادەکردنی هونەرەکانی زمان: قوتابیان نووسین و خوێندنەوە و زمانی وێنەیی بەکاردێنن بۆ گەیشتن بە ئامانجی خۆیان (وەک فێربوون، خۆشی، قایلکردن و ئاڵوگۆڕی زانیاری).

هونەرە جوانەکان

NA.5-8.8 — تێگەیشتن لە پەیوەندیەکانی نێوان مۆسیقا، هونەرەکانی تر، دسیپلینەکانی دەرەوەی هونەر: قوتابیان باسی هەر یەک لە ڕێگاکانی بنەما و بابەتەکانی تر دەکەن کە لە قوتابخانە وتراونەتەوە و لەگەڵ مۆسیقا پێکەوە بەستراون (وەک هونەرەکانی زمان، کێشەکانی بەردەم وەرگێڕانی دەق بۆ مۆسیقا، بیرکاری، لەرە ڕێژەییەکانی مۆسیقا، زانست، پرۆسەی بیستنی مرۆڤ و مەترسیەکان لەسەر بیستن، خوێندنی کۆمەڵایەتی، ڕوداوە کۆمەڵایەتی و مێژوویی‌یەکان و بزوتنەوەکان بەپێی ڕیزبەندی مێژووی یان ئەو بزوتنەوانەی کاریگەری شاکارەکانی مۆسیقایان لەسەر بووە.

وانەی دە:

هونەرەکانی زمان

NL-ENG.K-12.11 — بەشداریکردن لە کۆمەڵگا: قوتابیان وەک ئەندامێکی کۆمەڵەیەکی خوێندەواری هۆشیار، بەسوود، داهێنەر و گرنگ بەشداری دەکەن.

هونەرە جوانەکان

NA-VA.5-8.1 — تێگەیشتن و پیادەکردنی پرۆسە و تەکنیک و میدیا:

- قوتابیان پرۆسە و تەکنیک و میدیا هەڵدەبژێرن؛ لەوە دەکۆڵنەوە کە چی دەیانکات کە ئامرازێکی کاریگەری گەیاندنی بیرۆکە و چی سستیان دەکات، وە لە کاریگەریی بژاردەکانی خۆیان دەکۆڵنەوە.
- قوتابیان بە ئەنقەست سوود لە خاسیەت و شێوازەکانی میدیا و تەکنیک و پرۆسە وەردەگرن تا گەیاندنی ئەزموون و بیرۆکەی خۆیان بەرەو پێش ببەن.

وانەی یازدە:

تەندروستی

NPH-H.5-8.5 — بەکارهێنانی هونەرەکانی پەیوەندی بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی:

- رووبەرەکەر کە چۆن هەڵسوکەوتی خێزان و هاوتەمەنەکانمان کاریگەری لەسەر پەیوەندیە کەسیەکان هەیە.
- رێگا تەندروستەکان بۆ دەربڕینی پێداویستی و خواست و هەست رووبەرەکەرەوە.
- رێگاکانی گەیاندنی گرنگیدان و ڕێز لە خۆت و ئەوانی تر رووبەرەکەرەوە.
- هونەرەکانی پەیوەندی بۆ دروستکردن و پاراستنی پەیوەندیی تەندروست رووبەرەکەرەوە.
- ستراتیجەکانی چۆنێتی مامەڵەکردنی تەندروست لەگەڵ کێشە و ململانێکان رووبەرەکەرەوە.

پرۆتۆکۆڵی هەڵسەنگاندن

هەڵسەنگاندنی پێشوەخت، کە لە بەشی پێشتر "پێش دەستپێکردن،" دراوە، پێویستە ئەنجام بدرێت بە بێ گوێدانە ژمارەی ئەو هەڵسەنگاندنانەی لەم بەشەدا دیاریکراون.

ماموّستا یان سەرۆک تیم کە حەزدەکات زیاتر ئەنجامی وانەکان پشتراست بکاتەوە کە لەم نامیلکەوە گەیاندوێتی بە قوتابیەکان دەتوانێت ئەم هەڵسەنگاندنە زیادانە بکات کە لێرەدا داواکراون. ئەگەر هەموو هەڵسەنگاندنەکان بکەیت کە لێرەدا دیاریکراون، هەڵسەنگاندنی پێشوەخت پێویستە دوای هەموویان بکرێت، وەک لەم بەشەدا پیشاندراوە. ئەم پرۆتۆکۆڵی هەڵسەنگاندنانە یارمەتیت دەدەن کە وانەی مافی مرۆڤ لای کارگێڕی قوتابخانە و بەشی پەروەردە پڕبایەختر بکەیت. هەروەها لە کاتی گەڕان بەدوای پشتیوانی و یارمەتی دارایی بۆ پرۆگرامی پەروەردەیی مافی مرۆڤ لەسەر بنەمای ڕێبەری فێرکەر یارمەتیت دەدەن.

هەر هەڵسەنگاندنێک ڕاهێنانێکی دووبەشە: هەڵسەنگاندنی پێش کۆرس و پاش کۆرس. هەڵسەنگاندنی پاش کۆرس هەر وەک هەڵسەنگاندی پێش کۆرس جێبەجێ دەکرێت.

زۆر گرنگە کە ئەنجامەکان زۆر وردبن و دوای مافی مرۆڤ چیە؟ لەگەڵ یەکگرتن و دوای تەواوکردنی بەشەکان هەمان ڕێکار بۆ هەڵسەنگاندنەکان دووبارە بکەیتەوە کە پێشتر جێبەجێتکردوە.

دوای تەواوبوونی پرۆگرامەکە دەتوانیت ئەنجام و ئاماژەکان بکەیت بە بەڵگە و ڕێژەی ئەو سەرکەوتنە دیاری بکەیت بە بەدەستت هێناوە.

ئاماری هەڵسەنگاندن

ڕێنمایی:

ئاماره پەیوەندیدارەکان ڕوونبکەرەوە، وەک:

- ئامادەبووان
- لێپێچینەوەکان
- هەڵپەساردن

ئاماره پەیوەندیدارەکان بۆ ماوەی سێ مانگ لە تۆماری خۆت یان تۆماری کارگێڕی قوتابخانە کۆبکەرەوە. ئەگەر تۆماری سێ مانگ نەبوو، دەتوانیت بۆ ماوەی یەک مانگ بیکەیت.

دوو دەستە ئامار کۆدەکەیتەوە و بەراودیان دەکەیت. دەستەیەکیان ئاماری چالاکیەکانی پێش وانەکانە و ئەوی تریان دوای وانەکان.

هەڵسەنگاندنی بیرکردنەوەی سەربەخۆ

ڕێنمایی:

١. باسی وانەکانی مافی مرۆڤی داهاتوو بۆ قوتابیان مەکە. بە هیچ شیوەیەک باسی مافی مرۆڤ مەکە.

٢. مەلزەمەی "کێشە/ چارەسەر" بەسەر قوتابیەکاندا دابەش بکە. داوا لە قوتابیەکان بکە بەوپەڕی توانای خۆیان پڕیبکەنەوە. جەخت بکەرەوە کە ئەمە تاقیکردنەوە نیە. دەتوانن وەڵامێک بنووسن یان تەنها بنووسن، "دڵنیا نیم." گرنگ نیە قوتابیان ناوی خۆیان بنووسن، بەڵام پێویستە بەرواڕەکە بنووسن.

٣. لەگەڵ هەر هەڵسەنگاندنێکدا، پێویستە بەراوردی "پێش و دوا" هەبێت. هەمان هەڵسەنگاندن دەکەیت دوای تەواوبوونی هەر بەشێک.

٤. دوای ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنەکە، بە دروستکردنی خشتەی ڕێژەی سەدیی وەڵامەکانی "ا" وەڵامەکان بەراود دەکەیت.(لە جیاتی ڕێژەی سەدی، دەتوانیت هەژمارێکی ژمارەیی سادەی وەڵامەکان بکەیت و بزانە لە کۆی گشتی وەڵامەکان چەندیان وەڵامدراونەتەوە.) بۆ ئەم خشتەیە، خەمی ئەوەت نەبێت وەڵامەکە چیە یان شێوازی وەڵامەکە چۆنە، تەنها بزانە چەند وەڵامت هەیە لە پێش و چەند وەڵامت هەیە لە پاش وانەکان.

٥. ئێستا ڕێژی سەدیی وەڵامی "بەڵێ" بۆ پرسیارەکانی "ب" بکە بە خشتە. ئەنجامی پێش و پاش بەراورد بکە.

٦. ئێستا ڕێژەی سەدیی چارەسەرەکانی 'ب' بکە بە خشتە.

٧. دواتر هێلکاریەک دروست بکە و ئەنجامەکان بخەڕوو.

٨. دواتر، دەتوانیت شێوازی وەڵامەکان هەڵبسەنگێنیت و تێبینی خۆت بە چەند نمونەیەک بنووسیت.

کێشە/ چارەسەر

بەروار: _____

ڕێنمایی: ئەمە تاقیکردنەوەنیە. ئەگەر وەڵامت لانیە، تەنها بنووسە "دڵنیا نیم" یان "نازانم." (بەپێی پێویست پەڕە بەکاربهێنە.)

١ا. باسی کێشەیەکی جیهان بکە لە ئەمڕۆدا.

_____

١ب. ئایا چارەسەرێک هەیە بۆ ئەم کێشە؟ (یەکیان بخەرە ناو بازنە) بەڵێ نەخێر

١پ. ئەگەر هەیە، چارەسەرەکە چیە؟

_____

_____

٢أ. باسی کێشەیەکی کۆڵانەکەت بکە.

_____

٢ب. ئایا چارەسەرێک هەیە بۆ ئەم کێشە؟ (یەکیان بخەرە ناو بازنە.) بەڵێ نەخێر

٢پ. ئەگەر هەیە، چارەسەرەکە چیە؟

_____

_____

٣أ. باسی کێشەیەکی قوتابخانەکەت بکە.

_____

٣ب. ئایا چارەسەرێک هەیە بۆ ئەم کێشە؟ (یەکیان بخەرە ناو بازنە.) بەڵێ نەخێر

٣پ. ئەگەر هەیە، چارەسەرەکە چیە؟

_____

_____

هەڵسەنگاندن بە پێوەری قوتابیان

یەکێک لە هەڵسەنگاندنە گرنگەکان، هەڵسەنگاندنی راستەوخۆی قوتابیانە. ئەرکی نووسینی وتاری بەرنامەی سەرکەوتووی مافی مرۆڤ لە وانەی یازدە بۆ وەچنگخستنی ئەم هەڵسەنگاندنەی قوتابیانە.

سەرکەوتنی قوتابیان یان هەستکردن بە بەرپرسیارێتی بەرامبەر مافی مرۆڤ، لەگەڵ یەک هەڵکردن، هێزی کاری هاوبەش و هەر وانەیەکی تر لە یەکگرتن یان مافی مرۆڤ چیە؟ فێربووبن دەکرێت هەرکاتێک بێت لە فۆڕمی سەرکەوتنی "فێربە کە یەکگرتوو بن" لە لایەن قوتابیانەوە تۆماربکرێت. پێویستە مەبەستی ئەم فۆڕمانە بۆ قوتابیان روونبکرێنەوە. فۆڕمەکان ئامادە بکە و بیخە بەردەم قوتابیان تا هەرکاتێک شتێکی ئەرێنیان هەبوو بتوانن تۆماری بکەن.

ئاگاداربە، ئەگەر قوتابییەک بە پەرۆش بوو یان هەر کاردانەوەیەکی ئەرێنی هەبوو بۆ وانەکان، هانی بدە لەسەر فۆڕمی سەرکەوتن بیانووسێت. سوپاسی بکە بۆ ئەم سەرکەوتنە.

ئەو فۆڕمی سەرکەوتنانە هەڵبگرە کە قوتابیان پڕیاندەکەنەوە و بۆ بەڵگەی ئەنجامی وانەکان سوودیان لێ وەربگرە.

هەڵسەنگاندنی زانیاریی کۆن

راپرسی قوتابیان بەکاربهێنە کە لە بەشی"پێش دەستپێکردن." دراوە. ڕێنماییەکان جێبەجێ بکە کە لەو بەشەدا دراون. راپرسی قوتابیان پێویستە ئەنجام بدرێت بێ ڕەچاوکردنی هەڵسەنگاندنەکانی تر. ئەمە گرنگترین هەڵسەنگاندنە بۆ بەکارهێنانی گشتی.

جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ

بۆ گەنجان کورتکراوەتەوە.

١. **هەموومان بە ئازادی و یەکسانی لەدایک دەبین.** هەموومان بە ئازادی لەدایک دەبین. هەموومان خەیاڵ و بیرۆکەی خۆمان هەیە. پێویستە بە یەک شێوە مامەڵەمان لەگەڵ بکرێت.

٢. **جیاوازیکردن قەدەغەیە .** ئەمە مافی هەموو کەسێکە، هەرچۆنێک بن.

٣. **مافی ژیان.** هەموومان مافی ژیانمان هەیە، وە دەبێت لە ئازادی و سەلامەتیدا بژین.

٤. **کۆیلایەتی قەدەغەیە.** کەس مافی ئەوەی نیە بمانکات بە کۆیلە. ناتوانین کەس بکەین بە کۆیلەی خۆمان.

٥. **ئەشکەنجەدان قەدەغەیە.** کەس مافی ئەوەی نیە ئازارمان بدات یان ئەشکەنجەمان بدات.

٦. **بۆ هەرکوێ بڕۆیت، مافت هەیە** منیش کەسێکم وەکو تۆ!

٧. **هەموومان لەبەردەم یاسادا یەکسانین.** یاسا بۆ هەموو کەس یەکسانە. دەبێت دادپەروەرانە مامەڵەمان لەگەڵدا بکات.

٨. **مافەکانت بە یاسا دەپارێزرێن.** هەموومان دەتوانین داوا لە یاسا بکەین یارمەتیمان بدات کاتێک دادپەروەرانە مامەڵەمان لەگەڵ ناکرێت.

٩. **دەستبەسەر کردنی نابەجێ قەدەغەیە.** کەس مافی ئەوەی نیە بەبێ هۆکارێکی گونجاو بمانخاتە زیندان و بەندمان بکات، یان لە وڵاتەکەی خۆمان دەربەدەرمان بکات.

١٠. **مافی دادگایی کردن.** ئەگەر دادگایی بکرێین، پێویستە ئاشکرا بێت. ئەو کەسانەی دادگاییمان دەکەن نابێ ڕێگە بە کەس بدەن پێیان بڵێ چی بکەن و چی مەکەن.

١١. **هەموومان بێ تاوانین تا ئەو ساتەی تاوانەکەمان لەسەر ساغدەبێتەوە.** نابێ کەس لەسەر کردنی شتێک لۆمە بکرێت تا لەسەری دەسەلمێنرێت. کاتێک کەسێک پێمان دەڵێت ئێمە کارێکی خراپمان کردوە، مافی ئەوەمان هەیە بەرگری لە خۆمان بکەین.

١٢. مافی ژیانی تایبەتی. کەس مافی ئەوەی نیە بەبێ هۆکارێکی باش بێتە ماڵەکەمان، نامەکانمان بکاتەوە یان خۆمان و خێزانەکانمان بێزار بکات.

١٣. **ئازادیی گەڕان.** هەموومان مافمان هەیە بۆ هەرشوێنێکی وڵاتی خۆمان بڕۆین و بە ئارەزووی خۆمان گەشت بکەین.

١٤. **مافی گەڕان بەدوای پەناگەی سەلامەت.** ئەگەر بە خراپی لە وڵاتی خۆمان هەڕەشەمان لێکرا، هەموومان ئەو مافەمان هەیە کە بڕۆین بۆ شوێنێکی سەلامەت بۆ وڵاتێکی تر.

١٥. **مافی نەتەوایەتی.** هەموومان ئەو مافەمان هەیە کە سەر بە وڵاتێک بین.

١٦. **هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان.** هەر کەسێکی پێگەیشتوو مافی هەیە هاوسەرگیری بکات و خێزان پێکبێنێت ئەگەر بیەوێت. ژن و پیاو هەمان مافیان هەیە کاتێک هاوسەرگیری دەکەن، وە کاتێک جیادەبنەوە.

١٧. **مافی خاوەندارێتیی کەلوپەلی خۆت.** هەموو کەس مافی هەیە خاوەنی شتی خۆی بێت یان هاوبەشی تێدا بکات. کەس ناتوانیت بەبێ هۆکارێکی گونجاو کەلوپەلەکانمان ببات.

١٨. **ئازادیی بیرکردنەوە.** هەموومان ئەو مافەمان هەیە بە بڕوامان بەوە بێت کە دەمانەوێت، ئایینی خۆمان هەبێت، یان بیگۆڕین ئەگەر بمانەوێت.

١٩. **ئازادیی ڕادەربڕین.** هەموومان مافمان هەیە کە بڕیاری خۆمان بدەین، بیر لەوە بەکەینەوە کە دەمانەوێت، و بۆچوونی خۆمان بە خەڵکی تر بڵێین.

٢٠. **مافی کۆبوونەوەی بەکۆمەڵ.** هەموومان مافمان هەیە هاوڕێکانمان ببینین و ئاشتیانە پێکەوە کار بکەین بۆ بەرگریکردن لە مافەکانمان. کەس ناتوانیت وامان لێبکات پەیوەندی بە گروپێکەوە بکەین ئەگەر نەمانەوێت.

٢١. **مافی دیموکراسی.** هەموومان مافمان هەیە لە حکومەتی و وڵاتەکەی خۆماندا بەشداربین. پێویستە ڕێگە بە هەموو کەسێکی پێگەیشتوو بدرێت کە سەرکردەی خۆی دیاری بکات.

٢٢. **ئاسایشی کۆمەڵایەتی.** هەموومان مافی هەبوونی توانای دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون، دەرمانی تەندروستی، پەروەردە و پەروەردەکردنی منداڵمان هەیە، لەگەڵ هەبوونی پارەی پێویست بۆ دابینکردنی یارمەتی تەندروستی لە کاتی نەخۆشی یان پیریدا.

٢٣. **مافی کرێکاران.** هەموو کەسێکی پێگەیشتوو مافی هەیە کارێک بکات، هەقدەستێکی گونجاوی هەبێت لە بەرامبەر کارەکەیدا، یان پەیوەندی بە یەکێتی کرێکارانەوە بکات.

٢٤. **مافی یاریکردن.** هەموومان مافی وەرگرتنی پشوومان هەیە لە شوێنی کارەکانمان تا بحەسێینەوە.

٢٥. **خواردن و پەناگە بۆ هەمووان.** هەموومان مافی ژیانێکی باشمان هەیە. دایک و منداڵان، بەتەمەنەکان، بێ کار و پەککەوتەکان، وە هەموو ئەو کەسانەی پێویستیان بە چاودێری هەیە.

٢٦. **مافی خوێندن.** خوێندن مافە. خوێندنی سەرەتایی پێوستە بێ بەرامبەر بێت. پێویستە دەربارەی نەتەوە یەکگرتووەکان فێربین تا لەگەڵ یەک بەردەوام بین. دایک و باوکمان دەتوانن شێوازی خوێندی ئێمە هەڵبژێرن.

٢٧. **مافی لەبەرگرتنەوە.** مافی لەبەرگرتنەوە یاسایەکی تایبەتە کە بەرهەمی هونەری و نووسینی کەسێک دەپارێزێت؛ تا ئەوانی تر نەتوانن بەبێ مۆڵەت لەبەری بگرنەوە. هەموومان مافی خۆمانە شێوازی ژیانی خۆمان هەڵبژێرین و لە ژێر سایەی داهێنراوەکانی هونەر و زانست و فێربووندا ئاسوودەبین.

٢٨. **جیهانێکی یەکسان و ئازاد بۆ هەمووان.** پێویستە بەرقەراری لە وڵات و هەموو جیهاندا هەبێت تا هەموان چێژ لە ماف و ئازادیەکانی خۆمان وەربگرین.

٢٩. **مافی بەرپرسیارێتی.** هەموومان ئەرکمان هەیە بەرامبەر خەڵکی تر، وە پێویستە ماف و ئازادیەکانیان بپارێزین.

٣٠. **هیچ کەس ناتوانێت ئەم مافانەت لێ زەوت بکات.**

Youth for Human Rights International 1920 Hillhurst Ave. #416, Los Angeles, CA 90027 USA
(323) 663-5799 • info@youthforhumanrights.org • **youthforhumanrights.org**

© Youth for Human Rights International 2009. هەموو مافەکانی پارێزراون.

زانیاریی پەیوەندیکردن

بۆ داواکردنی نامیلکە و دی ڤی دی زیاتر، پەیوەندی بکە بە:

Youth for Human Rights International
1920 Hillhurst Ave. #416
Los Angeles, CA 90027 USA
Phone: (323) 663-5799
youthforhumanrights.org
e-mail: **info@youthforhumanrights.org**